# رایەکی دی

فەرمان ساڵح

**کولتوری** زەبرو زەنگ و دڵڕەقی، وێناکردنی قێزەونییەکانی ژیانە لە پانتایی جیاوازییە فەرهەنگی و میتافیزیکییەکان، کاتێکیش ئەوچەمکە لە ئیدیۆمێکی زمانەوانییەوە دەگۆڕێ بۆ کردەیەکی نەرێنی، ژیان بەهەموو جوانییەکانییەوە دەبێتە بازنەیەکی نۆڕماڵی بێهودەیی و مرۆ لە پیرۆزییەکان بەتاڵ دەکاتەوە، ئێمەی رۆژهەڵاتی تا سەرئێسقان لە دڕدۆنگی و نابەرابەری کۆمەڵایەتی ئاخنراوین، ئەمیش بەهۆی کولتوری دڵڕەقی و قبووڵنەکردنی ئەوی دی جیاواز بە هەموو رەنگ و جۆرو بارستاییەکانەوە. ئێمە رۆبۆتێکی دروستکراوی دەستی داب و نەریت و کۆمەڵگاین و هەمیشە لە سووچێکی ئیتاری شەڕەنگێزییەکاندا فێری ئەلف و بێی توندوتیژی دەکرێین و لە ئەوین و ژیان و مانا جوانەکانی ژیاریی تێناگەین، جا ئەمە بەهۆی پێکهاتە فیسۆلۆژیەکانمانەوە بێت، یا زمانی بەتاڵ لەلۆژیك و بیرکردنەوەی تەسك بینا نەمانەوە، لەوانەشە لەدەرەوەی ئیرادەی ئێمەوە هەستێك هەبێت بەرەو ئاقاری نائومێدیمان ببات و وامان لێبکات باکمان بەژیان نەبێت، کاتێکیش هەموو ئەوشتانەی بە پیرۆزیی سەیریان دەکەین دەبنە کائینێکی زەوتکراو، ئەودەمە بێئاگایی دەبێتە هاوکێشەیەکی شیکارنەکراوی پڕ لەتوندو تیژیی، ئیدی ئێمەش رادەستی قەدەر دەبین و باکمان بەئەوین و جوانییەکان نامێنێت، تێگەیشتن زۆر لەوە ئازیزترە جێناوەکان بە فیشەك لەگەڵ یەك بدوێن و کوشتن بچوکترین چەکی تۆڵەکردنەوە بێت لە بەرامبەرەکەمان، رۆژانە لەچوار دیواریماڵەکاندا لەسەر هەندێ چەمکی ناڕێزمانی وەك شەڕەف و پیاوەتی جەستەی ناسکی مرۆکان شەلاڵی خوێن دەکرێن، جا چ شتێك لەوە گەمژەییترە منی باوك بشێم خوێنی کچەکەم حەلاڵ بکەم، یا هەندێ دەستەواژەی رتوشکراوی بێ مانا بەژیان ببەستمەوە، بۆ من، تۆ، ئەو، ئەوان ژیان ئازیزە، بەلام تائەو رادەیەی لێبوردەیی پانتایی جوانی دیوی ژوورەوەی دەروونەکانمان بێت و پڕ نەبین لەبیری خەستی رەتکردنەوەی بەرامبەرەکانمان، خافڵگیری و بەجێمانمان لەرۆژئاوا کردەیەکی موقەدەس و ئەرێنی نییە، بەو مانایەی پێمان وابێت داب و نەریت و شەڕەف پەرستی، دەمانگەیێننە رەهاییەکانی ژیان و بەتاڵمان دەکەنەوە لەنائومێدیی، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە توانای تەکاندان و ئاراستەکانمان دەکوژێ و ناتوانین لەئاست سیستەمی ژیان پەرستیدا خۆشەویستی ببەشینەوەو ئەوین دەقەبەڵ یەکتری بکەین، کەواتە شتێك نییە پاڵنەربێت و وامان لێبکات کاسەسەر بکەینە دەلاقەی خۆبەتاڵکردنەوەمان لەبوغزو تورەیی، بەڵکو کۆمەڵێ غەریزەی دیکەی جیاوازو بەهای ژیان دۆستیی هەن، دەبێ شوێنی توندو تیژیی بگرنەوە. ئەودەمەش کە ژیان دەبێتە ئەوین و لە دەمارگرژیی مرۆکان بەتاڵ دەکرێتەوە، کۆمەڵگا لەقاڵبی کلاسیکی دابەکان دێتە دەرەوەو زمانی دیالۆگیش جێگەی فیشەك دەگرێتەوە.

Farman_salih81@yahoo.com

# لانەوازان.. ئەوانەی بۆ پێکەنین باوەشێك شك نابەن!

ڤارین

(مادامەکێ کەسێك نییە نازیان هەڵبگرێت و باوەشێك نییە خەمەکانیان تێدا بڕێژن، کەواتە ئەوان لە هەمووومان تەنهاترن).. ئەو دێڕە دوامین دێڕی ئیمێلێك بوو، کە دوابەدوای بڵاو کردنەوەی ڕێپۆرتاژی (پێم بڵێ ئەو هەموو تەنهاییە چ مانایەکی هەیە)، لە ژمارە( 9 )ی( کۆوار)دا، لە لایەن کەسێکی نادیارەوە پێم گەیشت.. (ئەو ئیمێڵە باس لە دوو کەسی جیاواز دەکات، یەکێکیان کوڕە لاوێکی تووش بووە بە نەخۆشی ئیفلیجی بە ناوی (کرمانج) و ئەوی دیکەشیان پیرەژنێکی تەمەن (70) ساڵانەیە بە ناوی (خەجیج). هەریەکێك لەوانە بە بیانووی ئەوەی کە پێویستیان بە خزمەتە، خێزان و کەسو کاریان خۆیان لێ بە خاوەن نازانن و هەر ڕۆژێك لە ماڵێك بەیانی ئەکەنەوە.. سەبارەت بە (کرمانج)، گوایە دوو ساڵ بەر لە ئێستا بە هۆی نەخۆشیەکەوە تووشی ئیفلیجی دەبێت و بە هۆی ئەوەش، کە دوو براکەی ژنیان هێناوەو خوشکەکانیشی مێردیان کردووەو باوکیشی هەر لە زووەوە وەفاتی کردووە، لەگەڵ دایکی سەر پێك وەدەنێن و بەیەکەوە دەژین، بەڵام ئەو ژیانە زۆر ناخایەنێ و دایکیشی ئەمرێ، ئیدی (کرمانج) بە تەنها دەمێنێتەوەو ئێستاش هیچ کەسێك لە هاوخێزانی خۆیان لێناکەن بە خاوەن و بۆخۆی بەو هەموو ناسۆری و ئیفلیجییە، خۆی و عارەبانەکەی بنی، هەر شەوێ لە ماڵێ و هەر ژەمێ لە کۆڵانێك نان دەخوا.. بەشی زۆری تەمەنی ئێستاشی لە ماڵی پورێکیان بەسەر دەبات، بەڵام لەوێش کەمتر دەبینرێت.. سەبارەت بە (خەجیج)یش، گوایە سێ کوڕو دوو کچی دەبن، شەش ساڵ بەر لە ئێستا مێردەکەی دەمرێ، ئێستاش کە کوڕو کچەکانی چوونەتە ماڵو حاڵی خۆیان، بۆخۆی بەتەنها لە ماڵێکی بچووك دەژی، ئەگەرچی (خەجیج)ژنێکی ئازا بووەو بە نان درووستکردن و کێڵکەری مناڵەکانی پێگەیاندوون و خەڵکی باش دەیناسن و ڕێزی دەگرن، بەڵام ئێستا تەمەنی چۆتە سەروو (70) ساڵان و بەرگەی کارکردن ناگرێت).

ئەوەی لە ئیمێلەکە بۆتە پرسیار، تەنهایەکی دیکەیە، واتە بەلای خاوەنی ئیمێڵەکە تەنهایی بەس لەوەدانییە خۆشەویستێکت لەدەست بدەیت، بەڵکو ئەوە تەنهاییە کە پیر بیت و کەسێك نەبێت نازت بگرێت، نەخۆش کەویت و کەسێك نەبێت پێت بڵێت، هێشتا ژیانت بەبەری ماوە.. بۆیەش دوابەدوای خوێندنەوەی ئەو ئیمێلە، بڕیارمدا لەو ژمارەیە ئەو پرسە بخەمە نێو ڕێپۆرتاژو پرسیارەوە، ئەگەرچی ئەزانم کە ئەو پرسە زیاد هەڵدەگرێت، وەلێ بەوەش بڕوادارم، کە پرسێکی هێندە گرنگ و کۆمەڵایەتییە، ناکرێت خۆی نەخاتە نمایشەوە. بۆیەش راستەخۆ تەلەفۆنێکم بۆ (نازەنین)ی هاوڕێم کرد، کە هەمدیس لەو بابەتە کۆمەکم بکات، ئەویش تەلەفۆنێك بۆ (هێژا)ی برادەری دەکات کە خزمێکیان بەهۆی پیریی و بێکەسیەوە چۆتە (خانەی بەساڵاچوان و بێسەرپەرشتاران). بۆیەش بۆ ڕۆژی دواتر هەرسێکمان چووینە (خانەی بەساڵاچوان و بێسەرپەرشتان).

هەر کە مۆڵەتی چوونە ژوورەوەمان وەرگرت، ڕووەو باخچەی بنکەکە ڕۆیشتین لەوێ لە کونجێك دوو ئافرەتی بەساڵاچوو لە بەرامبەریشی یەکێکی دیکە بەتەنهاو



پیریی.. خەمێك بۆ هەمیشە !

گوڤار 3

# کاتێك ژنەکەم سووتا، بەر لە مردنی پێی گوتم ژن بهێنەوە، بەڵام هەرگیز نەمتوانی.. ئێستاش چاوەڕێ ئەکەم لە بەهەشت بیبینمەوە



## چ تەنهاییەکە، پیر بیتو کەسێک نەبێت پێت بڵێت هێشتا ژیانت بەبەریەوە ماوە..

لەولاتریش دوو پیرەمێرد و لە خوارووی خوارەوەش ئافرەتێك کە لەوان بچووکتر دەهاتە بەرچاو، بەتەنها دانیشتبوو، پێدەچوو بیر لە شتێك بکاتەوە، هەر ئەوەش بوو ناچاری کردم راستەو خۆ بەلای ئەوەوە بڕۆم.

ئەو ژنە ناوی (زەینەب) بوو، ژنێکی تا بڵێیت لەسەرخۆ، پێدەچوو زۆر نەبێت هاتبێتە ئەو بنکەیە، ئەو دەیگووت "سی ساڵ بەر لە ئێستا خوا کوڕێکی پێدایین، زۆری نەبرد باوکی ئەمری خوای کرد، لە پاشان گەلێك داخوازیم هاتن، بەڵام لەبەر ئەو کوڕەم شوم نەکردەوە، براکانی مێردی رەحمەتیم لەبەر میرات و ئەو شتانە، گەلێك ئەزیەتیان داین، منیش ناچار بووم تەنازوول لە میراتەکە بکەم، بۆیەش بە نان کردن و خزمەتکردنی خەڵکی کوڕەکەم پێگەیاند، خوا هەڵناگرێت کوڕەکەشم گەلێك کاسب بوو، ئەویش دەستباری بژێوی ژیانی هەڵدەگرتین، تا وای لێهات کوڕەکەم عازەب بوو و داوای ژنی کرد، هەرچەندە ئەوی ئەو داوای دەکرد من پەسندم نەدەکرد، گەلێك عەیار و مەکرکەر بوو، بەڵام مادام بە دڵی خۆی بوو، دڵم نەشکاند.. هەمووی ساڵێك نابێت بۆم گواستۆتەوە، کەچی ئەو حەز بە من ناکاو چەند جارێك لە رقی من تۆرا، بۆیەش ناچار بووم لەبەر خاتری کوڕەکەم بێمە ئێرەو ماڵیان بۆ جێبێڵم. ئێسیتاش زوو زوو کوڕەکەم لێرە دێتە سەردانم".. لەو وەڵامە پرسیارێکیشیان سەبارەت بەوەی، کە ئاخۆ بۆ کوڕەکەی، دایکی دەکاتە قوربانی ژنەکەی وتی "بۆ خۆتان نازانن ژنی ئەو زەمانە چۆنن؟؟ کوڕەکەم دەیگووت تەڵاقی دەدەم، بەڵام من نەمهێشت لەبەر من تەڵاقی بدات، مادام بە دڵی خۆیەتی، قەیناکە ئێرەش عەیبی نییە!!".. ئێمە لەگەڵ زەینەب خان زیاتر لە (15) خولەك قسەمان کرد.. ئەو سەبارەت بە خزمو دۆستانی دەیگووت "جا ئەگەر بووکەکەت بەخێوت نەکات، خەڵکی دیکە چۆن بەخێوت دەکات، من لە دونیا ئەو کوڕە و خوشکێکم زیاتر نییە، ئێستا خووشکەکەشم لە ماڵی کوڕێکی ژیان دەباتە سەر و ئەویش لەوێ نارحەتە، جا چۆن جێگەی منی تێدا دەبێتەوە؟"..

کاتێك لەلای (زەینەب خان) ڕۆیشتین، من دڵم گەلێك پڕ بوو، بۆیەش بە نازەنین و هێژام گووت "من چیتر بەرگە ناگرم و با بڕۆین"، کەچی ئەوان بۆ ئەو بابەتە لە من پەرۆشتر بوون و هێژا کە قوتابی زانکۆیە، پێی گوتم "لێگەڕی با خەڵکی بزانن ئەو وڵاتە پڕی لانەوازان و بێسەرپەرشتارانە!".

دوا بەدوای (زەینەب خان)، چووینە لای (خاڵۆ کەریم)، پیرەمێردێکی بێتاقەتی کەم دوو بوو، زۆر بە ساردی وەڵامی سەلامی ئێمەی دایەوە، زۆرمان لێکرد تا قسەی دەکرد، بەردەوام دەیگووت "ئەگەر کەسم هەبووایە بۆ دەهاتمە ئێرە؟" ، دواتر پیرە مێردێکی دیکە بە ناوی (مام ئەحمەد) سەبارەت بە (خاڵ کەریم)پێی گوتین "کە گوایە خاڵ کەریم سێ ژنی هێناون و یەکەمیان مردووەو دووەمیشی بۆ سێیەم تەڵاق داوەو سێیەمیشیان لەگەڵ منداڵەکانی، بە بیانووی پیری و بێتەبیعاتی دەریان کردووەو ئەوە نزیکەی( 6) مانگە لێرەیەو تا ئێستا یەك جار نەبێت کەسێك نەهاتووە لێی بپرسێ!!"..

هەر ئەوەش دەرفەتێك بوو بۆ ئەوەی لە (مام ئەحمەد)

بپرسین "ئەی تۆ بۆ هاتوویتە ئێرە؟" ئەویش کەوتە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆی و گووتی "سالأنی زوو من کچێکمم خۆش دەویست و کردمە خێزانم، بەداخەوە زۆری نەبرد سوتاو ئەمری خوای کرد، ئیدی من بە ئەمری خوا هەموو ژنانی دیکەم وەك خوشکی خۆم سەیر دەکردن و ژنم نەهێنایەوە، ئێستاش پیر بووم و بۆ خۆم هاتوومەتە ئێرەو چاوەڕێی مردن ئەکەم!!".

چیرۆکی مام ئەحمەد، چیرۆکێکی یەکجار سەیر بوو، تا نووسینی ئەو چەند وشەیەش هەر بەتەنها بیر لە قسەکانی مام ئەحمەد ئەکەمەوە، ئاخر دەبێت چی لەو خۆشەویستییە پاکتر هەبێت، لەدەرەوەی خۆشەویستەکەت هەموو دونیا بە خوشکی خۆت بزانیت و ئیدی بڕیار بدەیت تا هەتایە ژن نەهێنیتەوە؟؟ من لەو کاتەی لەگەڵ مام ئەحمەد بووم هەستم بە راستگۆیەکی گەورە کرد، ئاخر مام ئەحمەد دەیگووت "بەڵێن دان گەلێك کارێکی قورسە، ئێمە زوو بەڵێنمان پێکدا ئەگەر هەر کاممان مردین، ئەوی تر بەتەنها بمێنێتەوە، هەرچەندە کاتێك ژنەکەم سوتا، بەر لە مردنی پێی گوتم ژن بهێنمەوە، بەلأم هەرگیز نەمتوانی.. ئێستاش چاوەڕێ ئەکەم لە بەهەشت بیبینمەوە، ئاخر ژنەکەم ژنێکی زۆر بە دین و داوێن پاك بوو!".

دەبێت چ پیریەك بەقەد پیریەکەی مام ئەحمەد جوان بێت؟؟ دەبێت کام خۆشەویستی وەك ئەو خۆشەویستیەو کام چیرۆکی لانەوازان بەقەد ئەو چیرۆکە جێگای پرسیار بێت، رەنگە تەفسیری ئەو وەلأمانە لای تۆی خوێنەر بن، وەك ئەوەی لای هەموومان جێگای بیرکردنەوەیە.

هەر کە ویستمان لەو بنکەیە بچینە دەرەوە؟، ئافرەتێك بە دوامانەوە هات و پێی گووتین "ئەوە ناونیشانی ماڵی کوڕمە، توخوا بڕۆنە ئەوێ و چاوی نەوەکانم یەك یەك ماچ بکەن، دایکە غەدارەکەیان بینینیانی لێ حەڕام کردووم.. بە کوڕەکەشم بڵێ ئەگەر ئەوجارە هاتە لام با هێندێك هەنگوینم بۆ بهێنێ".

تا گەیشتینەوە ماڵ هەرسێکمان کەوتینە باس کردنی ئەو هەموو بێسەرپەرشتارانە، ئاخر کەسێك کە پیر بێت زیاتر لە هەموومان پێویستی بە ناز هەیە.. دەبێت دڵی ئەو منالأنە چەند لەبەرد بێت کاتێك دایکیان، باوکیان لەبەر خاتری بەرژەوەندییەکانیان دوور دەخەنەوە بۆ ئەو شوێنە، ئەوەش کە سەیر بوو، زۆری ئەو چیرۆکانە پەیوەندی بە بووکەوە هەبوو، ئاخر من لە خۆمەوە ئەزانم کە ئافرەت زیاتر لە پیاو عاتیفییە، کەچی زیاتریش لە هەر چ بوونەورێکی دیکە لاسارو خۆویست و داگیر کارە!

ئیدی ئێستا لە دوعای دایکم تێدەگەم کە دەڵێت (خودایە رەزیل و بێکەسم نەکەیت!!)

تێبینی: هەموو ئەو ناوانەی لێرە هاتوون، جگە لە ناوی نازەنین و هێژا، خوازراون.


پیرەکان زیاتر لەهەموومان پێویستییان بەناز هەیە

# سەفەرێك بۆ بەنگلادیش، وڵاتی هەژاریی و بەدبەختیی

سەرکار رواندزی



**دوابەدوای** گەشتەکەی بەرپرسی کۆمەڵەی سۆران بۆ چاودێریی پەککەوتووان بۆ وڵاتی هۆڵەنداو سەردانی ڕێکخراوی (Liliane Fonds)ی هۆڵەندی، یەکێك لە دەسکەوتەکانی کردنەوەی سەنتەرێکی چارەسەری سروشتی (علاج طبیعي) گەورە بوو لەسۆران، کە هاوشێوەی سەنتەری (مایتل شوکل)ی شاری (تلبەرخ)ی هۆڵەندییە. ئەوەبوو ئەوکات بڕیاردرا، سێ کەس لە ستافی کۆمەڵەکەمان سەردانی وڵاتی بەنگلادیش بکەن بۆ بینینی مەشق لەم بارەیەوە.

### شارێك پڕ لە وێنەی حەسەن نەسروڵڵا

ڕۆژی 2006/8/15 منو هاوکارانم (گولیشان خالید، شیرین عەزین) لەفڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی بە مەبەستی چوونمان بۆ وڵاتی بەنگلادیش، کوردستانمان بەجێهێشت، دوای کاتژمێرو نیوێك فڕۆکەکەمان لە فڕۆکەخانەی ئیمام خومەینی لەتاران نیشتەوە.

دوای دەرچوون لەفڕۆکەخانە، یەکەم جار بوو کە تاران ببینم، پێشتر زۆر تامەزرۆی بینینی بووم، بەڵام هەر کە بەرەو ناوشار بەڕێ کەوتین هێندەی بەلوبنان دەچوو، ئەوەندە ڕەنگی تارانی نەدەدا، چونکە بۆ هەر شوێنێك دەچووی وێنەی (حەسەن نەسروڵڵا)ی ڕابەری حزبوڵڵای لوبنانی هەڵواسرابوو، لەزۆربەی شەقامو کۆڵانەکان لافیتەو دروشمەکانی حزبوڵڵا دەشەکانەوە، ئەو ڕۆژە لە هوتێلێك پشووماندا.

لەتاران بۆ ئەوەی فیزای بەنگلادیش وەربگرین، پێویستی دەکرد سەردانی سەفارەتی بەنگلادیش بکەین، بۆ نیوەڕۆ چووینە باڵوێزخانە، بەڵام چۆن باڵوێزخانەیەك، تابڵێیت بێ سەروبەرو ناڕێك بوو. نامەکانمان پێ نیشانداندو پێمان گوتن ئێمە لەکوردستانەوە هاتووینو دەمانەوێ بچین بۆ بەنگلادیش، زۆریان لا سەیر بوو، بەتایبەت ئەو کاتەی زانیان بۆ خول و ڕاهێنان دەچین.

دوای کاتژمێرێك، ئافرەتێك کە حیجابی پۆشیبوو هاتە لامان، هەندێك پرسیاری لێ کردینو دواتر ڕۆیشت، ئینجا دوای کاتژمێرێکی تر چاوەڕوانی، کارمەندێکی سەفارەت هاتو پێی گوتین دەبوایە ئێوە بچنە ئوردونو لەوێ ڤیزا وەربگرن، پێم گوت هاوکارانمان لەبەنگلادیش ڕێگای تارانیان بۆ دیارکردووین، ئەو ڕۆژە شەممەبوو، پێیان گوتین دووشەممە وەڵامتان دەدەینەوە، بۆیە پێویستی دەکرد تا ڕۆژی دووشەممە لەچاوەڕوانی ڤیزادا لەتاران وەمێنین.

### ( 9 ) ڕۆژ لەچاوەڕوانی ڤیزای بەنگلادیش

یەکشەممە، سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی تارانی پارتی دیموکراتی کوردستانمان کرد، بەڵام لێرەوە دەڵێم سەد خۆزگە هەموو دامو دەزگا حزبیی و حکومیەکان، وەك ئەو مەکتەبە بوونایە. پێشوازیو مامەڵەی گەرمی ئەوان لەگەڵ ئێمە وای کرد، چاوەڕوانی ڤیزامان زۆر لا ئاسانو خۆش بێت، بەتایبەتی مامەڵەی جوانی بەڕێزان( د. شەوکەت بامەڕنیو جگەرخوێن)، کە بۆ سەرخستنی بەرنامەکانی ئەو گەشتەمان هاوکاری زۆریان کردین.

دووشەممە، لەوادەی دیاریکراو چووینەوە باڵوێزخانەی بەنگلادیش، دوای دوو کاتژمێر گوتیان ئێوە ئامادەن پارە بدەن بۆ ڤیزا، ئێمە ڕەزامەندی خۆمان نیشاندا. ئیتر دوای (9) ڕۆژ لەچاوەڕوانی ڤیزای بەنگلادیش، بەرەبەیانییەك تەلەفۆنی هوتێلیان لێداو گوتیان وەرن ڤیزەکەتان تەواو بووە، ئەوەبوو چووین هەر هەمان ڕۆژ بلیتی فڕۆکەمان بڕی، بەڵام دەبوایە لەڕێگای یەکێك لەوڵاتانی کەنداو بچین، ئێمەش ڕێگای قەتەرمان هەڵبژارد. نامەوێ سەربوردەی ئەو9 ڕۆژەی کە لەتاران بووین باسبکەم، چونکە لەژمارەکانی پێشووتر، ستافی (کۆوار) ڕەوشو دیمەنەکانی تارانو هەندێك لەشارەکانی دیکەی ئێرانیان بەشێوەی گەشتنامە خستبووە ڕوو .

### یەکەمین کورد لەبەنگلادیش

لەتاران، بەرەو دەوحەی پایتەختی وڵاتی قەتەر بەڕێ کەوتین، بەڵام لەفڕۆکەخانە ئەوەی مرۆڤ حەزی لێ دەکات هەبوو، فرۆشگایەکی گەورەو هوتێلو خواردنگای پێشکەوتوو بەدی دەکران، دەبوایە ئێمە دوای دوو کاتژمێری تر بە فڕۆکەیەکی تر بەڕێ بکەوین، بۆ گەیشتنیش بە بەنگلادیش پێویست بوو پێنج کاتژمێرو نیو لەناو فڕۆکەدابین.



دیمەنێکی شاری ( دەکا )ی پایتەختی بەنگلادیش

کاتژمێر (12)ی شەو بەرەو بەنگلادیش بەڕێکەوتین، لەناو فڕۆکە ئافرەتانی خزمەتکار، ئەوانەی کە خەڵکی بەنگلادیش بوون زۆر سەیر تەماشایان دەکردین و کاتێک کە ژەمەخۆراکی ئێوارەیان بۆ هێنایین، من نەم خوارد، کە تەماشای دەوروبەرم کرد ئەوەی کەوچکە وەلایان ناوەو بەدەست و دەم قاپەکان دەلێسنەوە. هەر ئەوکات پرسیارێکم رووبەڕووی خۆم کردەوەو گوتم، خودایە ئەوە دونیا دیتەکانیان وەها بن، ئەی دەبێ خەڵکی نەدیتکەیان چۆن بن؟ کاتژمێر 8 بەیانیی بەکاتی وڵاتی ئەوان گەیشتین، بیرم نەچێ کاتی ئەوان سێ کاتژمێر لەپێش ئێمە بوو.

کاتێک لەفڕۆکە هاتینە خوارەوە بۆنێکی زۆر ناخۆش هات، هەرچەند بەیانیی بوو، وەلێ کەش‌وهەوا زۆر گەرم بوو، کە پەساپۆرتمان بەمەبەستی لێدانی مۆری چوونەژوور دایە دەست پۆلیسەکان، زۆر زۆر پێمان پێکەنین، بە تایبەتی کە گوتمان کوردین، گوتیان ئەوە یەکەمین جارە کورد بگاتە ئەو وڵاتە، لەوەڵامی پرسیارێکیش کە باسی ئێراقمان کرد، گوتیان (سەدام)و زۆر پێ کەنین.

## شەقامی پڕ لەمنداڵ و ژنی پەککەوتە

بۆ شوێنی چاوەڕوانی چووین، بۆ ئەوەی تەلەفۆن بۆ ئەوکەسە بکەین، کە بڕیاربوو بەدواماندا بێت، کاتژمێرێک لەو فڕۆکەخانە گەورەیە، کە بەقەد چوار فڕۆکەخانەی هەولێر ئەبوو ماینەوە، بەڵام نابێ ئەوەمان لەیاد بچێ، کە فڕۆکەخانەی هەولێر سەد ئەوەندەی هی ئەوان، پاک و خاوێن ترو رێک و پێکترە. ئەوان بەدواماندا هاتن، لەکاتی چوونمان بۆ ناو شار گەلێک دیمەنی سەیرمان بەدی کرد، لەهەمووشی ناخۆشتر، هەر شوێنێکی



منالآنی بەنگلادیش، دیارترین قوربانیانی کۆمەڵگا

بۆی دەچووین، دەمان بینی بەدەیان منداڵ و ئافرەت و پیرو پەککەوتە وەکو فەرش لەسەر شەقامەکان راکشاون، کە بیرم کردەوە گوتم مرۆڤ تا شوێنی ناخۆش نەبینێ، خۆزگە بۆ وڵاتی خۆی ناخوازێ، ئەگەرچی ئەو شارە پایتەختی وڵاتەکەیان بوو، کە ناوی (دەکا)یە.

دوای کاتژمێرێک و نیو لەقەرەباڵغی ئەو شارە دەرباز بووین، گەیشتینە ئۆفیسی (DRRA) کە ئێمەی بانگهێشت کردبوو، پێشوازیان کردین و گفتوگۆمان کرد، دواتر بۆ شوێنی حەوانەوە بەڕێ کەوتین، کە چووین تەنها بەناو هوتێل بوو، زێدەڕۆیی ناکەم گەر بڵێم زیندانەکانی ئێمە لە چاو ئەوێ هوتێلی پێنج ئەستێرەیین. بەرەو نهۆمی دووەم هەڵکشاین، دوو ژوورمان بەرکەوت، یەکێکیان بۆ من و ئەوی تریشیان بۆ هاوکارانم. هێشتا بەتەواوی پشووم نەدابوو، لەناکاو لەدەرگا درا، کە دەرگام کردەوە یەکێکی باڵابەرزی روخسار رەشی شەلوار کورت بەهانەهان و پەلەپروزێ لەبەر دەرگا وەستابوو، بە شورە عەرەبییەک پێیگوتم، ئێراکی؟ گوتم نەعەم، گوتی مسلم؟ گوتم نەعەم، کاتێک گوێی لەمەبوو دڵی زۆر خۆش بوو، گوتی ( انا صاحب فندق تعلمت في سعودیە اربع سنوات) لە ناخی خۆمدا گوتم ئەوجا بەمن چی؟ دەرگام داخست و بۆ ئەوەی هیلاکییەکەم بڕەوێتەوە، تۆزێک پشوومدا، کە هەڵسامەوە دەمەو ئێوارە بوو، کە تەماشای خەڵکی نێو هوتێلەکەم کرد، زانیم تەنها ئێمەین بیانی، ئەوانی تر گشتیان جەماعەتی ئیسلامییەکان بوون.

## پێمەکەنن، نەوەک پۆلیس بتانکوژێ!

کە چووین بۆ ئۆفیسی ئەو رێکخراوەی میوانداری کردبووین، داوامان کرد شوێنەکە لەو هوتێلە بگۆڕێت، ئێمەیان بردە هوتێلێکی کەمێک باشتر، دوای دووڕۆژ بەرەو گوندەکانی (مەنسی گۆج و تێیداو کوێر)یان بردین، کە دوو کاتژمێر لە دەکای پایتەخت دووربوون. بەدرێژایی ئەو دووڕۆژەی کە لەپایتەخت بووین، بەناو زۆر شەقامدا سوڕاینەوە، ئەوەی



هەرگیز لەیادمان ناچێت هەر کە لەترافیك دەوەستاین، چوار دەورمان بە سوالکەر دەگیرا، کە زۆربەیان لەدەستو قاچ پەککەوتەو کەمئەندام بوونو دەپاڕانەوە. هاتوچۆی خەڵکەکەش زیاتر بەماتۆڕی سێ نەفەریو پاسکیلی دوو نەفەری بوو، چونکە بەهۆی گرانی لەڕادەبەدەری بەنزین نرخی تاکسی زۆر گران بوو، کە ڕەنگە لەهیچ شوێنێکی دونیا وێنەی نەبێت.

لە شەقامەکان زۆرینەی ئەوانەی کاریان دەکرد ئافرەت بوون، ئەو پیاوانەش کە بەرچاو دەکەوتن، کاری پاسکیلو ماتۆرسکیلو بەشێکیشیان کرێکاریان دەکرد. هەندێکیشیان دوکانیان هەیەو وەزعیان باشە. ئەوەندەی ئێمە گەڕاین شوێنێکمان نەبینی خۆشو سەرنجڕاکێش بێت. پۆلیسەکانیان کە پێیان دەگوتن (ڕەپ) جلی ڕەشیان پۆشیبوو، ئێمە سەرەتا لەگەڵیان دەم بەخەندە بووینو پێدەکەنین، بەڵام دواتر پێیان گوتین زۆر سەیریان مەکەن، نەوەك لێتان بکەونە گومان، چونکە لای حکومەت ڕێگایان پێدراوە گومانیان لەهەر کەسێك هەبێ، دەتوانن بیکوژن.

## شەڕی دوو ژنی دەسەلاتدار

ڕێژەی دانیشتوانانی بەنگلادیش، خۆی لە 140 ملیۆن کەس دەنوێنێ، ئەو وڵاتە ساڵی 1971 سەربەخۆیی خۆی وەرگرتووەو بۆتە دەوڵەت، لەوێ کاتێك ئەو وڵاتەم لەگەڵ کوردستانی خۆمان بەراورد دەکرد، لەو باوەڕەدا بووم، کە(50) ساڵی پێویستە بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی کوردستان. هەرچی دەکای پایتەختیشە، پتر لە( 20) ملیۆن کەسی تیادا دەژێت، ئەوانەی تریش بەسەر چەند شارێكوهەزاران گوند دابەش بوونە.

بە گەیشتنمان بۆ گوندی مەنی گۆیچ، ئەو شوێنەی بۆ مەشقو ڕاهێنانی ئێمە دیاریکرابوو، لەلایەن مامۆستایان پێشوازیمان لێکراو بەرەو شوێنی حەوانەوەیان بردین، کە پازدە خولەك لە سەنتەرەکە دوور بوو، بەڵام کە تێبینیمان کرد، جێگامان زۆر ناخۆش بوو.

لەوێ ڕۆژانە کاتژمێر 9ی بەیانی تاکو 4ی ئێوارە ڕاهێنانمان پێ دەکرا، ئیتر بۆ ماوەی 25 ڕۆژ بەردەوام بووینو لەسەر گشت بوارە پەیوەندیدارەکانی ژیانی پەککەوتەو کەمئەندامان مەشقمان بینی، لەڕاستیدا خولەکە زۆر بەسوود بوو، چونکە مامۆستاکان خاوەن ئەزموون بوونو لەچەند وڵاتێك خولیان بینیبوو، ئەو ناوچەیەش بۆ ئێمە وەك وەرشەیەك وابوو.

لەو وڵاتە هەم لەشارو هەم لەگوند، ئەوەی خزمەتگوزارییە بۆ هاوڵاتیان دەستەبەر نەکراوە، بۆیە کاتێك بەنێو چەند ماڵێکدا گەڕاینو مەبەستمان بوو لەوردەکارییەکانی ژیانیان ئاگادار بین، لەدەسەڵاتی ئەو وڵاتە زۆر بەگلەیی بوون، کە لەلایەن ژنێك بەناوی (خالیدە زیا) بەڕێوەدەچێت، هەروەها ژنێکی تر سەرۆکی پارتێکە بەناوی (شیخ حوسینیە)، ئەمانە شتی زۆر سەیریان لەنێواندا هەبوو، هەر کاتێك لەسەر کارێك ڕێك نەدەکەوتن، گرژییو ئاڵۆزیی تەواوی ناوچەکەی دەگرتەوەو بۆ ماوەی دوو تا سێ ڕۆژ هاتوچۆ لەسەرانسەری ئەو وڵاتە قەدەغە دەکراو هەر کەسێك لەماڵ دەرکەوتبا دەیان خستە بەر دەستڕێژی گوللە، ئەو ماوەیەی ئێمە لەوێ بووین، دووجار ئەو ڕەوشە ئاڵۆزەمان بینیو چەندین کوژراویشی لێکەوتەوە.

## ماڵێك لە ژوورێکدا

هەستمان کرد لەنێو خەڵکی ئەو وڵاتە، سۆزو خۆشەویستی ونە، کاربەدەستانی سەنتەرەکە لایان سەیر بوو، کە ئێمە لەگەڵ بەردەستەکان بەڕێزەوە مامەڵە دەکەینو لەگەڵیان دەدوێین، پاش دەوامی فەرمیو ڕۆژانی پشوو مامۆستاو کارمەندانی سەنتەر مۆبایلەکانیان دادەخست.

دانیشتوانانی بەنگلادیش 80٪ موسڵمانو تامەزرۆی ئاینی ئیسلامن، بەڵام هیچی لێ نازانن، 20٪یشی هیندۆسین، وەلێ فڕیان بەسەر دینەوە نییە.

لەکاتی بەسەرکردنەوەی ماڵێکی هیندۆسی، پتر بەژیانی کۆڵەمەرگی ئەو خەڵکە ئاشنابووین، ئەوان لەژوورێکی 3بە 3 ژیانیان بەسەر دەبرد، ژوورەکە بەجەمەلۆن دروست کرابوو، هەموو کارێکیان تێدا ڕادەپەڕاند. کە سەیرمان کرد چوار دەوری ئەو ژوورە یەك پارچە وێنە بوو، گولیشانی هاوکارم لێی پرسین ئەم وێنانە چین، وتیان ئەوە خواکانی ئێمەن، یەکیان بۆ نووستنو یەکیان بۆ مرازو یەکیان بۆ خوێندنو تاکو دوای، لە کۆتاییدا وێنەی پیاوێك مابوو، پرسیمان ئەی ئەوە چییە؟ گوتیان ئەمە مێردی ئەو خوایەیە. لەوەش سەیرتر هەر ئافرەتێك، کە جوان بوایە لەناو خۆیان دەیان کرد بە خوای خۆیانو دەیانپەرست. ئیسلامەکانیشیان زۆر پیس بوون، بە بڕوای ئەوان ئیسلام تەنها نوێژی جەماعەتو خوتبەو ڕیشی درێژو شەلواری کورتە.




ڕێوڕەسمی کۆتایی هاتنی خولی راهێنان..



پاسکیل شوێنی تاکسی دەگرێتەوە

## وێڕای هەژاریی، زۆربەی پیاوان( 4 ) ژن دێنن

مارەیی کوڕو کچ لای ئەوان زۆر سەیر بوو، ئەبوایە کچ تەواوی پێویستیەکانی ماڵەوە دەستەبەر بکاتو بڕێك پارەش بە کوڕەکە بدات، ئەوجا کوڕەکە بێتە سەرحازری‌و لێی پاڵ بداتەوە. زۆربەی هەرەزۆری پیاوان، هەرچەند باروگوزەرانی ژیانیان خراپە (4 ) ژن دێنن، دەوڵەمەندەکانیشیان لە سەرووی(4) ژن‌و ئەوانەش کە تۆرزێك لەژیان تیَ گەیشتوون یەك ژن دێنن، زۆربەی هەرە زۆری پیاوانیان لەوڵاتانی کەنداو کار دەکەن‌و بەساڵ ژنەکانیان نابینن. لەیەکێك لەو ئۆفیسانەی کە ئێمە کارمان تیادا دەکرد، کچێکی تەمەن 25 ساڵانەی خوێن شرینی لیَ بوو، مانگانە بە 20 دۆلار وەکو چێشتلێنەر کاری دەکرد، سەرەتا وامان زانی کچە، دواتر زانیمان دوو مێردی کردووە، یەکەمیان لەتەمەنی 12 ساڵی، کە کوڕێکی لێی هەیە، ئەوەی تریان لەتەمەنی 23 ساڵی‌و ئێستا لەگەڵی نازێت‌و ژنێکی تری هێناوە. ئەو ژنە خۆی‌و کوڕەکەی‌و باوکی لەژوورێك دەژیان، هەموو داهاتەکەشیان تەنها ئەو 20 دۆلارە بوو کە لەو ئۆفیسە وەریدەگرت. شوفێری ئۆفیسەکە سیَ مانگ جارێك دەگەڕایەوە ناو خێزانی، ئەویش دوو شەو، واتە لە ساڵێکدا 24 شەو لەماڵەوە بوو، پێموایە ئەم دوو نموونە بەشێکی کەم‌و بچووکن لەسەدان‌و هەزاران نموونەی تری ژیانی کۆڵەمەرگی ئەو خەڵکە.

### خۆمان خوارد نمان بۆخۆمان ئامادە دەکرد

بەشی زۆری خواردنی ئەوان برنج بوو، لەگەڵ هەموو خواردنێك دەبوایە برنج بخۆین، ئەگینا وایان لێکدەدایەوە، کە خواردنیان نەخواردووە، هەمووشیان لەکاتی خواردن جۆرە گیایەکی سوور لەگەڵ خواردن دەخەنە ناو برنج‌و بەدەست دەیشێلن‌و هەر بەدەستیش دەیخۆن، ئەوەی کەوچکە لەسەر سفرەی نان خواردن نابینرێت، زۆر ئارەزووی خواردنی بیبەری تیژ دەکەن، وەك گوڵەبەرۆژە دەیخۆن، ئێمە ئەوەندەی کردمان‌و نەمانتوانی خواردنی ئەوان بخۆین، بۆیە خۆمان خواردنمان بۆخۆمان دروست دەکرد، زۆربەی کات مریشکمان لێدەنا، ئەوان خواردنەکانی ئێمەیان زۆر پیَ خۆش بوو. ئاوی خواردنەوەشیان تام‌و بۆنێکی ناخۆشی لێدەهات‌و بەکەڵکی خواردنەوە نەدەهات، بەناچاری ئاوی کانزاییمان دەخواردەوە.

### له ( 100 ) سەد هەزار ماڵ، تەنها ماڵێك سەتەلایتی هەیە!

ڕێژەی منداڵ لەو وڵاتە یەکجار زۆربوو، کەچی هەر ماڵەی کە دەچووین 2 تا 4 مناڵیان هەبوو، زۆریان لا سەیر بوو کە ئێمە دەمانگوت 9 کەسین لەماڵەوە. ڕۆژێك سەردانی بنکەیەکی تەندروستی ئەو گوندەمان کرد، کە حەوتەمین بنکەبوو بۆ بەڕێکردنی خەڵکی نەخۆشی گوندەکە، لەسەرژمێری 6 مانگدا 266 حاڵەتی مناڵبوونیان هەبوو، ئەو ژنانەش کە پێویستیان بەنەخۆشخانە نەبووە، لەماڵەوە منداڵیان بووە، ڕێژەی زۆریی منداڵانی لەدایکبووش لەو گوندە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فرەژنییەی کە هەیە.

ئێمەش لەکۆتایی ئەو گەشتەمانداو دوای تەواوکردنی خولەکەو وەرگرتنی بڕوانامەکانمان، بەرەو (دەکا)ی پایتەخت کەوتینە ڕیَ، بۆ ئەوەی بەرەو کوردستان بگەڕێینەوە.

دواجار ئەمەویَ ئەوە بڵێم، وڵاتێك کە 35 ساڵە دەوڵەتەو شەڕی لیَ نییەو دوژمنی نییە، کەچی لە زۆربەی هەرە زۆری پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان بیَ بەشە، نرخی خواردەمەنی و کەلوپەل زۆر گرانە، هەر بۆ نموونە یەك دانە پرتەقاڵ بە یەك دۆلارە، ئێمە کاتێك لەدوکانێك داوای یەك کیلۆ پرتەقاڵمان کرد لایان سەیر بوو، چونکە هیچ خێزانێك ناتوانیَ بەکیلۆ پرتەقاڵ بکڕێت، مەگەر لە یەك مانگدا بتوانیَ یەك دانەی پیَ بکڕێت. لە بواری تەکنەلۆژیاش ئەو وڵاتە لەوپەڕی دواکەوتن دایە، بچووکترین شت کە سەتەلایتە لە (100) سەد هەزار ماڵ تەنها ماڵێك هەیەتی.

# سزای میز بەنیشتمان داکردن، پەتی سێدارەیە

و: غازی حارس

(**شاکر** فاخوری) تەمەنی منداڵی و لاوی خۆی دەوڵەمەندانە بەسەربردو رۆژێك هەستی بەهەژاری نەکرد، لەگەڵ ئەمەشدا، هەر لە خوێندنی سەرەتایی نیشانەکانی دۆڕانی لێدەرکەوتن، ئەم دۆڕاوییی و دواکەوتووییەی ببووە مایەی سەرسوڕمانی کەسوکاری.

لەقۆناغی ئامادەیی و لەگەرمەی دۆڕانی بەردەوامی و تەمەنی هەرزەکاریشدا، دەنگوباسی پارە دزینی شاکر لەباوکی، بابەتی مشتومڕی خزمانی ئەوبوو، هەروەها ترسی خزمان لەوەی دەستیان ببڕێت کاتی سەردان کردنییان.

دوای بێزاربوونی کەسوکاری لەرەفتار و رەوشتە دەبەنگەکانی، ناردیانە بەر خوێندنی پیشەیی، بەڵام کە لێی دەرچوو، وەك ئەوە وابوو هەر لێی نەخوێندبێت. دوای بەسەربردنی ماوەی خزمەتی سەربازیش لەهێزە ئاسمانییەکان، هەگبە پڕ لە نووشستی دۆڕانەکەی لەمل کرد و لە (فەیلەکە)ی کوێت کارێکی دەستکەوت. پاش (5) مانگ کارکردن لەوێ، دەستبەرداری کارەکەی بوو، ئەمجارە بەرەو بەیروت ملی لێنا. ئەو سەردەم بەیروت شەپۆلی هونەرو کرانەوەو ژیانی دەدا، ئەمە وایکردبوو بەیروت جیاوازی هەبێت لەگەڵ زۆربەی پایتەختەکانی جیهان.

(ریکلامی کازینۆیەك) سەرنجی راکێشا تاکو بچێت پشوویەك بدات، بەسواری تاکسیەك خۆی گەیاندە ئەو گازینۆیە، دوکەڵی جگەرەو پێکەنینی ژنە نیمچە رووتەکان وەك ئاوازی خۆش دەهاتنە گوێی (شاکر)، یەکێك لەو ئافرەتە جوانانە لێی نزیك کەوتەوەو لەسیحری جوانی و بۆنی خۆشی نقووم کرد. دوای یەکترناسینێکی خێرا، بەرەو ژوورێکی ئەوێ هەڵکشان. شاکر بەدرێژایی ئەو ماوەیە، زۆر بەخۆشی رۆژەکانی بەسەردەبرد، تاکو کچێکی دیکەی ناسی بەناوی (ئۆفیلیا) کە بە یوگسلافی خۆی بە (شاکر) ناساندبوو، (ئوفیلیا) جوانییەکەی بەئەندازەیەك بوو عەقڵی دەشێواند. (ئۆفیلیا) بەڕۆژ لەنێو چیاکانی لوبنان و شەوانیش لەلای خۆی هەموو پارەکەی لێوەرگرت، دواتر بەرەو قوبرس جێیهێشت و بەبیانووی ئەوەی لەیەکێك لە کۆمپانیاکانی بازرگانی نێودەوڵەتی کاردەکات. لەوێش بەتەلەفۆن بە (شاکر)ی راگەیاند ئەستەمە ئەو بتوانێت کارێکی بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام (شاکر) بەدوای ئەودا بەرەو قوبرس وەڕێکەوت، لەوێ (ئۆفیلیا) زۆربەی شوێنەکانی لەگەڵدا گەڕا، نەیتوانی کارێکی بۆ بدۆزێتەوە، بە گاڵتە بە (شاکر)ی گووت "مەگەر رووبکەیتە باڵوێزخانەی ئیسرائیل". (شاکر) هاتە وەڵام و گوتی "بەڕاست دەبێت ئەوان بتوانن چارەسەری کێشەی من بکەن"، (ئوفیلیا)ی سیخوڕ پێی گوت" ئەگەر ئەوان دەزانن تۆ لەهێزە ئاسمانییەکانی میسر خزمەتت کردووە، ئەوا دەتخەنە سەر شانیان".

شاکر بەپێکەنینەوە پێی گوت"ئنجا بۆچ نەبمە سیخوڕ، لەهەموو ژیانم رۆژێك سەرکەوتوو نەبووم". شاکر لەبەرخۆیەوە دەیگوت، سیخوڕبم زۆر لەوە خۆشترە، نەك بەهاوکارییەکانی (ئۆفیلیا) بژیم، کە هەموو شەوێك لەبەرامبەر ئەو پارەیەدا خۆمی بۆ هەڕاج دەکەم و پیاوەتی خۆمی دەفرۆشمێ.

هەمان شەو (شاکر) دەستی دایە جانتاکەی و (لارنکا)ی بەرەو باکوور جێهێشت، تا گەیشتە نیقۆسیای پایتەخت، لەوێشەوە یەکڕاست بۆ باڵەخانەی باڵوێزخانەی ئیسرائیل. لەدەرگای سەرەکی و لەپرسگەی باڵیۆزخانەکە داوای بینینی ئەفسەری هەواڵگری باڵوێزخانەکەی کرد، کارمەندی پرسگەکە پێی سەیربوو، داوای پاسپۆرتەکەی لێکرد تاکو لەرەگەزنامەی دڵنیابێت، ئنجا ئەفسەری بەرپرسی لێ ئاگادارکردەوە.



بەبێ دواکەوتن (شاکر)یان گەیاندە ژوورەوە، ئەمیش کە پرسیاری لێکرد ئاخۆ چی دەوێت و چ زانیارییەکی گرنگی لایە، (شاکر)پێی گوت "سەراپای ژیانم کلۆڵی و بەدبەختی بوو، ئێستاش پارەی کڕینی بلیتی سەفەرم نییە تا بیکڕم و بگەڕێمەوە وڵاتەکەی خۆم، لەبەرئەوە بڕیارمداوە هاریکاریتان بکەم و ئەو زانیارییە گرنگانەتان بدەمێ، کە لەمەڕ هێزە ئاسمانییەکانی میسر دەیانزانم، ئەگەر ویستتان بۆ لەمەودواش کارتان لەگەڵدا دەکەم، بە تایبەتی دوای ئەوەی گەڕامەوە میسر. ئەفسەرەکە پێی سەیربوو و پێی گوت "ئەو زانیاریانەی تۆ دەیانزانی بیاننووسە، شاکر (6) کاتژمێر خەریکبوو بەنووسینەوەی ئەو زانیارییانەی هەیبوون، دواتر ئەفسەرەکە داوای لێکرد لەهوتێلی (واتسۆن) بمێنێتەوە تاکو بانگی دەکەنەوە.

**تشرینی یەکەم**

**2006**



هەرچـــۆنێك بـــوو (5) رۆژ لـــە هوتێلەكـە مایـەوە لـەنێو هـەزار و یەك خەیاڵ، دەزگای سیخوڕی لەو ماوەیـە دەسـتیكرد بەكۆكردنـەوەی زانیــــاری لــــەبارەی ئــــەو و ئاگادارکرایـــەوە، کـــە ســـەردانی باڵوێزخانـــە بكـــات، ئـــەمجارە ئەفسەرێكی دیكە بەناوی (هیدار) پێشوازی لێكـرد، كـە بەرپرسـی سیخوڕی بوو لە هەر سێ وڵاتی عێراق و سوریا و میسر، كە ئەوسا بە (كۆماری عەرەبی یەكگرتوو) ناسرابوون. (شاكر) رۆژانە ماوەی چەند كاتـژمێرێك وەك قوتابیەكی گوێڕاڵ، لەسەر كورسیەكی بەردەم مێزەكەی (هیـدار) دادەنیـشتو گوێی لەئامۆژگارییەكانی دەگرت.

برێك پارەیان پێداو دوای سەفەرێكی كورتی یەك مانگە، گەڕایەوە قوبرسو دەستیكرد بە شرۆڤەی ئەنجامی سەفەرە خێراكەیو لەراپۆرتەكەشیدا، كە نووسیبووی ئاماژەی بەوەكردبوو، هیچی لەكاتی خـۆی بەفیڕۆنـەداوەو هەمیشە سـەرقاڵی دروسـتكردنی پەیوەنـدی بـووە لەگـەڵ بەرپرسـان، بـۆ كۆكردنـەوەی زانیـاری سـیخوڕی. ئەم جارە پاسپۆرتێكی ئیسرائیلیان پێدا بەناوی (موشی ئابراهام) و بە فڕۆكەیەكی ئیسرائیلی لەفڕۆكەخانەی (لەد) نیشتەوە، لەوێ (هیدار) لەچاوەڕوانی دابوو، گەیاندیانە شوقەیەكی تایبەت بەو خەڵكانەی نموونەی (شاكر) لە تەلئەبیب، تاكو بەتەواوی راهێنانی پێبكرێت لەسەر شێوەی كاركردن، ئەم شوقەیەش بەكامێرای وێنەگرتن و كامێرای شاراوە تەنرابوو، هەنگاوی یەكەمیش وێنەگرتنی دیمەنی رووتی ئەو و ئەوكچە تەمەن( 22)ساڵیە بوو، كە وەك كارگێڕی شووقەكەی ئەو لەهەمان شوقەدابوو، بۆ خزمەتكردنی ئەو. بۆ رۆژانی دواتر لەگەڵ بەرپرسانی موساد كۆبووەوە، لەنێوانیاندا (هیدار) و ئەفسەرێكی دیكە بەناوی (ئەبو یوسف)و بەرپرسی هەواڵگری لوبنان. كە پرسیاری رادەی دڵسۆزیشیان لێكرد، ئەو گوتی " سەراپای ژیانم دۆڕان بوو، من بەپێی خۆم هاتووم بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێوە كاربكەم".

راهێنانی (شاكر) لەسەر دەستی چەند ئەفسەرێكی لێهاتوو دەستی پێكرد، لەبارەی شێوەی وێنەگرتنو نامەی شیفرەدارو نووسین بە مەرەكەبی نهێنیو رووپێوی (تۆبۆگرافی) زەویو هەروەها جۆر و كاریگەری چەكەكانو ژمارەو توانایان.

دوای تەواوكردنی ماوەی راهێنان، جارێكی دیكە شاكر گەڕایەوە (نیقۆسیا)و لەوێشەوە بەرەو قاهیرە، بۆ كۆكردنەوەی زانیاری لەمەڕ هێزە چەكدارەكان، بەتایبەتی هێزە ئاسمانییەكان، هەروەها كۆكردنەوەی زانیاری لەمەڕ شارەزایانی رووس و بژاردنی ئەو زیانانەی، كە دوای هەر هێرشێكی ئاسمانی ئیسرائیلی بەر میسر دەكەوتن.

زانیاریەكانیش بە زۆری لە دەمی خەڵكی شەقام و یانەكانی شەوانی كۆدەكردنەوە، بەڵام زانیاری دیكەی تایبەت و سەربازیی، لەو ئەفسەرانە كۆدەكردەوە، كە پەیوەندی خزمایەتی و دراوسێیەتی لەگەڵدا هەبوون.

(شاكر) زۆرینەی زانیارییەكانی لەئەفسەرێك وەردەگرت بەناوی (م.ش.ا)، بەردەوامیش دیاریی نایابی پێشكەش دەكرد كە لەئاست پەیوەندیی نێوانیان دانەبوو، ئەم ئەفسەرە گومانی لە (شاكر) پەیداكردو لای دەزگای هەواڵگری میسری، تێبینیەكانی خۆی لەسەر خستەڕوو، بەڵام دەزگای هەواڵگری میسری وای بەباش دەزانی كە ئەم ئەفسەرە یارییەكەی لەگەڵدا تەواوبكاتو لەمەبەستەكەی تێبگا، كە ئەم هەمووو دیارییە بەخشینو خۆنزیكردنەوەیە چییە؟ كە (شاكر) بەم شێوەیە بارودۆخەكەی بینی، نەیئەزانی مەسەلە چییە، ئەم جارە بەپێدانی دیاری نەوەستا، بەڵكو پارەشی بۆ خستەڕوو، ئەوانیش هەر بەهەمان شێوە لەگەڵ ئەودا بەردەوام بوون، تاكو بەبەڵگەوە دەستگیری بكەنو نەتوانێت نكوڵی بكات.

دەزگای هەواڵگری میسری لەلای خۆیەوە سەرقاڵی رێوشوێنی ئەمنی بوو، بۆ ئەوەی لەدەستیان دەرنەچێت، بەپێی پلانەكەش هەندێك راپۆرت، لەلایەن ئەو (ئەفسەرە) درانە (شاكر)، ئەویش خێرا گەیاندنیە نیقۆسیاو دوای پارە وەرگرتن، جارێكی دیكە گەڕایەوە قاهیرە، ئەم جارە بۆ ئەوەی بەنیازی خۆی ئەفسەرەكە بخاتە نێو تۆڕەكەیانو بەپاساوی چارەسەركردنی كچەكەی بیباتە (قوبرس)، تا لەوێ لەڕێگای وێنەگرتن لەگەڵ ئافرەتێكی سیخوڕ بیخەنە داوەوە. بەڵام دەبووایە ئەمجارە ئەفسەرەكە بۆ (شاكر) وێنەی ڤیدیۆیی شوێنی چەكە دژە ئاسمانییەكانی بۆ بگرتبووایە، بەڵام دەزگای هەواڵگری میسری پێی باش بوو لەوێ كۆتایی بەیارییەكە بهێنێتو دەستگیری بكەن، ئەو شەوەش كە (شاكر) بەسەرخۆشی لەكۆڕی خواردنەوە و سەما دەگەڕایەوە، كاتێ كلیلی خستە نێو دەرگا و دەرگاكەی كردەوە، لەهەموو لایەك هێرشیان بۆ هێناو دەستگیریان كرد، ئەمیش لەترسان میزی بەخۆیدا كرد، ئنجا بەسەرسووڕمانەوە گوتی "بۆ كوێ دەمبەن"، ئەوانیش پێیان گوت "سزای میز بە نیشتمان داكردن، پەتی سێدارەیە".

***لە سایتی فۆستاوە.**

# خەزێنەی زێڕو ئەڵماسی عودەی

# سوودمەندبوونی ئافرەتانی عەرەب

فوئاد رەوەند

**عودەی** خاوەن کەسایەتییێکی لاواز بوو، هیچ کات جورئەتی بەشداری بەرەکانی شەڕی نەبوو.
لەشەڕی ئێراق– ئێران، لەنمایشێکی تەلەفزیۆنی بەهەلیکۆپتەر لەسەنگەرەکانی سوپای ئێراقی دا، بەبیانووی ئەوەی کە ئەم سەنگەرانە بەدەست ئێرانییەکانەوەیە. لەداگیرکردنی کوێتیش ئەو سەرکردایەتی سوپایەکی دزو جەردەی دەکرد، کە هەر خەریکی تالأنکردن بوو، بەرهەمەکەشی هەزاران ئۆتومبێلی دوا مۆدێل بوو. تاوای لێهات سەدامی باوکی ناچاربوو چەند گەراجێکی لەو ئۆتۆمبێلانە بسووتێنێ و هاوشێوەی عودەی لەتەلەفزیۆن نمایش بکرێ و ئۆباڵەکەی بخرێتە ئەستۆی ئەو.
ئارەزووەکانی عودەی، هەر کۆکردنەوەی ئۆتۆمبێل نەبوو، لەتالأنی کوێت دەستی خستە سەر گەوهەر فرۆشە بەناوبانگەکانی ئەو وڵاتە، زۆر لەئافرەتانی جیهانی عارەبی، کە خۆیان بەرۆشنبیر دەزانی و سەنگینی باری کۆمەڵایەتییان نەدەگەیشتە ئەو ئاستەی، کە بڕێکی نەوت ببەن، لەخەزێنەی زێڕو ئەڵماسی عودەی سوودمەند دەبوون.
کوڕی سەرۆك کۆماری پێشووی ئێراق، لەوڵاتێکی دەوڵەمەند دەژیا، کە دەزگایەکی ئەمنی بەهێزو ترسناك بەڕێوەی دەبرد، خەڵك متمانەیان بەژیانی خۆیان نەبوو. زۆر لەئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی بەعسیش خرانە ژێر ئەشکەنجەو لەقەنارە دران، زانایانی ئایینی ئەتك کران، فەرماندەکانی سوپا دەدرانە بەر گوللە، چ جای بگاتە خەڵکی بێ دەسەڵات، بەتایبەتی ئافرەتان.
پزیشکی تایبەتی سەدام دەنووسێ، مەتی سەدام حەزی لە نەشتەرگەری دەکردو بەردەوام کاری ئەنجامدانی نەشتەرگەری بچووك بوو، بۆ ئەوەی خزمانی بەم بۆنەیەوە سەردانی بکەن، نەخۆشی دەروونی سادیسم لە بنەماڵەی سەدام زگماکی بوو. خەڵکی بێ دەسەڵات و بێ پەنای ئێراق بەدەستی کۆمەڵە عارەبێکی نائێراقی دەیاننالأند، کە زوڕنایان بۆ رژێمی بۆگەنی بەعس لەڕاگەیاندن و مەڵبەندە فەرهەنگییەکان لێدەدا. ئەمانە لەوڵاتی هەژارەوە هاتبوون، بەشێکی زۆریان خوێندنیان لەئێراق تەواوکردبوو. یەکێك لە هۆکارەکانی گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو لەشاری سلێمانی، رفاندنی حەوت قوتابی ئەردەنی و قوتابییەکی فەلەستینی بوو لەبەشی ناوخۆیی، لەلایەن پێشمەرگەکانی پاسۆکەوە.



ژمارەیەکی زۆری سۆماڵی، سودانی و لوبنانیش لەم زانکۆیە دەیانخوێند. بەشێکی زۆری ئەو قوتابیانە زوڕناژەنی بنەماڵەی سەدام حوسێن و کوڕە گەورەکەی بوون. خاتوونی پارێزەری لوبنانی (بوشرا ئەلخەلیل) کە لەدەستەی داکۆکیکردنی سەدام حوسێن بوو لە دادگا، لەم ماوەیە وێنەیەکی لەئینتەرنێت بڵاوبووەوە کە لەنێوان کۆمەڵە ئافرەتێك دانیشتووەو خەریکی چەقەنە لێدانەو عودەیش بەدەمانچە تەقەی خۆشی دەکا، ئەم وێنەیە لەکاتێکدا گیراوە، کە میللەتی ئێراق دەیاننالأند.
ئەم خاتوونە خوێندەوارو رۆشنبیرە لەجەژنی شەوانەی عودەی بەشدار بوو. بوشرا، کچی زانایەکی ئایینی شیعەیە لە لوبنان، کەچی شیعەکانی ئێراقی لەلایەن عودەی کوشتار دەکران، بوشراخان بۆ بەرژەوەندی خۆی بێدەنگی هەڵبژاردبوو، هەر بۆیەش عودەی گەیشتبووە ئەو رایەی، کە کردەوەکانی ئەو ئاساییەو خەڵك پێیان خۆشە.
شاعیری مەزنی عارەب (نزار قەبانی) لە هۆنراوەیەکیدا، باس لەم حاڵەتە دەکا، کە سەدام لەو باوەڕەدایە، کە



بوشرا ئەلخەلیل _عودەی

پیاوی عارەب ئەما وا باشترە، چونکە هەرچی توخمی عارەبە دەبێ لەوەوە بێت. عودەی لەو باوەڕەدا بوو، کە وەکو پاڵەوانی ئەفسانەیی یۆنانی هێرکۆلە، کە زۆربەی ڕۆمانییەکان لەو باوەڕەدان، کە ئەوەی ئەون و شانازییان بەوە دەکرد، کە لەگەشتەکەی ئەم پاڵەوانە بەرەو ئیتاڵیا، لەزۆربەی بەندەرەکانی ئەم وڵاتە دابەزیوەو لەمەستی مەی دا، لەگەڵ کچە شۆخ و شەنگەکانی دەستی تێکەڵ کردووە. ژمارەیەکی زۆری ژنی ئاوس، دەبنە دایکی کورگەلی زۆرو هەر ئەوان دەبنە بنەمای دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان. ڕۆمانەکان بەگشتی بەچاوی ڕێزەوە دەیانڕوانییە شارستانیەت و زمان و ئەدەبی یۆنانی. جا عودەی گەوجیش گەیشتبووە ئەو رایەی، کە مادام ڕۆشنبیرو خاتوونی وەك پارێزەر بوشرا ئەلخەلیلی لوبنانی لێی رازین و لەستایشکەرانی ئەون، دەبێ ببێتە شێری عارەب و بەخۆی و باوکی بەم ئەرکە مێژوویی هەڵبستن، بۆ چاککردنی توخم و رەگەزی لاوازی عارەبی، کە بەرامبەر بە جولەکە لەگشت شەڕەکان شکستیان هێناوە. دەبێ رەگەزێکی باش بێتە بەرهەمهێنان. کێ لەعودەی باشترە بۆ ئەم ئەرکە نەتەوایەتییە؟ بۆ پێکهێنانی گەلێکی بەهێزو پەیت وەك ئیسپارتەکان، کە باوەڕیان بەپاکی توخم نەبوو، بەڵکو بە بەهێزبوونی رەسەنییان هەبوو، وەك باس دەکرێ ئەگەر پیاوێك هەستی بەلاوازی خۆی کردبا لەبواری جووتبوون و منداڵ بوون، پەسەندبووە کە سەردانی پەرستگا بکات و لاوێکی بێ ژنی بەهێز پەیدابکاو تکای لێ بکا کە ببێتە میوانی و چەند شەوێك لەناو پێخەف ئەودا لەگەڵ هاوسەری بێت بۆ ئەوەی فەرزەندی باشی بۆ بەرهەم بهێنێ و لەدوای پرۆسەی جووتبوونەکە، دەبوایە خاوەن ماڵ میوان خەلات بکا. مەرج بوو کە ئەم لاوە بێ ژن بێت. راستە عودەی بە ساختە ببووە بەکالۆریۆسی تەلارسازی، بەڵام ئەوەندە خوێندەوار بوو کە داستانی وا بخوێنێتەوە. لەوانەشە خەڵکی وەك خاتوو بوشرا ئەلخەلیلیش هەر بەڕاستی لەو باوەڕەدابن، کە میللەتی عارەب لەدوای سەردەمی زێڕینی عەباسییەکان بەشداری هەر شەڕێکیان کردبێت سەرنوشتیان هەر شکەست بووە. وشەی (النکسە) لەلای عارەب دێرینە، ئەم خەڵکەش بەدوای سەلاحەددینێکی عارەبی گەڕاون، کە رزگاریان بکات لەتەمی شکەست. (ماکیاڤیللی)ش کە پەرتووکی (میر)ی نووسی، وانەبێت پڕ بەدڵ ئارەزووی پادشایەکی وای هەبووبێت، بەڵکو پارچە پارچەبوونی ئیتاڵیاو زوڵم و زۆری فەرانسە، ئیسپانیاو سویسرا، وای لەم زانایەی کردووە ئومێد بخوازێ بەهاتنی میرێکی دڵڕەق و خوێنڕێژ، تا بەڵکو ئیتاڵیا یەك بخات. عارەب کە نسکۆ بەشی بێت و گشت سەرکەوتنەکانی تەنیا لەسەر کاغەزبێت و ئیسرائیلێکی سێ ملیۆنی بەربەرەکانی 300 ملیۆن عارەبی پڕ چەك و دەوڵەمەند بکات، شۆڕشی کوردیش بەتفەنگی برنۆ لەشاخی هەندرێن یەك تیپی پڕ چەك و تفاق هەپروون بە هەپروون بکا، جا عارەبێکی ناسیونال چۆن شێت و هار نابێت.

خەڵکی تلیاکیی، بەردەوام لەناو خەیاڵ دەژێت و بەکەیفی خۆی راستییەکان بەقازانجی خۆی دەگۆڕێ، ناسیونالیستی چاوتەنگی عارەبی، نسکۆی شۆڕشی ئەیلولیان بە سەرکەوتنێکی مەزن لەقەڵەم دا، بەڵام چونکە لەژێر کاریگەری تلیاکی دەمارگیری دابوون، لەدەستدانی نیوەی شەتول عارەبیان لەبەرچاو نەبوو. داگیرکردنی پارێزگای خوزستانی ئێران لەلایەن سەدام، بەرزگاری دەروازەی ڕۆژهەڵاتیان دەهاتە پێش چاو. کەچی خومەینی بەرەچەڵەك عارەبێکی قورەیشی و نەوەی پێغەمبەر (د.خ) بوو، بۆیەکەم جار لەسەدەی رابردوو زمانی عارەبیشی کردە زمانی فەرمی ئێران و دژی ئیسرائیل وەستاو دەستی یارمەتی بۆ فەلەستینیەکان درێژ کردو باڵیۆزخانەی لەشاری تارانی پایتەخت بۆ کردنەوە. ڕۆشنبیری عارەب، برسی و رووت و رەجاڵ بوون، کە لەژێر سێبەری شکست دەتلانەوە، رزگارکەری خۆیان لە (عودەی سەدام حوسێن) دەبینی، کە لەدوای باوکی فەرماندە، دەبووە سەرۆك کۆمار. فس فس پاڵەوانی عروبەش کە لەگۆڕەپانی بەربەرەکانی ترسنۆك و زەلیل بوو، نەخشەو پیلانی سەرکەوتنی دەکێشاو بەدامەزراندنی سوپای فیدائیەکانی سەدام و سوپای قودس و دەستەو تاقمی هەڤاڵانی رابەر، لەکۆشکەکانی وەك دۆنکیشۆت شەڕی دێوو ئەهریمەنی دەکرد. مێژوو دووبارەبوونەوەیە، بەڵام بەبەرگێکی تر، لە پەرتووکی (تاریخ عضدی) نووسراوە، (خواجە محەمەد قاجار) کە دامەزرێنەری پادشایی قاجارە، لەکاتی ئەسیریی بەدەستی دوژمنانی لەپیاوەتی خرابوو، بەڵام سەردارانی ئێران بۆ ماستاوچییایەتی کچی جوانی خۆیان پێشکەشی خاوەن شکۆ دەکرد. شای قاجاریش بۆ حەشاردانی راستییەکان، کە نێرەمووکە قبوڵی دەکردن و شەوانەش بەگازو نوقرچکەو بە ددان و نینۆك دەکەوتە گیانی ئەو شۆخ و شەنگانە، کە گوایا زاوایەو خەریکی پەردە درێنی کچێنی بووکە، بووکی قوڕبەسەر جگە لەهاوارو فوغان هیچی بەدەست نەبوو. جیاوازی نێوان دیکتاتۆری و ئیستبداد زۆرە، لەڕژێمی دیکتاتۆریی یاسا هەیە، بەڵام دادپەروەرانە نییە، بەڵام لەئیستبداد، ئەگەر یاساش هەبێت کەس گوێ ناداتێ و پادشا بەمیزاجی خۆی کار دەکات، رۆژێك ئەهریمەنەو رۆژێکی تر فریشتە. خەڵکی سەردەمی عودەی لەرژێمێکی ئیستبدادی دەژیان و ناچاربوون بێ دەنگ بن و چەپڵە بۆ جەلادەکان لێ بدەن. جا فس فس پاڵەوان لەدوای سێ بار ژنهێنان هەر حەزی



عودەی، لەشەوانی سەماو رابواردن

بەوە دەکرد، کە زوو لەدەستی هاوسەرەکانی رزگاربێت. زوو ژنی یەکەمو دووەمی تەلاق دا، بۆ ئەوەی لاسایی ئیسپارتییەکان بکا، خۆی دەکردە میوانی پێخەڤ ئێراقییەکان، چونکە ئەوان ئەو تێگەیشنەیان نەبوو کە ئارەزوومەندانە داوای لیّ بکەن، کە لەگەلّ هاوسەرەکانیان جووت بێت. عودەی ئارەزووی دەکرد کە میللەتی ئێراق وەك رۆمانەکانی دێرین شانازی بکەن، کە باپیریان عودەیە، ئەو ئێراقی بەماڵی باوکی دەزانیو ئێراقیەکانیشی بەکۆیلەی ماڵەبابی.
وانەبێت تەنیا عارەب بە ماستاوچیایەتیان بۆ (ابو سرحان) کردبێت، بەڵکو (ڤیدل کاسترۆ)ی کۆنە شۆڕشگێڕی بەناوبانگی (کوبا)ش، بەناردنی جگەرەی مونتکریستۆی ژمارە (6)، کە نایابترین جگەرەی جیهانە، سالاّنە سەدان سەندوقی وەك خەلاّت بەفڕۆکە لەکوبا بەڕیّ دەکردە بەغدا، چونکە عودەی حەزی چوو بووە کێشانی ئەم جگەرەیە!. سەرچاوەی مەیو مەشروبەکانی ئەو نازانم، بەلاّم دلّنیام کە هەر بە بەلاش بووە، تەنیا کۆیناکی هنسیو شامپانیای دۆن پرینیۆنی خواردووە. لەباسکردنی ڤیدل کاسترۆ نامەویّ یادی پرشنگداری (گیڤارا) بخەمە مەترسی، بەلاّم لەخوێنەر دەپرسم جیاوازی نێوان گیڤارای خەلّکی ڤینزویلا، کە گیانی بۆ کوباو پۆلیڤا خستە مەترسیو کاسترۆ کە لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول مەشقی تایبەتی شەڕی پارتیزانی دەدایە سوپای ئێراق، بۆ ئەوەی بتوانن شەڕی کوردان بکەن، جیاوازی نێوان قارەمانی کوبای دژی دیکتاتۆر باتیستاو کاسترۆی هاوڕێی عودەی زۆرە.
لە ساڵی 1988 کە کوڕو جێنشینی سەرۆك کۆماری ئێراق ببووە سەرۆکی ئەنجوومەنی ئۆلۆمپیکی ئێراق، بەدوای کچانی وەرزشکاری ئێراقی وێلّ بوو. ئەو کچانەی بە کچانی لەشو لار تەندروستەکانی ئیسپارتی دەشوبهاند، کە وەرزشیان دەکردو پێیان دەکرا بەشداری شەڕیش بکەن. بیرۆکەی (الماجدات) کە کچانی شەڕکەری بەعسی، هەر لەمێشکی پیلاندانەری عروبەوە سەرچاوەی گرتبوو، هەر ئافرەتێك دەبوا ماجیدەی عودە بێت! بۆ بەدەستهێنانی ئافرەتی جوانیش ئەو پشتی بەدەزگای راگەیاندنی خۆی دەبەست، وەك جەژنی بابلو رۆژنامەی بابلو تەلەفزیۆنی (الشباب). ژووری نووستنی ئەو پڕ بووە لەوێنەی ئافرەتی رووت. لە ساڵی 1990 دزینی بووکەکان لەسەر دەستی دەستو دایەرەی عودەی باوترین کردەوە بوو. بەشێك لەو بووکانەی کە خۆیان بەدەستەوە نەدەدا، خرانە ناو حەوزی ئەسید، بووکێك کە شانسی زیاتری هەبوو لای چەپی شانو ملو ڕوومەتی بە ئەسید سووتێنرا. بووكو زاوایەك کە کەژاوەیان لەشەقامەکانی بەغدا دەسوڕایەوەو ڕێی بەکەژاوەی پاسەوانەکانی عودەی نەداوە کە پێشیان بکەویّ، زاوا زیندانی دەکریّو لەدوای وەرگرتنی زانیاری لەسەر بووکەکەی شێت دەبێت. بووکی نازدار لەدوای رووتکردنی لەلایەن عودەی، لاشەی بەجگارە دێتە سووتاندنو لەشی سووتاو بەهەنگوین دەسوونو دەخرێتە ناو قەفەسی سەگی دوبرمان، کە چەند رۆژ برسی راگیرابوو. پاشماوەی بووك تەنیا چەند پەڵە خوێنێك بوو کە لەسەر زەمینی قەفەس مابووەوە. خۆراکی سەگەکانی فس فس پاڵەوانی عروبەش، لاشەی نازداری بووکانی ئێراقی بوو. خودای مەزن تۆڵەی ئەو هەموو زوڵمەی لێکردنو ریسوایی بۆ سەدامو بنەماڵەکەی بووە میرات. نەمرودەکان نامێنن، گەلان بەسەربەستیی مێژووی خۆیان دەنووسن، ئەمەی سەرەوە مەڵۆیەکە لەخەرمانی کردەوە قێزەونەکانی ترسنۆکێك.

## چلورە هەردی:

# غیرەکردن لە خۆشەویستییەوەیە، ئەگەر تۆ کەسێکت خۆش نەوێت غیرەی لێناکەیت



ئەو رۆژە تەنها خۆڵ لەئاسمانی هەولێر دەباری، تەوژمو هاشوهووشی (با)ش هەراسانی کردبووین، ئاسمانی ئەو شارە تاریکیی و تەم دایگرتبوو، تۆزو غوبار رۆحی زیندوویێتی شاری کوشتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەلەکەمان لەکیس خۆمان نەدا.. لەسەر قەنەفەیەك و لەژوورێکی بچووکی قەرەباڵغ، کە دیوارەکانی بەتوحفەی کەلوپەلی کوردەواری رازابوونەوە، کەلوپەلێك بەرهەمی دەسترەنگینی ئافرەتی کوردو سەلیقەو شارەزایی و دەوڵەمەندی کوردی پێوە دیار بوو، لەدابینکردنی پێداویستییەکانی رۆژانی زوویان کەوتینە وتوێژ.

بەرلەوەی لەنزیکەوە تەعاروف بکەین، خەڵکێك وا حاڵی کردبووم، کە ئەو زۆر بەفیزەو لەبینینی خەڵك بێتاقەت دەبێت و ناز دەکێشێ و لەبواری کاری خۆیشیدا شتێکی لەباردا نییە بیڵێ، بەڵام دواتر دەرکەوت قسەکان وا نین.. کە چووم باوەشم بە پێشوازییەکی کوردانەی پڕ بزەو خەندەو میواندۆستیی و بەخێرهێناندا کرد، ئافرەتێکی رووخۆشی سادەو خاکی، کە دەزانێ رێز لەبەرامبەرەکانی بنێ، ئەو بەجلێکی ناسکی کوردی ئاودامان لەجوانی و بەبێ لەنجەو لارو نازو عیشوەوە بەپیرمەوە هات، هەر بەدەستی ئەنقەستیش هەندێ پرسیاری لابەلام لێیکرد، دەرکەوت توانا و هەناسەی وەڵامی پرسیاری ئاڵۆزتریشی هەیە، بۆیە زانیم باشترین شت بۆ مرۆڤ ئەوەیە لەنزیکەوە بڕیار لەسەر کەسێك بدات، نەك لەبارەی ئەو کەسەوە، پێناسەکەی لەدەمی خەڵك وەربگرێتەوە. هەر زوو هەستم کرد بۆ ئەو پرسیارانەی من خۆی ئامادە نەکردووە، ئەوەش لەوەڵامی پرسیاری یەکەمیدا دەرکەوت، کەچی دواتر ئاسایی هاتە نێو گفتوگۆکە و سڵیشی لەهیچ پرسیارێکم نەکردەوە، ئیتر زۆرترین قسەمان کردو سەرمان بەزۆرینەی دەلاقەکانی ژیان و بیرەوەری ئەودا کرد، شتێکیش لەو دانیشتنە دۆستانەدا بێتاقەتی کردم پیلەکانی کامێراکەم بوو، کە لەماڵەوەو لەسەر ئامێری شەحن بیرم چووبوون و خەریکبوو دیدارەکە بەبێ وێنە بێتە بەردەمی ئێوە، بەڵام لەش سووکی (عەلی)، کە وەك روح سووکیەکەیەتی، چارەی گرفتەکەی کرد، بەهەرحاڵ ئەو کەسە (چلورە)ی کچی شاعیری گەورەی کورد (ئەحمەد هەردی)ـەو فەرموون بەیەکەوە با سەر بەماڵی یادەوەرییەکانیدا بکەین.

بەڕێوەبەری نووسین

***چلورە کێیە؟**

– وەی (بەترس و پێکەنینەوە)، وەڵڵاهی بڵێم چی، وەڵامی ئەو پرسیارە تۆزێ زەحمەتە، چونکە بەردەوام لەناو شتەکاندا گەورەبووین، بۆیە زەحمەتە خۆت دوورخەیتەوەو بڵێی چلورە هەردی کێیە، بەڵام بەهەر حاڵ، کوردێکی تا ئاستێك رەگەزپەرست، واتە رەگەزی کورد، دایکێکی زۆر دڵسۆز، هاوسەرێکی باش، مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی، کە حەزدەکا دەوروبەری ئاشتیخوازانە هەڵسوکەوت بکەن و دژی توندوتیژیم.

***کە دەڵێی کەسێکی نەتەوەییم، ئەوە پەیوەندی بەسروشتی خۆت و هوشیاری و بیرکردنەوەت هەیە، یا بەو ژینگە خێزانییەی تێیدا گەورەبوویت، یاخود روونتر بڵێم کاریگەری بیری (هەردی)یە بەسەرتەوە؟**

– بێگومان (هەردی) کاریگەری زۆر زۆری هەبووە، باوکم بە شاخەوە بووەو خەریکی کوردایەتی بووە، هەمیشە بەدڵتەنگیم بینیووە، کە لێمان پرسیوە، گوتویەتی لەبەر کورد دڵتەنگم، چونکە تا ئێستا نەگەیشتۆتە ئامانجەکانی، ئیتر ئەو هەستە لەناخی منیشدا گەورەبووە، دواتر کە ژیانی هاوسەرێتیم پێکهێناوە، بەهەمان شێوە هاوسەرەکەشم هەروا بیری کردۆتەوەو هەڵوێستی نواندووە، هەموو ئەوانە منیان کردووە بە رەگەزپەرستێکی توند.

***ئەگەر کچی (هەردی) نەبوویتایە، ئێستا وادەبوویت؟**

– (دوای ئێستێك و بیرکردنەوەیەکی کورت)، دەشێت، چونکە خەڵکانێکی زۆر هەن، ئەو هەست و ئینتمایەیان لا دروست بووە، بۆیە دەشێت هەر ئەوەی ئێستا بووام، بەڵام بێگومان (هەردی) کاریگەرییەکی زۆری لەدروستکردنی ئەو کەسایەتیەمدا هەبووە.

***لەماڵەوە چەند کەسن؟**

– ئێمە حەوت منداڵین، چوار خوشك و سێ برا.

***کامەتان ناز بەسەر ئەوەی دیکەدا دەکێشێ؟**

– هەموویان نازی من هەڵدەگرن، چونکە لەهەموویان گەورەترم، بەڵام ئەوەی کە زۆر زۆر نازی هەڵدەگرین، خوشکە بچووکەکەمانە (چۆمان).

***بەدرێژایی تەمەنت و تا ئێستا، ئەو شیعرەی (هەردی) بەسەرتدا**

**دەچەسپیٚ، بە سەرسامی لەسەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم..هتد؟**

– نا، ئەوەی کە باوکم گوتویەتی هەڵبەتە لەتاڤ گەنجێتیدا دیارە هەرەسهێنانێکی دیوە، بەڵام سوپاس بۆ خوا من ئەو هەرەس‌و شکستانەم نەدیوە، دوای ئەوە من زۆر کەسێکی گەشبینم‌و دەتوانم بڵێم شتی زۆر بچکۆڵە دڵم خۆش دەکات، لەبەر ئەوە ئەگەر هەمان ئەو شیعرەی باوکم بڵێمەوە دەڵێم:

**بەسەرسامی لەسەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم**
**شریتی عومری رابردووم بەخۆشی دێتە بەرچاوم.**

***منداڵیی چلورە چۆن بوو؟**

– منداڵییەکی خۆش بوو، خراپ نەبوو، ئەوەی خۆشبوو ئێمە خێزانێکی گەورەبووین، جگە لەوە سەردەمی ئێمە دراوسێیەتی هەبوو، هەموومان تێکەڵبووین‌و پەیوەندی کۆمەڵایەتی باشمان هەبوو، ئێمە منداڵی گەڕەك‌و بەتایبەتی دراوسێکان، تێکەڵ دەبووین‌و بەیەکەوە دادەنیشتین‌و یاریمان دەکرد، ئێستا خەڵك زۆر گۆڕاوەو (معقد)بوونە، خەڵك دەرگا لەسەر خۆی دادەخات‌و کەس لەدەرگای کەس نادات‌و کەس ئاگای لەکەس نییە.

***رۆژێك هەستت کردووەو بەبیرت دێت دایك‌و باوکت جیاوازییان لەنێوان کچ‌و کوڕەکانیان کردبێت؟**

– بە هیچ جۆرێك، ئەوە یەکێك بووە لەو شتانەی کە کاریگەری زۆری هەبووە لە سەرمان، باوکم هەمیشە پێی دەگوتین جیاوازی کچ‌و کوڕ نییەو دەبێ هەمووتان کۆلێژ تەواو بکەن‌و خوێندەواربن. قەت رۆژێ نەمبیستووەو نەمبینیووە بۆ نموونە باوکم بڵێ وا دەبێ‌و وانابێ، واتە هەرگیز رۆژێ لەرۆژان جیاوازی لەنێواندا نەکردووین.

***کەی هاوسەرگیریت کرد؟**

–ساڵی 1976، ئەوکات دوای نسکۆی شۆڕش بوو لەئێران بووین، لەوکاتە چووین بۆ بەریتانیاو تا ساڵی 1999 نەگەڕاینەوە کوردستان.

***ئەو هاوسەرگیرییە رێکەوت بوو، یا زەمینەی تری هەبوو؟**

– رێکەوت بوو، چونکە ئەودەمە من قوتابی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بووم، کە بەفارسی تەواوم کرد، لە دوای ئەوەی کە خەڵك زۆربەی گەڕایەوە، باوکم ئەگەرچی لەوە دەترسا دواڕۆژی ئێمە بفەوتێ، بەڵام سووربوو لەسەر ئەوەی نەگەڕێتەوە ژێر سێبەری رژێم، ئیدی ئەوەبوو ماینەوە، بەهەرحاڵ ئەودەمە نەك من، باوەڕ ناکەم کەسیش لە کوڕان‌و کچان لەناو ئەو نەهامەتیی‌و دووڕیانەدا کەس بیری بۆ ئەو لایەنە نەدەچوو. ئیتر بەڕێکەوت (شەفیق) هاتە پێشەوەو کارەکە سەری گرت، بەڵام من مەرجی خۆم دانا، بەوەی کە ئەگەر بشچمە بەریتانیا دەبێ خوێندن تەواو بکەم‌و لەسەر کاری خۆم بەردەوام بم.

***تا ئەو دەمەی شووت نەکردبوو، بەهیچ ئەزموونێکی خۆشەویستیدا رەت نەبوویت؟**

– نا، نا نەوەڵڵا (بە پێکەنینەوە) نا نا، باشترە بڵێم بوارو دەرفەتی ئەوەمان نەبوو ئەو کاتە، چونکە ئێمە کە کوردستانمان بەجێهێشت پۆلی چوارەم بووم‌و چووینە ناو شۆڕش، لەوێش هەر بیرمان لەوە دەکردەوە ئەها پێشمەرگە شەهید بوو، شۆڕشەکەمان وایە، بەجارێك خەیاڵمان لای ئەو شتە بوو.. ئیدی زروف‌و سەردەمەکە وایکرد شتی لەو بابەتەمان بەخەیاڵدا نەیەت، هەرچەندە قوتابخانەکەشمان ئەو کاتە تێکەڵاو بوو، بەڵام سەختی



ژیانی دەربەدەری‌و ئاسۆو ئایندەی شۆڕش زیاتر مژوڵیان کردبووین، دوای ئەوەش نەگەیشتمە قۆناغی زانکۆو وەك باسمکرد شووم کرد.

***رۆژانە بەخۆت‌و دکتۆر شەفیق چەند کاتژمێر یەکتری دەبینن؟**

– زۆر، رۆژانە من لەدوای دەوام تا بەیانییەکەی لەماڵەوەم، ئەوکاتانە هەمووی بەیەکەوەین‌و زۆربەی شتەکانمان لەگەڵ یەکترە، ئیتر لەوکاتەوە ئیش‌و کارو قسەمان بەیەوەکەوەیە.

***رۆژێك وابووە لە یەکتری زوویر بووبن؟**

– (بە پێکەنینێکی زۆر) ئەرێ وەڵڵا زۆریش بووە، ئەمە شتێکی زۆر زۆر ئاساییە، چونکە هەر کەسێك لە ماڵێکدا ئەوەندە بەیەکەوەبن، زویریش هەر دەبن.

***لەنێوان سەنتەری خاتوزین‌و منداڵەکانت‌و دکتۆردا، کامیانت خۆشتر دەوێت؟**

– پرسیارێکی زۆر قورسە، بەڵام وابزانم خێزانەکەی خۆم بەهیچ شت و کەسێك ناگۆڕمەوە، هەموو جاریش گوتوومەو دەڵێم ئەگەر کار بگاتە ئەوەی لەنێوان خێزان و ئیشوکارەکانما سەرپشك بکرێم، دەڵێم خێزانەکەم.

*** پەیوەندیت لەگەڵ منداڵەکانتا چۆنە؟**

– زۆر باشە، من سێ کوڕم هەیەو کچێکیشمان هەیە، کە کچی (شەفیق)ە و لە ئافرەتێکی ئەمریکییە، بەڵام وەك کچی خۆم وایە. کوڕەکانم‌و کچەکەیش ئەگەرچی دایکی ئەمریکییە، هەموویان بەمنەوەن‌و زۆر زۆر متووی منن. بەتایبەتی کچەکە هەر بەدایە بانگم دەکات‌و زۆرجاریش کە کارێك یان پرسیارێکی هەبێت لەوێوە لەئەمریکاوە تەلەفۆنم بۆ دەکات.

***دایکی ئەو کچە ماوە؟**

– بەڵێ دایکی ماوەو لە ژیاندایەو هەر لە ئەمریکاشە.

***واتە ئێستا هەردووکتان هاوسەری دکتۆرن؟**

– نا، ئەویش دوای جیابوونەوەیان شووی کردۆتەوە.

***تۆ لەماڵەوە کەیبانوویت، یان کەسێکی تر کاری ماڵەوەت بۆ دەکات؟**

– یەکێك هەیە یارمەتیم دەدات، چونکە بۆ خۆم بەتەنیا فریاناکەوم‌و پێم ناکرێ.

***ئەی بۆ خۆت کەیبانووی باشیت؟**

– بۆ ئەوەیان ئا، کەیبانووێکی زۆر باشم، چێشتی زۆر خۆش لێدەنێم، چونکە (شەفیق) زۆر حەزی لەخواردنی خۆشە، ئینجا ئەوکاتەش کە هاتە خوازبێنیم، گوتی یەك لەمەرجەکانم ئەوەیە خواردنی باش بکەیت. ئەوەش هەر قسەی خۆم نییە، تەنانەت

(شەفیق)و ئەوانەی لە دەورووبەرمن، ئەو گەواهیەم بۆ دەدەن، چونکە زۆر حەزم لە چێشتلێنانەو چێژێکی زۆری لێوەردەگرم و بەلای منەوە هونەرە.

***ئەو خواردنانەی لە دروستکردنیاندا وەستای؟**

– بڵێم چی؟ هەموو خواردنە کوردەوارییەکانی خۆمان، ئا، من سەروپێ و شتی وا لێنانێم و قەتیش دەستم بۆ نەبردووەو نەمکردوون و نایشیکەم.

***کەوابێت خۆشترین خواردن بەلاتەوە کامەیە؟**

– جا بڵێم چی.. دەزانی خواردنە کوردیەکانم هەمووی حەز لێیە، بەڵام بەزۆری (یاپراخ)، لەهەمووشیان زیاتر حەزم لە (قبولی)ە، ئەوەی سلێمانی ئەگەر چەند رۆژێک نەیخۆم، ئیتر ئەوە نییە بە پەلەم تا دروستی دەکەم.

***قەت رێکەوتووە دکتۆر گەڕابێتەوە ماڵ و خواردن ئامادە نەبووبێت و تووڕە بووبێت؟**

– زۆر ئاساییە، کە دێتەوە شۆربایەک هەبێت دەیخوات، ئەگەرچی تۆزێ نارەحەت دەبێت و دەڵێ زۆرم برسیەو ئەو شۆربایە چییە، بەڵام بەئاسایی ملی پێوە ئەنێت و دەیخواو کێشەی نییە، بە پێچەوانەوە زۆرجار لەبەر قەڵەوی خۆی دەڵێ ئەمڕۆ هیچ لێمەنێ و شۆربایەک ئامادەبکە با کەمێ لاوازبم، کەچی کاتێ هاتۆتەوە ماڵەوە پێی گوتم خۆ شوکر بەقسەت نەکردووم، گوتوومە بەرێ وەڵڵا، ئیدی پێم دەڵێ چیتر بە قسەم مەکە، بۆ لەشتی دیکە بەقسەم ناکەیت، بەڵام لەوەیان سێ و دووی لێناکەیت، بەڵام قەت تووڕە نەبووە، تەنانەت زۆرجار هاتۆتەوە چێشتی رۆژی پێشترم گەرم کردۆتەوە.

***زۆرینەی تەمەنت لە بەریتانیا بەسەر بردووە، ئێستاش لێرەیت، ئەگەر بەڕاشکاوی بڵێیت کام لەم دوو شوێنە بەماڵ و نیشتمانی خۆت دەزانی؟ لەکامیان ئاسوودەتری؟**

– بێگومان ئێرە.. تازە لێرەش ئاسوودەترم، بڕواناکەم بتوانم رۆژێکی دیکە لەوێ بژیم، 23 ساڵ لەوێ ژیام، تاکو 10 ساڵی یەکەمیش هەرچی شتێکی نێو ماڵیشم دەکڕی دەمگوت تۆ بڵێی بتوانم بیانبەمەوە کوردستان.

***لەگەڵ گەشت و سەیران و زەماوەند چۆنی؟**

– زۆرم حەز لێیەتی، زۆر حەزمان لەڕابواردنی ژیانی خۆشە، بەبەردەوام لەگەڵ خێزان و کەسوکاری خۆم و (شەفیق) گەشت و سەیرانی زۆر دەکەین.

***تا چەند بەشداری ناخۆشی خەڵک دەکەیت؟**

– بەحوکمی ئەوەی لەمێژە لێرە نەبووم و ماوەیەکی زۆریش نییە گەڕامەتەوە، زۆر کەم کەس دەناسم، جاری لەهەولێر کە کەسم تیا نەدەناسی خەریکە وردە وردە خەڵک دەناسم، بەتایبەتی ئەوانەی ئێشیان لەگەڵدا دەکەم، لەسلێمانی هەر کەس ناناسم، چونکە کە رۆیشتم لەپۆلی چوارەم بووم و دوای ئەو هەموو ساڵە، بەدەگمەن رەنگە کەسێک هەبێ بیناسم، بەڵام وەکو تر هەر کەسێک بناسم بێگومان زۆر زۆر پێیانەوەم و بەشداری خۆشیی و ناخۆشیەکانیان دەکەم، تەنانەت کە لە دەرەوە بووم زۆر تێکەڵی کوردەکان بووم و بەشداری خۆشیی و ناخۆشیەکانم کردوون.

***کەواتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانت سنووردارن؟**

– بەڵێ سنووردارن، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە زۆر خەڵک ناناسین، ئێمە لەئەورووپا پەیوەندیەکانمان باشتر بوون، چونکە کۆمەڵێ کوردبووین و ناچاربووین یەکتری ببینین و دڵنەوایی یەکتری بکەین.

***رۆژانە چەند کاتژمێر دەخەویت؟**

– وەڵڵا بڵێم چی، لە کاتژمێر 11 دەبێ بنووم و 7یش هەڵدەستم، ئێوارانیش 20 خولەکێک بەسەر کورسییەکەمەوە دەنووم.

***چەند کاتژمێر تەرخان دەکەیت بۆ خۆ رازاندنەوەو مکیاژ؟**

– هەمووی 10 خولەک تا چارەکە سەعاتێک، هەر ئەوەندە.

***چۆن دەڕوانیتە لەچک پۆشینی ئافرەتان (حیجاب)؟**

– بەراستی لەچک پۆشین بۆچییە؟ من تێناگەم، کێشەی ئێمە لەم بوارەدا یەک شتە، ئەویش ئەوەیە دەڵێن ئەگەر ئافرەت خۆی بشارێتەوە تاکو پیاو سەیری نەکات و نەزەری تێنەکات، واتە تیۆرەکە وایە ئەگەر خۆت نەشاریتەوە پیاو نەزەرت تێدەکاو گوناهبار دەبێت، بەڵام هیچ کات باسی ئەوە ناکەین بۆ پیاو گوناهبار نابێت سەیری من بکا، خۆ من بۆ ئەو خۆم نەڕازاندۆتەوە، ئێستا رۆژانە دێمە ئێرە جلی کوردی لەبەردەکەم و خۆم دەڕازێنمەوە، زۆر کەم پیاو دێتە ئێرە، من لەم بەینی چوار دیوارەم و ئەگەر پیاوێکیش بێت نەزەر بکات، بێگومان خەتای



ئەوەو خۆمن سەیری ئەوم نەکردووە.. ئەبێ سزاکە لەلای خواوە بۆ ئەو بێت، چونکە ئەوە نەزەر دەکات.

***ئەی تێڕوانینت بۆ ئەوانەی لەرەمەزاندا لەچک دەکەن و دواتر فڕێی دەدەن (ئەو دیمانەیە لە مانگی رەمەزاندا کراوە)؟**

– بەڕای من ئەو شێوە لەچککردنە ترسە لەکۆمەڵگا، لەوانەیە ترسی ئاینیشی تێدابێت، بەڵام بەڕای من لەزۆربەی حاڵەتاکاندا لەترسی تیرۆتانەو توانجی خەڵکییە، بۆ نموونە زۆرجار دەچمە نێو بازاڕو سەرم نەپۆشیوە، ژن هەیە بەلامدا رەتبووە گوتویەتی ئەها ئەو ئافرەتە لەچکی نەکردووە، جا تۆ حەقت چییە بەسەرمەوە، من دەچمە قەبری خۆمەوە، دەزانی چی؟ پێویستە ئایین ببێتە ئایینی تاکەکەس، من چۆن دەمەوێ مومارەسەی ئەو ئایینەی خۆم بکەم ئازادم، لەگەڵ خوای خۆمدا درۆم نەکردووە، ئیتر لەبەرچاوی بەندەی ئەودا بۆ بیکەم.

***هەمیشە دەڵێن دایک دڵی بە کچەوە خۆشە، تۆ کە تەنها سێ**

# نازانم لۆژیك و ماقوڵیەت لە کوێی ئەو رایەدایە، کە پێی وایە ئەگەر فرەژنی نەبێت کۆمەڵگا بەدڕەوشت دەبێت و قەیرەیی زیاد دەکات و پیاو زینا دەکات

**کورت هەیە، پێت وایە ئەوان دەتوانن ئەو بۆشایی دایکایەتیەت بۆ پڕبکەنەوە؟**

– دەزانی چییە، ئەو کچەی وتم ئەو بۆشاییەی زۆر بۆ پڕکردوومەتەوە، بەڵام یەك كێشەم هەیە ئەوەیە کە زۆر دوورەو لە ئەمریکایە.. تەنانەت کە دەگەڕێینەوە دەرەوەش هەر دەچینەوە بەریتانیا، ئیتر زۆربەی کات لێم دوورە، راستیت دەوێ حەزم دەکرد ئێستا کچێکی بچکۆڵەم هەبوایە، یان هەر نا ئەو کچەی ترم لێ نزیك بوایە.

***قەت رۆژێك بووە غیرەت لە دکتۆر کردبێت؟**

– ئەری وەڵلا زۆر غیرەی لێدەکەم، جارێك هاتەوە ماڵ و گوتی کچێکی زۆر جوان هاتە لام لە دەوام، وتم عەمری نەمێنێ، وتی بۆ دەیناسی، وتم نایناسم بەس بۆ کچی جوان دێ بۆ لای تۆ.. من پێم وایە غیرەکردنیش لە خۆشەویستییەوەیە، ئەگەر تۆ کەسێکت خۆش نەوێت غیرەی لێناکەیت، ئەو غیرەیە نا کەخەڵك بۆ کورسیەکەت لێت دەکات، مەبەستم غیرەی خۆشەویستییە.

***تا چەند توانیوتە هاوسەنگی لەنێوان کاری خۆت و ئەرکی هاوسەری و دایکایەتی رابگری؟**

– راستیت دەوێ هەر کەسێك، جا مەرج نییە تەنها ئافرەت، ئەگەر بیەوێ ئەو هاوسەنگییە رابگرێ، دەبێ پلان و ژیانێکی رێکخراوی هەبێت، من بۆ خۆم ئەو شتەم هەیە، ئەو شێوە ژیانەش ئەوروپا فێری کردووم، واتە ئەزموونی ژیانم لەوێ، چونکە لەوڵاتی ئێمەدا ئەو سیستەمەی ژیانە نییە، زۆر بەداخەوە خێزانەکانی ئێمە لێرە زۆر ناڕێکخراون، هەر بە رۆتین دەژین.

***لە ژیانی خۆتدا بێجگە لە (هەردی) کێ بە مامۆستای خۆت دەزانی؟**

– (شەفیق)، چونکە بەڕاستی کە شووم کرد، مناڵ بووم و ئەویش لەمن گەورەتر بوو، هاوکاری و پشتگیری کردم تا خوێندنم تەواوکردو ئەو بۆشاییەی غوربەت و دووری خێزانەکەم و کوردستانی بۆ پڕکردمەوە، رێنمایی کردم لەسەر چۆنیەتی سروشتی ژیان و ژینگەی نوێی ئەوروپا.

***ئەو کارەی ئێستا دەیکەیت پرۆژەی پێشوەخت و عیشقێکە بۆ کارەکە یان رێکەوت بوو؟**

– راستیت دەوێ پرۆژەیە، چوون کە هاتمەوە نزیك بە شەش مانگ بێکار مامەوە، ئەملا بکەو ئەولا بکە، سەردانی دوو سێ وەزارەتم کردو هەندێ خەڵکم ناسی و دواتر بیرم کردەوە، کە کێشەی ئافرەت و مناڵ لەوڵاتی من لەهەر کێشەیەکی تر گەورەترە، ئەوەبوو بە (شەفیق)م گوت، نامەوێ کاری حکومی بکەم و ناشمەوێ لەماڵەوە دابنیشم، بۆیە دەمەوێ رێکخراوێك دابنێم.. ئیدی بەم چەشنەو بە باوەڕبوون بە پەیامەکەم دەستمپێکردو کۆمەڵێ خەڵکم ناسی و کۆمکردنەوە.. سەرەتا رێکخراوێکی بچکۆلانەمان داناو وردە وردە ئیشمان تێداکردو تا بەئەمڕۆمان گەیاند.

***ئافرەتان چۆن بە دەنگتانەوە دێن و تا چەند دێنە نێو کارەکانتان و بەشداری چالاکییەکانتان دەکەن؟**

– بەڕاستی ئیشکردن لەهەولێر زۆر زەحمەتە، ئافرەتەکانیان بۆ ئیش زۆر نایەنە دەرەوە، پیاوەکانیان باشن و ئازادن لەکاری دەرەوەدا، بەڵام ژنەکانیان زۆر بەزەحمەت کۆدەکرێنەوە، بۆ نموونە ئەوە شەش ساڵە لێرەین، هێشتا ئافرەت کەم دێنە ناو ئیش.

***لەو کارەتاندا قەت وابووە گرفتتان بێتە رێگا، گرفتی کۆمەڵایەتی لەلایەن کۆمەڵگا خۆی، نەك لەبواری تەکنیکی؟**

– لەلایەن کۆمەڵگاوە زۆر باش قبوڵ کراوین، بەڕاستی تا ئێستا هیچ گرفتێکمان نەبووە، نایشارمەوە من پێشتر لەو کارە دەترسام و حەپەسابووم، بەڵام دەرکەوت دەتوانین ئەوکارە بکەین، ئەگەر بڕوامان بەخۆمان بێت، من ئەوە بۆ ئەو شتە دەگێڕمەوە کە ئێمە شت بە زۆرو توندوتیژی ناکەین، نەمانگوتووە و ناڵێین دەبێ ئافرەت هەر بە قسەی ئێمە بکات، بەڵکو بەرنەمونیانیی مامەڵەمان کردووە. رەنگە ئاستەنگمان هەبوو بێت، بەڵام زۆر بچووك بوونەو هی ئەوەنین باس بکرێن، لەوانەیە ئەو سەرکەوتنەشمان بۆئەوە بگەڕێتەوە کە من کچی (ئەحمەد هەردی) و هاوسەری (شەفیق قەزاز)م، چونکە سەرەتا دەچوومە هەر شوێنێ دەمگوت (چلورە هەردی)م کەس نەیدەناسیم، بۆیە دەمگوت کچی فلانە کەس و ژنی فلانم.

***ئەی چی دەڵێیت کە خەڵکێك پێی وایە ئەگەر تۆ کچی (هەردی) و خێزانی (شەفیق قەزاز) نەبوویتایە دەسەڵاتی کوردی و حکومەت بەم چەشنە هاوکاری و پاڵپشتی و کار ئاسانیان بۆ نەدەکردیت؟**

– زۆریش راستە، من لەگەڵیاندام، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەمووجار ئەوە دەڵێم کە من ئەو هاوکاری و پەیوەندییانەم بۆ کاری شەخسی و بەرژەوەندی تایبەتی سوود لێ وەرنەگرتووە و بەکارنەهێناوە، لە کاتێکدا هەندێ کەس هەن ئەو پەیوەندی و پۆستانە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاردەبەن.. پاشان ئەو هاوکارییانەش هەر لەسەر ئەو بنەمایە نەبووە، بەڵکو ئەوانیش دەزانن کە بۆ خۆیشم هەم. من شەش ساڵە لەرێکخراوی (خاتوزین) کاردەکەم، مووچە و ئیمتیازێکی تایبەتیم نییە، دەشتوانن بۆ راستی ئەم قسانەم پرسیار بکەن، تەنانەت لەهیچ دەزگایەکی حکومەتی هەرێمیش دانەمەزراوم و مووچەم نییە، ئەوەی هەمە مووچەی خانەنشینی پیشەکەی خۆمە، ئەویش لە لەندەن، نەك لە حکومەتی کوردستان.

***لەو ماوەیەی رابردوو بەهەردوو ئاراستەی کۆك و دژ، قسە لەسەر پرۆژە بڕیاری فرەژنی لەپەرلەمانی کوردستاندا دەکرێ.. تۆ راو سەرنجت لەمبارەیەوە چییە؟**

– بە بڕوای من پیاوێك بیەوێت زینا بکات، زینای خۆی هەر دەکات، نەژنێك و نە دوو و نەسێ و نەچوارژنیی رێی پێناگرن، واتە ئەو شتە، یان ئەو کارەی پیاو پەیوەندی بەهەبوون و نەبوونی ژنەوە نییە. چارەسەری زینا بەفرەژنی ناکرێ، ئەو بۆچوونەش بە

ئیهانەیەکی زۆر گەورە دەزانم بۆ ژن‌و پیاوی کورد.. من نازانم لۆژیك‌و ماقوڵیەت لەکوێی ئەو رایەدایە، کە پێی وایە ئەگەر فرەژنی نەبێت کۆمەڵگا بەدڕەوشت دەبێت‌و قەیرەیی زیاد دەکات‌و پیاو زینا دەکات. ئاخر ئەوە کەی بیانوە؟ لەبری ئەوەی بە پیاو بڵێین ئەو ژنەشت کەڵکی نەماوە بڕۆ یەکێکی تر بهێنە، باشترە ئیش لەسەر ئەوە بکەین خۆشەویستی‌و هاوکاری بگەڕێنینەوە نێو خێزانی کوردی، تا بەهۆیەوە پیاو چیتر چاولەدەر نەبێت، یان باسی قەیرەبوونی کچان دەکەن، ئاخر نازانم چ پیاوێك چووە لەدوای یەکەم‌و دووەم ژنی، قەیرە کچێکی هێناوە، باوەڕبکەن هەر هەموویان کچێکی منالی ناسکی جوان، کە تازە لەکۆلێژ تەواوبووە دەهێنن‌و هیچ ئاگایان لە دووەمی پێشووتر نامێنێ.

***پێت وایە هوشیاریی ئافرەتی کورد لەمڕۆدا لەو ئاستە دایە بتوانێ بە بەرنامەو بوێرییەوە بێت‌و بەرگری لە مافەکانی بکات؟**

– من وای نابینم، راستە تا رێژەیەکی کەم ئافرەتی کورد گەیشتۆتە ئەو ئاستە، بەڵام زۆر زۆرمان ماوە بۆ ئەوەی ئافرەتی کورد، وەك ئافرەتێکی بوێر و چالاك‌و هوشیار بەگوڕ بێتە ئەو گۆڕەپانە. رێژەیەکی زۆری ئافرەتی کورد تا ئەو چرکەساتەش لەلایەن باوك‌و براو مێردەکانیانەوە ئاخنراونەتە نێو چوار دیواری ماڵ‌و سەرکوت دەکرێن، دەسەڵاتی هیچ شتێکیان نییە.. ئافرەت هەیە هاتۆتە لامان گوتویەتی پیاوەکەم لەبەرچاوی من ئافرەتی تر بۆ رابواردن دێنێتە سەر جێگای من‌و ناتوانم هیچیشی پێ بڵێم.. جا ئەو پیاوە بۆ فرەژنی ناکا باشتر نییە، نایکات چونکە دەزانێ کێشەو خەرجییان زۆر زۆرترە.. وەرە و لێی وردبەوە دەبێ چەند ئافرەتی دیکە بەم دەردەوە چووبن‌و ناتوانن بەرگری لەماڤی خۆیان بکەن.

***پێت وانییە ئەو ستەملێکراوییەی ژنی کورد، تەنها پەیوەست نییە بەو ناهوشیاری‌و بێدەسەڵاتیەی ئافرەت خۆی، بەڵکو لەپشتییەوە لاوازی سیستەمی یاسایی‌و کولتورو ئاینیش رۆڵ لەو دەستەپاچەکردنەی ئافرەتدا دەگێڕن؟**

– بێگومان، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتە کە پێش هەر شت، رێژەیەکی هەرەزۆری ئافرەتی ئێمە نەخوێندەوارن، بۆیە کێشەی هەرەگەورەی ژنی کورد نەخوێندەوارییە، دووەم هەژاریە، کە هەژاریش بوویت ناتوانی لەمێردەکەت جیابیتەوە، یان لەفەرمانی باوك‌و برات دەربچیت..

بۆ وەڵامی پرسیارەکەت وردتر دەڵێم، کوشتن لەسەر شەڕەف نزیکترین نموونەیە، دادگاکان پێویستیان بە گۆڕانکارییەکی سەرتاسەری هەیە، چونکە تا ئێستا نەرمییەکی زۆریان بەرامبەر پیاو هەیە، کۆمەڵگاش لەولا بوەستێ، کە هەمیشە روانینێکی ناشرین‌و خوێندنەوەیەکی ناتەندروستی بۆ ئافرەت هەیەو بەردەوام بەچاوێکی نزمەوە تێی دەڕوانێ. ئافرەتەکە دەکوژرێ، بەڵام کەس جورئەتی ئەوە ناکات پرسیار لەبکوژ بکات‌و ئیدانەی بکات، سەبارەت بە دیدگای ئاینیش هەروا، کە بەداخەوە ئەو رۆڵە راستەقینەی لە خوردکردنەوەی دەقەکاندا نەبینیوەو رۆژێك بەحەرفێك دیوەکانی ئەو کێشەی روون نەکردۆتەوە.. (ویستم پرسیاری تری لێ بکەم، ئیدی بە پێکەنینەوە وتی: دە بەسە قسەی زۆرت پێکردم بە قورئان دەمکوژن..!!)

***باشە دوا پرسیار.. هەر کەسێ بێتە سەنتەری خاتوزین‌و ژوورەکانی ببینێ، وا هەست دەکات هاتۆتە مۆزەخانەی نمایشکردنی فۆلکلۆری کوردی، بۆ خۆت‌و جلەکانت لەو لاوە، ئەو دیمەنە کوردەوارییە جوانانەش لەملا، بەڕاست مەبەستتە لەمیانی ئەوەدا چی بڵێیت؟**



– بەڕاشکاوی دەمەوێ بڵێم پێویست ناکات مرۆڤ بەڕواڵەت خۆی بکا بە ئەوروپی، بەڵام لەناخدا هیچ پێشکەوتوو نەبێت (بە پێکەنینێکی زۆرەوە.. تەواو ئەی هاوار..)

***چۆن پێناسەی ئەمانە دەکەیت..**

***ژیان:** شانۆگەرییەکی سەیرە، پڕە لە دیمەنی خۆش‌و ناخۆش.

***گوڵ:** بەبێ گوڵەکان من ناژیم، کە دەیانبینم دڵم پێیان دەکرێتەوە، وا دەزانم لە ژیانێکی تردام، هەرکە دڵیشم تەنگ بێت، چاوم دادەخەم‌و گوڵ‌و باخ دێنمە بەرچاوم.

***ئەحمەد هەردی:** پیاوێکی زۆر گەورە لەژیانی مندا، کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر هەموو هەڵسوکەوتی من.. خۆشەویستییەکی زۆر زۆرم بۆی هەیە.. قەتیش لای من نامرێ.

***د.شەفیق:** خۆشەویستی یەکەم‌و کۆتایی، کە ئیتر لەو بەملاوە بڕوا ناکەم کەسێکی تر هەبێت، مرۆڤێکە لە ژیانمدا کاریگەرییەکی زۆری هەبووە، بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەم.

***گۆڤاری خاتوزین:** نزیکە لەدڵمەوە، چونکە خۆم داممەزراندووەو بڕیارم لێداوە، چی تیا بکەم‌و بابەتەکانی چی بن.

***ئەوانەی لەو ماڵە لەگەڵتدا کاردەکەن:** یەکە یەکە زۆر زۆرم خۆش دەوێن، ئاگام لە هەموو ژیانیانە.. لە خێزانەکانیانەوە نزیکم، بە تایبەتی (نێرگز)، چونکە زۆر نزیکە لێمەوە و (مهاباد)یش کە تازە ئێرەی بەجێهێشت، هەرسێکمان وەك سێ خوشکی نزیکین.

***ئەی ئەو فزولیەتەی ئێمە:** (بە پێکەنینێکی قووڵەوە).. زۆر خۆش بوو وەڵڵا، هەستمکرد کە ژیانم ئاواهیەو ئەو ژیانەی بەسەرسامی لەسەر لوتکەی هەموویم بەسەر زار و دەمما هات، زۆرجار هەیە بیری لێناکەیتەوە ژیانت چی‌و چۆن بووە، خراپ نییە ئەگەر جار جار بگەڕێینەوە سەر دوێنێی ژیان..

# واعیز

وایدادەنێین ئەو واعیزانە، نەسیحەتی خوارەوەن بۆ سەری، نەک واعیزەی پیاو ماقوولێ بۆ هاولاتییان..



کامیل فەخرەددین

**لیبرالّیەکان** دەلّێن: ماف لەپێش سیاسەتەوە نییە .. بەلّکو ئەوە ئیرادەی سیاسیەتە، کە ماف پێکدەهێنیێ.

ئەمە دەسپێکێکە بۆ ئەوەی بلّێین، کۆمەلّگەی ئێمە هەموو شتێکی تیا بۆتە سیاسەت.. تەنانەت زارۆکەکانیشمان کە دەئاخڤن باس لەسیاسەت دەکەن. کەواتە دەکرێت لەژێر رۆشنایی ئەو دێرانەی سەرەوە بێژین، هەرکاتێك کوردێکمان بینی دوا، ئەوا سیاسییەکمان بەرچاو کەوت.. وەلێ بە شێوەیەکی گشتی، سیاسەتمەدار بەو کەسە دەگوترێ کە سەروکاری لەگەلّ بڕیار وەرگرتندا هەبێ، ئەمە جگە لەوەی کە دەبێت پێشخانێکی باشی لەزانستی سیاسەتو دونیادا هەبێت، بەلاّم با بپرسین کێن ئەوانەی سەروکاریان لەگەلّ بڕیار وەرگرتندا هەیە؟ بێگومان ئەوانەن کە نزیکن لەدەسەلاّت، یاخود لەبازنەی دەسەلاّتدان. جگە لەمەش بڕیاردان پەیوەستە بە(حەزەوە )، بەو واتایەی کاتێك یاسایەك دێتە گۆڕێو دوورە لە داوای هاولاّتییان، ئەوە داواو بەرژەوەندی خوارەوە نییە، بەلّکو حەزی سیاسەتمەدارێکە..

ئا لێرەوە دەچینە نێو باسێکی تر کە سیادەی بابەتەکەیە“ ئەویش (هەستی نەتەوایەتی یە). کە گوێمان لەوەعزی سیاسەتمەداران دەبێ، لەبارەی نەتەوایەتییەوە زۆر جیاوازە لەگەلّ جێببەجێ بوونی ئەوەی کە ئێمە لێیانەوە دەبینین.. ئەمەش خۆ دەولّەمەندکردنی وەعزەرانە، ئیدی پێدەچێ ئەوان بەئێمە بلّێن "ئێوە خەریکی مەسەلەی نەتەوایەتی خۆتان بنو سەرقالّی ئەو ڕێگەیە بن، ئێمەش خەریکی کۆکردنەوەی مولّكو مالّی نیشتمان دەبین .. کاتێکیش دەلّێین (ئیرادەی سیاسی ماف پێکدەهێنیێ) ئەوە ئیرادەی سیاسییەکانە، کە هاولاّتی سەرقالّی بژێویی ژیان دەکاتو لایەنە نەتەوایەتیەکان لەبیر خەلّکی دەباتەوە.. بەمانایەکی دیکە ئەوە سیاسییەکانن هەستە نەتەوایەتییەکانیان بیرچۆتەوە، هەر ئەمەش وادەکات هەمان هەست دابەزێتە نێو خەلّکی.

لە ئێستاماندا نەتەوایەتیو نیشتمان پەروەری سەرنجی کەس بۆ لای خۆی ڕاناکێشێ، بەلّکو ئەوەی لێواولێوە لە ژیان، چۆنێتی کۆکردنەوەیە .

(ئیڤۆ بۆڤیچ ) نووسەری بۆسنیو خاوەن خەلاّتی نۆبل دەلّێ: "خەلّکی ولاّتەکەی من هەموویان دلّسۆزی ولاّتەکەی خۆیانن" وەلێ دلّسۆزیەکەی خۆیان لەسڕینەوەی بەرامبەرەکەیان دەبیننەوە .

**ئەتوانین ئێمەش بلّێین : "خەلّکی وولاّتەکەی ئێمە هەموویان دلّسۆزن وەلێ دلّسۆزیەکەی خۆیان لە دادۆشینی نیشتمانەکەیاندا دەبیننەوە" .**

**کەواتە هەموو کردەوەکانی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی کردارە سیاسیەکانە، یان دواجار** دەبێتە کردارێکی سیاسی. ئەگینا باشە سیاسەت لەولاّتی ئێمەدا بە مانا ڕەسەنەکەی خۆی کاردەکات؟ یان شێوێنراوە؟ لەکاتێکدا هیچ ولاّتێك هێندەی ولاّتی ئێمە بەسیاسیی نەبووە. کەواتە کێ لە بەسیاسیی بوونی ولاّت بەرپرسیارە؟ بۆ دەبێ سیاسییەکان هەمیشە لەسەرەوە بنو بەشی شێریشیان هەبێ؟ وەلاّمی ئەم پرسیارەیە وادەکات رۆشنبیرو هونەرمەندو کاسبکارو ئەوانی دیکەش هەموویان قسە لەسەر سیاسەت بکەنو دواجاریش هەر هەموویان چاویان لەوەبێت، رۆژێك ببن بەسیاسەتمەدار. چونکە لەولاّتی ئێمەدا تەنها سیاسەت ڕێگەیەکی ئاسانە بۆ بەدەستهێنانو کۆکردنەوەو دادۆشینو زوو پێگەیشتن .( نموونەش زۆرن بۆ ئەوانەی لە پڕێ بوونە کوڕێ).

**وەك دەلّێن: ڕێگایەك بەرەو سیاسەت نییە، سیاسەت خۆی ڕێگەیە!**

# ڕێگرتن لە فرەژنی

دایکی مێرخاس*

**ئەکرێ** بێژین ئێمەی ژن بەدرێژایی مێژوو ڕووبەڕووی مەزنترین کێشە بووینەتەوە، یەکێك لەو کێشانە کە زۆر بەزەقی یەخەی ژنی پاکیزەو خودان بەزەیی گرتووە کێشەی فرەژنییە، بێگومان هەندێك کەس هۆکاری ئەم کێشەیە ئەگەڕێننەوە بۆ شەریعەتی ئیسلام‌و مەزهەبەکانی.

من پێموایە مەسەلەی فرەژنی مەیلێکە لەناخ‌و دڵ‌و دەروونی پیاوانەوە، بۆ بەرژەوەندی‌و حەزو ئارەزووی خودی پیاوان سەرچاوەی گرتووە. لەسورەتی(النساء) ژنان، ئایەتی (3) خوای بەخشەرو دلاوا ئەفەرموێ: (**ئەگەر بترسن لەوەی کە دادگەریتان پێناکرێ لەنێوان ژنەکانتان با تەنها یەك ژن بێت**). لێرەدا من ئەڵێم کاتی ئەوە هاتووە لەسەر ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە هەموومان هەڵوەستەیەك بکەین‌و بزانین ئەم فەرمایشتە ئەوە ئەگەیەنێ، کە بۆ هیچ پیاوێك دروست نییە بیکات بە دوو ژن‌و سێ ژن، بەلاّم کوا ئەم دادگەریە؟ ئەی ئەو پیاوانەی خودان دوو ژن‌و سێ ژن‌و چوار ژنن دەمتان بکەنەوەو ئێوە لەکوێن؟ فرەژنی هۆکارێکە بۆ تێکدان‌و لەباربردنی هەر خێزانێك لە کۆمەڵ‌و کۆمەڵگا، هاوسەرێتی تەنێ بۆ ئەوەیە گیانی خۆشەویستی‌و ڕێز لەیەك گرتن لەنێوان دوو کەسەکە دروست بێت، نەك ژن ببێتە خزمەتکارو کۆیلەی ژنی دووەم‌و پیاوەکەی، کەچی تازە بەتازە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دژ بەپڕۆژەی ڕێگرتن لەفرەژنی هەڵدەستنە سەرپێ‌و شیری ژەنگاویان ئەسوون.

بەڕاستی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەهیچ شێوەیەك ناخوازێ ژن ببێتە کۆیلەی پیاو، خوداش چۆن ڕێزی بۆ پیاو داناوە ئاواش ڕێزی بۆ ئافرەت داناوە، بەلاّم نازانم بۆچی پیاوانی ئایینی لەگەڵ ژنان هێندە دڵڕەق‌و ناکۆکن، هەمیشە لەسەنگەرێکن دژ بەپاکیزەیی ئافرەتان ئەجەنگن‌و قبوڵی یەکسانی‌و پیرۆزی ئەوان ناکەن. ئەز وا هەست ئەکەم ئەگەر بهاتایە لەنێو یەکێتی زانایانی ئایینی چەند ئافرەتێك وەك ئەندامی کارا ڕۆڵیان هەبووایە، دەنگیان لەگەڵ حکومەتی کوردستان دەبوو، زۆر بەئاسانی ئەم پڕۆژە یاسایەیان پێ قەبوڵ ئەکرا. وەلێ بەو پێیەی ئەندامانی ئەم یەکێتییە هەر هەمویان پیاون، بۆیە داوای ڕاگرتنی پڕۆژەکە ئەکەن. ئەوان دەڵێن ئەم یاسایە لەگەڵ ئیسلام ناگونجێت‌و داوای ڕەتکردنەوەو ڕاگرتنی پڕۆژەکە ئەکەن، منیش ماڤ خۆمە پێیان بێژم:

ـ ئەی بۆچی وەك نها، بەیەك دەنگ‌و یەك هەڵوێست ساڵی 1988 کیمیابارانی هەڵەبجەتان ڕەتنەدەکردەوە؟

ـ ئەی بۆچی ئەنفالکردنی 182000 ژن‌و منداڵ‌و پەککەوتەی بێگوناهتان ڕەتنەدەکردەوە؟

ـ ئەی بۆچی ئاودیوکردن‌و بەتالاّنبردنی ماڵ‌و موڵکی گەلەکەتان بۆ وڵاتانی دراوسێ ڕەتنەدەکردەوە؟

ـ ئەی بۆچی شەڕی خۆکوژیتان لێرەو لەوێ بەڕۆژی ڕووناك ڕەتنەدەکردەوە؟

ـ ئەی بۆچی گەندەڵی بست بەبستی فەرمانگەو هەر بارەگایەکی حیزبی ڕەتناکەنەوە؟

ـ ئەی بۆچی‌و دەیان بۆچی تر..

لام سەیرە هەر ژنێك منداڵی نەبێت، یان لەبەر هەر نەخۆشییەکی درێژخایەن بۆی نەکرێ کارو باری ماڵ بەڕێوە ببات، یاخود گوێڕایەڵی فەرمانەکانی مێردەکەی نەبێت، یەکسەر لەلایەن زانایانی ئیسلام ڕێگە بۆ پیاو خۆش ئەکرێ ژنی دیکە بێنێ، کەچی ئەگەر پیاو هەرچەند کەمدەرامەت بێ‌و تووشی چەندین پێکان‌و نەخۆشی درێژخایەن بێ، یاخود شوێنی نادیارو ون بێ، ئەو ژنە بۆی نییە دەنگ بکاو ئەبێ تەنیاو تەنیا بمێنێتەوە، پیاوانی ئایینیش خۆیان لێ بێدەنگ ئەکەن‌و وەك مس لەگوێیان کرابێ.

ڕاستە لەئایینی ئیسلام فرەژنی ڕێگەی پێدراوە لەبەر چەند هۆکارێك، لەوانەش:( زۆربوونی ژمارەی ئافرەتان، نەخۆشکەوتنیان، نەزۆکی ونەبوونی منداڵ).

**خاڵی یەکەم**، باس لەزۆربوونی ئافرەت ئەکات، ئەمەش هەر ستەمێکە پیاوان دژ بەئافرەتان ئەنجامی ئەدەن، چونکە هەر پیاوانن لەهەموو جیهان ڕێخۆشکەرن بۆ نانەوەی شەڕو کوشتارو لەناوبردنی مرۆڤایەتی.

**خاڵی دووەم**، کە دەڵێت نەخۆشکەوتنی ئافرەت، دیارە پیاوان نەخۆش ناکەون‌و هەر ئافرەت تەنێ نەخۆش ئەکەوێت.

**خاڵی سێیەم**، کە باس لە نەزۆکی ئافرەت ئەکات، دیارە پیاوان وا تێگەیشتوون نەزۆکی هۆکاری سەرەکی ئافرەتانە، پێویستە تێبگەن پیاویش هەیە نەزۆکە.

بۆچوونی خۆمەو مەنتیقیانە دووپاتی ئەکەمەوە، ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەمیشە داوای ڕاستی‌و خۆشەویستی‌و دادوەری لەنێوان ژن‌و پیاو کردووە، بەلاّم کادیرانی ئیسلام وەکو پێویست ئەم پەیامە پیرۆزەیان نەگەیاندووە.

لەدوماهیدا وەك ژنێکی ڕۆژهەلاّتی‌و کوردستانی، پڕۆژەی ڕێگەگرتن لەفرەژنی لە حکومەتی کوردستان پیرۆز ئەکەم، ئەخوازم پەرلەمانی کوردستانیش ئەم پڕۆژەیەی پێ قەبوڵ بێت، تا ئێمەی ژنیش بتوانین لەکۆمەڵگایەکی مەدەنی زیاتر جێبگرین‌و هاوسەنگ بین لەگەڵ پیاوان، تا وزەی شاراوەی خۆمان بخەینە کار، کە بە هێزترین جۆش‌و خرۆشی مرۆڤایەتییە.

*بەڕێوەبەری سەنتەری مەستوورە خانم

# هەقایەتی مێش



دکتۆر سه پان

## 1

**ئەگەر** لەچێشتخانەیەك، لەسەر کورسییەکی دار، یان پلاستیکی خراپ دانەنیشیت، ئەگەر کورسییەکان چەند دانە برنج یان کەمێك شلەیان پێوە نەبێت، ئەگەر کرێکارەکە بێ سەدریە، یان بە سەدریەیەکی پیس و بۆر، پێشوازی لێ نەکردیت و لەکاتی هێنانی خواردن پەنجەیەکی لەناو شلەکەدا نەبێت، ئەگەر پاشماوەی تورشی و سەلاتەی میوانی پێش تۆی بۆت نەهێنا، ئەگەر ئەوانەی سەرەوە تەواو پێچەوانەی ئەو نووسینەی ئێمە بێت، دیارە تۆ لە چێشتخانەیەکی کوردستان نان ناخۆیت، لەوانەشە لە خەودا بیت!

## 2

ئەگەر لەناو تەکسی، پەلکەدارێکی پلاست یان کارتۆنی کلینکسی بۆندار نەبێت، ئەگەر سایەقەکە پاش یەك کیلۆمەتر هاژۆشتن، دەستی بە گلەیی و گازاندە لەکورد و حکومەتی هەرێم نەکرد، ئەگەر ناو ئوتۆمبێلەکەی پیس و تایەکەشی خاوێن نەبوو، ئەگەر لێخوڕینی شێتانە و جوێندان بە هاوپیشەی خۆی نەبوو، ئەگەر ئەوانەی سەرەوە تەواو پێچەوانەی ئەو نووسینەی ئێمە بێت، دیارە تۆ لەناو تەکسیێکی کوردستان دانەنیشتوویت، لەوانەشە لە خەودا بیت!

## 3

ئەگەر لەکاتی سەیر کردنی دەنگوباس، بەشی هەرە زۆری هەواڵەکان تایبەت نەبوون بە یەکتربینینی سەرکردەکانمان، ئەگەر لە سەیرکردنی هەموو دەنگوباسەکە، زیاد لە دوو ڕیپۆرتاژی پەیامنێرانی کەناڵەکەت بینی، ئەگەر بەدرێژیی پێشکەش کردنی دەنگوباس، بێژەر تووڕە و شێواو دیار نەبوو، ئەگەر هەموو ئەوانەی لەو بەرنامەیە نیشان دەدرێن لەفۆرمی پرۆپاگەندە بۆ خاوەنی کەناڵ و حیزبەکەی نەبوو، ئەگەر ئەوانەی سەرەوە تەواو پێچەوانەی ئەو نووسینەی ئێمە بێت، دیارە تۆ سەیری کەناڵێکی کوردی ناکەیت، لەوانەشە لەخەودا بیت!

## 4

ئەگەر چوویتە لای سەرنووسەری گۆڤارێکی ئەدەبی یان سیاسی کوردی و پاش ماوەیەك بۆت دەرنەکەوت، ئەو برادەرەی تۆ لای دانیشتوویت، ئەندامێکی چالاکی حیزبە، ئەگەر لەکاتی گفتوگۆ کردن، باسی لە دڵسۆزی خۆی بۆ حیزب و واز نەهێنانی لە ئەندامێتی لەکاتی تەنگانە بۆت نەکرد، ئەگەر شانازی بە گۆڤارە خراپ و سەقەتەکەی خۆی نەکرد، ئەگەر خڕ کەموکورتییەکانی گۆڤاری نەخستە ئەستۆی

کارمەندانی خۆی، ئەگەر کەمێك ڕەخنەی نەرمی لەحیزبی خۆی و بەرپرسانی هەرێم نەگرت، ئەگەر ئەوانەی سەرەوە تەواو پێچەوانەی ئەو نووسینەی ئێمە بێت، دیارە تۆ لای سەرنووسەرێکی کورد لە کوردستان دانەنیشتوویت، لەوانەشە لەخەودا بیت!

## 5

ئەگەر تۆ لە کوردستان یان لە دەرەوە، پاش پێنج خولەك دانیشتن لەگەڵ کوردێکی ناوچەی خۆت، برادەری هاوبەشت نەدۆزییەوە، یان لەگەڵیدا بە خزم دەرنەچوویت، ئەگەر لەسەدەی بیست و یەك، نووسەر یان هونەرمەندێکی کورد، توانیبێتی بە بەرهەمەکەی ژیانێکی خۆش بباتە سەر، ئەگەر زۆر لەوانەی خەریکی خەباتن دژ بەگەندەڵی، خۆیان مەدرەسەی گەندەڵییان بەهێز نەکردبێت و خۆیان خێریان لێ نەبینیی بێ، ئەگەر ئەوانەی سەرەوە تەواو پێچەوانەی ئەو نووسینەی ئێمە بێت، دیارە تۆ بەڕەگەز کورد نیت، لەوانەشە لەخەودا بیت!

## 6

ئەگەر لەکاتی کڕینی شتومەك، ئەو شتەی تۆ دەتەوێت و لای ئەو بەقاڵە دەست نەکەوێت و لە دوکانەکەی ئەو نەبێت، ئەگەر کابرای بەقاڵ نەیگوت ئەوەی ببە، وەك ئەو باشە، یان ئەمەیان لەو خۆشترە، ئەگەر ویستت بیسەلمێنیت، کەتۆ چیت پێویستە و ئەویش سوور نەبوو لەسەر ئەوەی، کە هیچ جیاوازیان لەنێواندا نییە، ئەگەر ئەو هەوڵی نەدا زەوقی خۆی بەسەر زەوقی تۆدا بسەلمێنێت، ئەگەر ئەوانەی سەرەوە تەواو پێچەوانەی ئەو نووسینەی ئێمە بێت، دیارە تۆ لە بەقاڵێکی کورد شتت نەکڕیوە و ئاگات لەبازرگانیی کوردستان نییە، لەوانەشە لە خەودا بیت!

## 7

ئەگەر بە جلی کوردی تازە دوراو و جوان، سەردانی ئوتێلێکی خۆش یا ڕەستورانێکی باش بکەیت، ئەگەر لەگەڵ جلە کوردییەکە کڵاو و جەمەدانیشت لەسەر کردبێ و پشبێندی ئەستووریشت بەستبێ، ئەگەر یەکێك هات و بەرەو سەرمێزێکی بردی و دەوروبەر خڕ سەیریان نەکردی و بەو جلە جوانەت زەوقی هەرهەموویانت تێك نەدا، ئەگەر ئەوان تۆیان پێ گێل و دواکەوتوو، خۆشیان پێ ژیرو پێشکەوتوو لەقەڵەم نەدا، ئەگەر ئەو کوردە شۆڕشگێڕانە دژی جلە کوردیەکەت نەبوون و لەگەڵ یەکتر، نەیانگوت جلی کوردی و ئەو شوێنە خۆشەیان نەگوتووە، دیارە تۆ لە ڕەستورانێکی باشی کوردستان و پڕ لەمیوانی کورد دانەنیشتوویت، لەوانەشە لە خەودا بیت.

## 8

ئەگەر تۆ لەگەڵ خوشکت، کچت یان ژنت پیاسەیێکی بازاڕ بکەیت، ئەگەر خوشکت، کچت یان ژنت جگە لەجوانی خۆی، جلی جوانیشی لەبەر بوو، ئەگەر هەر لەدەرگا داخستنی ماڵەوە، لە بنی پێتانەوە تا تەوقی سەرتان خەڵك سەیریان نەکردن، ئەگەر هەندێك لەو بینەرانە، جگە لەسەیرکردنی ڕوو بەڕوو، وەك پیر داوەشێت خۆشیان لەگەڵ نەسوڕاند، ئەگەر هەرهەموویان لەکاتی قسە لەگەڵ یەکتری و بە بینینی ئێوە یەکسەر دەمەکانیان دانەخران و کیلۆکان قوفڵ نەدران، ئەگەر تۆ هەر هەموو لەشت لەتوڕەیی و دواکەوتوویی میللەتەکەت، بەئارەقەی شەرمەزاری لە پایتەختی کوردستان تەڕ نەبوو، دیارە تۆ لەگەڵ خوشکت، کچت یان ژنت پیاسەیێکی بازاڕی هەولێرت نەکردووە، لەوانەشە لەخەودا بیت.

## 9

ئەگەر لەکاتی ترومبێل لێخوڕیندا، ترومبێلێك هاتوو خۆی پێدادایت، ئەگەر شوفێرەکەی ئەو ترومبێلە نەهاتەخوارو یەکسەر سەیری ترومبێلەکەی خۆی نەکرد، ئەگەر ئەو شوفێرە هەوڵی نەدا خەتاکەی بخاتە ئەستۆی تۆ، ئەگەر لەیەك ساتدا دەیان کەس لێتان کۆنەبوونەوە و نەیانگوت، هیچ نییە نە! ئەگەر لەناو بینەران یەکێك نەیگوت، خوا ڕەحمی کرد هەر بەوەندەی تەواو بوو، ئەگەر هەرهەموویان لێت نەبوون بە ئاوقات و ناڕاستەوخۆ ناچاریان نەکردی واز لە مافت بهێنی و کابرا ئیزن بدەیت، ئەگەر لەڕێزی بینەران، دوو دوو، سێ سێ قسەیان لەگەڵ یەکتر نەکرد، ئەگەر کۆی هەموو مەجلیسەکە و ئەنجامەکە بەڕێکردنی شۆفێرەکەی تاوانبار نەبوو، دیارە تۆ لەهەولێر تامپۆنت نەکردووە، لەوانەشە لە خەودا بیت.

## 10

ئەگەر هەموو ئەوانەی سەرەوەت خوێندەوە و هەندێك ڕاستیی نوێت باشتر بۆ ڕوون نەبۆوە، ئەگەر بە خوێندنەوەیان خەندەیەکت نەهاتیٚ و لەبیری خۆتدا نەتگوت: هیوادارم دکتۆر سەپان لەم جۆرە نووسینانەمان بێبەش نەکات، ئەگەر نەتگوت: کورد نووسەری بەتوانای هەیە و ئێمەش هیچمان لە گەلانی تر کەمتر نییە، ئەگەر نەتگوت: خەڵکانێك هەن بەردەوام لە بەرەی گەلن و خەبات بۆ باشتر کردنی ژیانی ئەوان دەکەن، ئەگەر شانازیت بە کورد و خەباتە ڕەواکەی نەکرد، ئەگەر نەتگوت ژمارەی خەڵکی باش زۆر لەخەڵکی خراپ زۆرترە، ئەگەر ئەوانەی سەرەوە تەواو پێچەوانەی ئەو نووسینەی ئێمە بێت، دیارە تۆ لەهەقایەتی مێش نەگەیشتوویت، لەوانەشە لەخەودا بیت!

## عەزیز وەلیانی:

# ڕۆژنامەگەری ئێمە لەژێر سێبەری قورسی دەسەڵاتدایە



**عەزیز** وەلیانی نووسەرو ڕۆژنامەوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەسێکی دیاری نێوەندی ڕۆشنبیریو ڕۆژنامەوانیی شاری مهابادە، ئەو وێڕای ئەوەی وەك ئەندامێکی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری مهاباد کاردەکات، هاوکات لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کوردستان دەنووسیێ. لەدیدارێکدا کە لەشاری مهاباد بەڕێوەچوو، وەلیانی سەبارەت بزووتنەوەی ڕۆژنامەوانیو ڕەوشی کۆمەڵایەتی ئەو شارەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی دوا.

کۆوار

*** ئەکریێ سەرەتا قسە لەسەر ئەوە بکەین ئێستا بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری لەمهاباد لە چ حاڵێکدایە؟**

– ئەگەر قسە لەگرفتەکانی سەر ڕێگای ڕۆژنامەگەری بیێ، بەڕاشکاوی دەتوانم ئەوە بڵێم، ئێمە ڕۆژنامەوانانی بەرەی ئێستا میراتگری مێژووی پڕ هەڵسو کەوتی خەباتی ڕۆژنامەگەریی پێشووین، ئەگەر بێنین ڕۆژنامەگەری وەك دیاردەیەکی پاش سەردەمی ڕێنیسانسو ڕەوتی نویێ، ئاڵوگۆڕە بنەڕەتیەکانی لەبواری کۆمەڵایەتییو ئابووریی هەڵسەنگێنین، دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەگەری خۆی لەخۆیدا ڕەنگدانەوەیە لەپەیوەندیە ئابوورییو کۆمەڵایەتییەکانی هەر کۆمەڵگایەك، شك لەوەدانییە ئەگەر بێیت بارودۆخی ئابووریی کوردستان هەڵسەنگێنین، ئێمە لەفراماسۆنێکی تاڕادەیەك دەرەبەگی فیۆداڵیی تێپەڕمان کردووە، ڕۆژنامەگەری ئێمە لە (108)ساڵی ڕابردوو وەك ئەستێرە گەشەی ئاسمانی شەوەزەنگی سەردەمی کوردستان هەمیشە درەوشاوەتەوە، بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەگەری کوردی سەردەمێکی زۆر لە دەربەردەرییو غەریبییو ئاوارەیی تێپەڕکردووە، چەندین جار ئێمە دیومانە ڕۆژنامەگەریی لە غەریبی، لە دەرەوەی وڵات چرۆی دەرداوەو گەشەی کردووەو پەرەی سەندووە، ئێستاش دەبینین هەر لەدەرەوەی وڵات ئەم چەمکە بەرەو پەرەسەندنو ئاڵوگۆڕێکی پۆزەتیڤ دەڕوات، کە لە دڵسۆزییو بەرپرسیارییەتی بەرامبەر نیشتمانو خەمی بەختەوەرییو ئاوەدانی سەرچاوەی گرتووە، ئێستایش قۆناغێکی تایبەت بەخۆی تێپەڕدەکات، با ئەوەش بەڕاشکاوی کاری ڕۆژنامەگەری لە وڵاتێك کە لەژێر دەسەڵاتی بەدەر لە ئیرادەی تۆ دایە، لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای لای ئێوە، کە شنەبایەك لەودیو هەڵی کردووەو نەمامێکی بەختەوەرییو ئازادیی وڵاتی دەرکردووە، بەراورد ناکرێت. ئێمە لێرە لەژێر سێبەری قورسی دەسەڵاتداین، شێوازی بیروڕاو هەڵوێست بەرامبەر ب ڕووداوەکان بەپێی بارودۆخی کوردستان جیاوازییان هەیە، هەروەها بەپێی دەسەڵاتو دابەشبوونی کوردستان بەسەر نەتەوەی عارەبو تورکو فارس دەگۆڕێت. هەمیشە ڕێبازێك یان شێوازێکی ڕۆژنامەگەری تایبەت لەکوردستان، کە ئەویش سیاسییە دروست دەبیێ، لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو بەڕێزانەی کە لەسەر پۆست مۆدێرن دەدوێن، وەك ڕێزو حورمەت بۆ دەنگی جیاواز، بەداخەوە جار بەجار پشت بەبیروڕای هەندێك لەخاوەن ڕایانی ئەم ڕەوتە فکرییە دەبەستن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنیێ کە باسکردن لە ڕووداوەکانو گرفتی ژیان شێوە دواکەوتنێك نیشان دەدات. لێرە ڕۆژنامەگەریی کوردی بەدرێژایی خەباتی خۆی ئەرکی لەسەر شان بووە، ئەم خەباتەشی بردۆتە پێش، کاتێك دەبینم لەوڵاتی ئێران دەستێك کاردەکاتو لەڕوانگەی ڕەتکردنەوەی من هەنگاو هەڵدێنیێ، کە تەنیا لەبیری ئەوە دایە من لە قەیرانێك نزیك بکاتەوەو بمخاتە زەلکاوێك، لەوەدا پێویستە ئەرکی ڕۆژنامەگەری بوونی هەبیێ.

***ئەگەر ورتر لەمەبەستی ئێمە نزیك ببیتەوە، لەم قۆناغەدا ڕەوشی ڕۆژنامەگەری مهاباد بەتایبەتیو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی چۆنە ؟**

– بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری لەمهاباد، لە حاڵەتی ئێستای کوردستانی ئێران، میراتگری خەباتی هەڵسو کەوتی ڕۆژنامەگەریی پێشووە، گرفتەکانی سەر ڕێگای ئەویش، لە دەسەڵاتەوە تووشی ئێمە دەبیێ، بۆنموونە ئێمە وەك گۆڤاری مهاباد، ئەوەمان کردۆتە ئاوێنەی زەینی خۆمان، کە ڕوو لەخەڵكو پشت لەدەسەڵات دەست بدەینە قەڵەم، بەمەش ئەو ئەرکەمان بیێ لایەنانە چ لەئاستی کۆمەڵایەتیو چ لەئاستی ئابووریو سیاسی لە ئازارەکانی خەڵك ڕەنگدەداتەوە. بەختەوەرانە شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەدوای ساڵی (1975) دەرگایەکی بچکۆڵەی بەرەو دونیای ئازادی ڕۆژنامەگەریی کردەوە، کە ئێستا هەمووی بەرهەمی ئەو سەردەمەن، پێش ئەوکات جگە لەبەرگی گۆڤاری سروە، هیچ گۆڤارێکی تری کوردی

لە كوردستان دەردەچوو، بەڵام لەساڵانی رابردوودا دەبینین هەم بەشێوازی هەفتەنامە، هەم بەشێوازی مانگنامە كۆمەڵێك بڵاوكراوە دەردەچێ، بەڵام ئێستا لەهیچ كام لەشارەكانی كوردستانی رۆژهەڵات بواری دەركردنی رۆژنامەی رۆژانە نەرەخساوە.

***لەمهاباد جگە لەگۆڤاری مهاباد چی تر دەردەچێ؟**

– لەشاری مهاباد هەفتەنامەی (پەیامی كوردستان)، كە دەتوانم بڵێم پتر لە یەك ساڵ بەسەر تەمەنیدا تێدەپەڕێ، ئێستا بەردەوامەو هەر دووهەفتە جارێك دەردەچێو توانیویەتی دەنگێكی زۆر بۆلای خۆی رابكێشێت، بەشێكی زۆر لە روناكبیران بەتایبەتی لەزانكۆكانیدا هەڵبژێردراون بۆ ئەم هەفتەنامەیە، هەروەها تاڕادەیەكی زۆر رەنگدانەوەی لەنێو زانكۆكان بەپێی هەلومەرجی نێو زانكۆو بەپێی حسابێك، كە دەسەڵات بۆی لەنێو خوێندكاران دەخوڵقێنێت هەبووە. ئەو گۆڤارو هەفتەنامەیەش لە مهاباد زەمینەی رادەربڕینیان ئاوەڵاتر كردووەو توانیویانە چاكتر خزمەتی فەرهەنگی خۆیان بكەن.

## ئێستاش كاریگەری قورسی بیروڕای باوكسالاری، یان باوكی مەزن، لەنێو خێزاندا بوونی هەیەو ژن لەهەر چەشنە دەسەڵاتو بڕیارێك دەڕووشێنێتەوە

*** لە مهاباد كەناڵەكانی تری وەكو رادیۆو تەلەفزیۆن چ رۆڵێكیان هەیە؟**

– تەنیا یەك كەناڵی رادیۆیی هەیە ئەویش رادیۆی مهابادە، كە بەداخەوە لەبواری رۆشنبیریو لە بواری زمانی كوردییەوە رەخنەیەكی ئێجگار زۆری لەسەرە، چونكە بەهیچ چەشنێ لەخزمەتی بەرژەوەندیی خەڵك دانییە، لەرووی زمانەوە تەنیا شێواندنی زمانەكەیە، دەنگی منداڵانی چكۆڵە لەكاتی بۆنەكاندا قەد دەكەن.

***بەو پێیەی بەرپرسی فایلی كۆمەڵایەتی گۆڤاری مهابادی، ئێستا رەوشی كۆمەڵایەتی مهاباد چۆنە، بەتایبەت رەوشی گەنج، گەنجان لەمهاباد زیاتر بەچی سەرقاڵن.. تا چەند هەست بە ئازادی دەكەن، تا چەند فەرامۆش كراون؟**

– ئامارەت بەخاڵێكی گرینگ كرد، ئێران بەگشتی حەشیمەتێك گەنجی هەیەو ئەوە بۆ وڵاتانی رۆژئاوا بەهیممەتو بەرەكەتێك دەژمێردرێت، بەڵام بەداخەوە نیزامێكی وەك ئێران لەم توێژە دەترسێ، ، ترسیان لەوە هەیە كە بەرەی لاووخوێندكاران، بەپێی فكرو ئامانجی روحیو رەوانی سەردەمی گەنجیی، بڕژێنە سەر شەقامو ببنە هۆكاری گرفتارو ناڕەحەتی بۆ خودی رژێم.

لاوەكانی مهاباد وەكو زۆربەی لاوەكانی ئێران بەداخەوە ئەوەی زیاتر گوشاری بۆ هێناون بێ كارییە، رادەی بێكارییو بێ پوولی فشاری خستۆتە سەر باری لاوەكانمان، ئەتوانم بەڕاشكاوی ئەوە بڵێم هەروەك هەفتەنامەی (ئابووریی میس) لە ئینگلستان بڵاوی كردۆتەوەو ئاماری داوە، گەورەترین ئاماری بێكاریی لەوڵاتانی ئاسیا دوای ئەفغانستان دەگەڕێتەوە سەر ئێران، بەڵام بەداخەوە نەك بەرگری لێ ناكەن، گەندەڵیی ئیداری لەناو تەواوی نیزامی ئیداریی ئێراندا بەتەواوی بڵاوبۆتەوە، بەپێی رۆژنامەی ئابووریی رێكخراوەی نێونەتەوەیی، ئێران لە نێوان (6) وڵاتدا لەگەندەڵی ئیدارییوماڵی پلەی سێیەمی هەیە، كاتێك ئەم ئامارە لەبەردەست بێ، ئەوا بەڕاستی گەنجی ئێرانی زۆر نەهامەتو بێ ئارەزوووەو لە وەزعێكی خراپدایە.

***ئێمە زۆرجار گوێمان لێ دەبێ، لەئاكامی ئەم واقیعە داسەپاوە دیاردەی خۆكوشتنیش لە پەرەسەندن دایە؟**

– ئەگەر بمانەوێ ئەمە وەك دیاردە نیشانی بدەین، نا، بەڵام بەدەگمەن دەبینرێ، ناتوانم ئامارێك نەگیراوە تا هەڵیسەنگێنین داخۆ رێژەیەكی بەرچاوی ئەو حاڵەتانە هەیە، یان نا، رەنگە لەساڵێكدا یەك دوو حاڵەت هەبێ، بەڵام هۆیەكەی دەگەڕێتەوە بۆ چی؟ یەكێك لەو هۆیانە جیاوازیو پێشكەوتنی دونیای مۆدێرنو دونیای سوننەتییە، ئا ئەمە گرفتێكی لەماڵەكاندا دروست كردووە، دایكو باوكەكان لە نێوەندێ راوەستاون، منداڵەكانیش بە شت وەرگرتن لەئینتەرنێتو میدیاكان بەرەو بەجیهانی بوون دەچن، ئەمە كێشەیە لەنێوان منداڵەكانو دایكو باوكەكان، ئەمە گرفتی لاوەكانمانە. كە قسە لەگەڵ دایكو باوكێك بكەی دەڵێن لەگەڵ منداڵەكانمان گرفتی زۆرمان هەیە.

***لە مهاباد رەوشی ژن لە چ وەزعێك دایەو تا چەند ئازادی بۆ ژن دەستەبەركراوە.. یان بەواتایەكی تر واقیعی ژنانی رۆژهەڵاتی كوردستان چۆن دەبینی؟**

– سەبارەت بە ژیانی ئێستای ئافرەتی كورد، ئێمە شێوازێكی زۆرمان لەسەر دەرەبەگی پێشوو تێپەڕكردووە، وەلێ سێبەری ئەو كولتورەی پێشوو لەسەر ئاكارو رەوشتی بنەماڵەكانماندا، هەروا سەقامگیرە لەناو خانەوادەو ماڵەكانماندا. ئێستاش كاریگەری قورسی بیروڕای باوكسالاری، یان باوكی مەزن وەك رەوتی فكریی، لەنێو ماڵاندا هەر هەیە، كە ژن لەهەر چەشنە دەسەڵاتو بڕیارێك دەڕوشێنێتەوە، بەڵام تا رەوتی زەمان بڕواتە پێش، مەفهومی دونیا ئاڵوگۆڕەكانی ناكۆكی دێنە پێشێ، بەمەش رۆژ لەدوای رۆژ ژنان بەرەو ئەوە دەڕۆن، كە ماق رەوای خۆیان بەدەست بێننو چ باوكی نێو بنەماڵە، چ باوكێكی سەرەكی نێو كۆمەڵگا، ناچارن تەسلیمی ئەو ویستە بن، بەڵام نەوەك دەسەڵات پێیان بڵێو هاوكاریان بێت، تەنیا خۆیان بە پێی ئەو ئاگادارییەی لەمافەكانی خۆیان پەیدای دەكەن بە دەستی دێنن.

# بابەتەکانی نووسین لە سایتە کوردییەکاندا



هیوا ناسیح _ سویسرا

**نووسین**: پرۆسەیەکی مەعریفی ئاڵۆزو سەختە، کە لەچەند توخم و ڕەگەزێك پێك دێت، لەهەمان کاتیشدا ئیلتزامێکی ئەخلاقی و خاوەن ڕەهەندێکی زانستی و ڕۆشنبیری و مرۆڤانەیە. بەهرەو توانایەکە، دەکرێت دروست بکرێت و پاشان پەرەی پێ بدرێت. بە دەربڕینێکی تر، نووسین لەنێوەندی وشەو دێڕەکانیدا، هەڵگری پەیامێکی مرۆڤانەی جوان و بالایە. هەر بە هۆی نووسینەوەیە، کە مرۆڤ بەسەرهاتی ڕابردوو و ئەزموونی باپیرانی دەزانێت و زانیاریە جۆراوجۆرەکانیش لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە. بێنە پێش چاو گەر نووسین نەبوایە مرۆڤ چۆن دەیتوانی بەرەنجامی زانستە پەتی و مرۆڤایەتییەکان و فەلسەفەو ئایدۆلۆجیا و پزیشکیی و ...هتد لە سەر یەکتری کەڵەکە بکات و بگەیەنێتە ئەم ڕۆژە. بێ هودە نییە، کە زانایان سەردەمی پێش دۆزینەوەی نووسینیان ناو ناوە (سەردەمی پێش مێژوو). دەمێکە زانایەك گوتویەتی (بۆ ئەوەی ناوت بە نەمری لەدوای خۆت بمێنێتەوە، کارێك بکە، کە شایانی نووسین و بیرنەچوونەوە بێت، یان شتێك بنووسە کە شایانی خوێندنەوەو مانەوە بێت).

دیارە کە ئێمە باس لە نووسین دەکەین مەبەستمان لە بابەتێکە، لای کەمی ڕەچاوی زۆربەی (گەر بشکرێت هەموو) یاسا ڕێزمانی و خاڵبەندی و ڕێنووسییەکان بکات. جگە لەمەش بتوانێت زانیارییەکی بەسوود، جا لە هەر بوارێکدا بێت، پێشکەش بە خوێنەرەکەی بکات. دەشێ کەسێك دەستێکی نووسینی باشی هەبێت، یان بەواتایەکی تر زمانزانێکی شارەزاو باش بێت، بەلام جەسارەتی ئەدەبیی و توانای هەڵبژاردنی بابەت و زەوق و سەلیقەی خوێنەرانی ئەو زمانەی نەبێت، کە پێی دەنووسێت. یان بە زمانە پاراوو بێ هەڵەکەیەوە، بێت و بەو پەڕی هۆشیاریەوە سەنگەری دوژمنانی گەلەکەی هەڵبژێرێت و قەڵەمەکەی بفرۆشێت، نموونەی ئەم جۆرە (نوسەر)انە لە باشووری کوردستان و سەردەمی پێش ڕاپەڕیندا فرە بوو، ئێستاش لە پارچەکانی تری کوردستاندا هەن. یان لەسەردەمی شەڕی ناوخۆو براکوژی شاخ و شار، لەناو حزبەکانیشدا کەم نەبوون. هەرنووسینێك گەر خزمەت بە مرۆڤ و ژینگەکەی و ماف و ئازادیەکانی نەکات، ئەوا بابەتێکی نەزۆکەو نەنووسینی باشترە.

**ئینتەرنێت:**

زانستی ئینتەرنێت، کە دەسکەوتێکی بە بەهای تەکنەلۆجیای ئەم ڕۆژگارو سەردەمی بە جیهانیبوونەیە، بە چاوپۆشین لە لایەنە نێگەتیڤەکانی، کارێکی وای کردووە، کە مرۆڤ زۆر لە ڕۆژنامەکانی جیهان پێش ئەوەی بکەوێتە ناو بازاڕ و سەرشەقام، هەر لە ماڵەکەی خۆیەوە، بە ئاسانترین شێوە دەستی پێڕابگات و بخوێنێتەوە. خۆ گەر باسی لایەنەکانی تری ئەم زانستەش نەکەین، چونکە دیارە ئەرکی ئەم وتارە نییە.

کورد وەك گەلێکی نیشتمان دابەشکراوی مافخوراوی لێکدابڕاوی داگیرکراو (جگە لە باشووری کوردستان)ی دواخراو، وەك هەر میللەتێکی تری ئەم سەردەمە توانیویەتی تاڕادەیەکی باش سوود لەم دیاردە پێشکەوتووە وەربگرێت و بەردەوامیش ژمارەی بەکارهێنەرانی ڕوو لەزیاد بوونە، هەرچەند ئەم سوود لێ بینینەی بێ کەموکوڕی و کەمتەرخەمی نییە، بەلام سەرەڕای ئەمانەش کاریگەرییەکی وای دروست کردووە، خەریکە بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی لەنێو کوردانی هەندەراندا دروست دەبێت، ئەمەش وەك دەبینین دەتوانێت فشارێکی زۆر بۆ سەر حزبە دەسەلاتدارەکان دروست بکات و تا ئەو ڕادەیەی کەمپین لە ئاست کەموکوڕی و هەڵەکانیاندا ( وەك لە مەسەلەی د. کەمالی سەید قادرو هەندێك کێشەی تردا ڕویدا) بەڕێ بخات، کە بێ شك ئەمەش لە دوورمەودا دا، وەك لە ئێستاوە ئاماژەکانی دەرکەوتووە، بۆ ناوخۆی کوردستان درێژ دەبێتەوەو لە لایەن لێپرسراوانی بالای حزبەکانیشەوە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێتە کەناڵێکی حساب بۆکراو. ئەمەش هەم بۆ ڕاژەی ستراتیژیەتی دۆزی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و هەم بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی ئێستای دەسەلاتی کوردییش، بەدڵنیاییەوە کاریگەری و جێ پەنجەی خۆی بەجێ دەهێڵێت.

**سایتە کوردییەکان:**

دەکرێت هەر لێرەوە دەستخۆشی لە یەکە بە یەکەی بەڕێوەبەرەکانی سایتە ئەلەکترۆنییە کوردییەکان بکەم، بە تایبەت ئەوانەی لە هەندەرانەوە بەڕێوەدەبرێن و سەرپەرشتی دەکرێن، چونکە ئەوەی لە تاراوگە، لە ولاتەکانی ڕۆژئاوادا ژیابێت، دەزانێت، کە لەوێ چ سەرقاڵیی و پڕکاری و (قەیرانی کات)ێکە، بە جۆرێك پێویستە مرۆڤ لەسەر حیسابی ماڵ و منداڵ و ژیانی تایبەتیی و پشووی ڕۆژانەی، ماڵپەڕێك بەڕێوە بەرێت. ئەم ماڵپەڕانە ئەمڕۆ ڕوویێکی گەش و سەردەمییانەی ئێمەیە، بەردەوام قەرەباڵغتر و پڕ بابەتتر دەبن و ژمارەشیان تا دێت ڕوو لە زیاد بوونە. وەلێ بەداخەوە گۆڕانکاریەکە هێندەی

# بەداخەوە خوێنەرانی سایتەکان، زۆربەیان خوێنەری جددیو خۆ ماندووکەر نین

لە ڕووی چەندێتیەوەیە، نیو ئەوەندە لە ڕووی چۆنایەتییەوە نییە، ئەو ڕێژە چۆنایەتییەش زیاتر بەلای نێگەتیڤدا دەشکێتەوە.
ئەوەی کە جێگەی لەسەر وەستان و لێوردبوونەوەشە، ئەو بابەتانەن کە ڕۆژانە بڵاودەبنەوە، چونکە هیچ فلتەرو هەڵسەنگاندنێك بۆ بابەتەکان نییە، بڕوا بکەن بابەتی وا دەبینین، وەرە سێ جاری بخوێنەوە، بزانە چی دەڵێت و چ پەیامێکی پێیە، هیچت دەسگیر نابێت. بابەتی وا کە ئەگەر بۆ ڕۆژنامەیەکی خاوەن ئاستی باشو بەئیعتیباری وەك (هاوڵاتی یان ئاوێنە) بنێردرێن، هەرگیز چانسی بڵاوکردنەوەی نابێت. ئەم بە لێشاو وتار و بابەت نووسینەش شێخ ڕەزا گوتەنی ( **بۆتە حەشری ... لەم عەسرەدا**)، ئاخر ئەوەندەی نەماوە ماڵپەڕی وا دروست بکرێت، کە هاوتای هەندێك لە ژووره شەرمهێنەرەکانی ناو (پاڵتۆك)، لەژێر ناوی نهێنیو شاراوەدا بێتە جێگەی قسەی بازاڕییو دابەزێتە ئاستی کێشەی کەسیی و تۆڵەکردنەوەی شەخسیو ناوزڕاندنو ململانێی حزبی، یان باڵەکانی ناو حزبێكو شتی وا. خەسڵەتێکی تری ئێمەی نووسەران ئەوەیە، خۆمان زۆر کەم لەلایەنی بابەتی فکریی و زانستیی و ڕۆشنبیریی گشتی دەدەین و هەموومان دەمانەوێت ڕەخنەگری سیاسیی بین.
بڕێکی تریش بۆ خۆدەرخستن و نیشاندانی ماسولکە و ناودەرکردنن، کەسێك دێت بەناوی سیانی خۆیەوە یان پاشناوی ناوچەکەی یان عەشیرەتەکەیەوە (کە ئەمە نەریتێکی زۆر کۆنە) لەگەڵ وێنەیەکی گەورەی خۆیداو هەر لە پێناوی بڵاوکردنەوەدا بابەتێك دەنووسێت. یان کەسێك جاروبار دێت خۆی دەگوشێت تا وتارێکی بێ پێز دەنووسێت، ئەمەش (بە پێی بۆچوونی خۆی) تەنها وەك سەلماندنی ون نەبوون و ئامادەیی بەردەوامی لە مەیدانی ڕۆشنبیریو سیاسیدایە، بۆ ئەوەی حزبە کوردییەکان حسابێکی بۆ بکەنو سبەی ئاوڕێکی لێ بدەنەوە.
بەداخەوە کاکی بەڕێوەبەری سایتیش بەبیانووی ئازادیی بیروڕاو ڕای پێچەوانەوە، کە لەڕاستیشدا مەسەلەکە بڕێکی زۆری ململانێی سایتەکانی ترو قەرەباڵغکردنی سایتەکەی خۆیەتی، بێ ئەوەی بیخوێنێتەوە یان چاوێکی پێدا بگێڕێت، بۆ بەیانی بڵاویدەکاتەوە.
جگە لەمەش ببینە سایتی وا هەیە، گەر بابەتەکەت پێشتر بۆ (هەوێسایت)ەکەی ئەم ناردبێت، ئەوا بۆت بڵاوناکاتەوە! یان هی وا هەیە، بابەتەکانی هاوڕێ و ناسیياو و خزمەکانی، یان گەر گوزارشت لەو حزبە بکات، کە ئەم هەواداریێتی (بێ ڕەچاوکردنی چۆنێتی بابەتەکە) لە شوێنێکی سەرەوەو دیاردا، بەخەتێکی درشت و وێنەیەکی گەورەوە، دایدەبەزێنێت.

### خوێنەرانی سایتەکان:

بە پێی هەڵسەنگاندن و سەرنجدانم لەبابەتە بڵاوکراوەکان، بەداخەوە خوێنەرانی سایتەکان، زۆربەیان خوێنەری جدیو خۆماندووکەر نین، کە بەدوای خۆ ڕۆشەنبیرکردنو بەرزکردنەوەی ئاستی زانیارییاندا بگەڕێن. بۆیە وەك لەڕێی ئەو سایتانەوە کە ژمارەی بینینی بابەتەکان دەنووسێت، دیاریدەدات کە هەمیشە ژمارەی خوێنەرانی ئەو نووسینانەی ڕەخنە لەیەکگرتن و وەڵامدانەوەو شەڕەقسەو ململانێی ناڕەوایە، لە ژمارەی بابەتە فکرییو زانستییو ئەکادیمیەکان زیاترن. جا ئایا هەر سروشتو میزاجی مرۆڤی کورد وایە، یان قەیرانی خوێنەری ئەم سەردەمەیە؟ ئەمە دەکرێت باسکارانی بواری کۆمەڵزانی ڕوونی بکەنەوە.
لە کۆتاییدا دەڵێم، خۆزگە وەك پێویستە سوود لەم دەزگاو تۆڕەجیهانییە پێشکەوتووە وەردەگیراو دەبووە کتێبخانەو دامەزراوەیەك بۆ خزمەتکردن بە کۆمەڵگاکەمان و دۆزەکەی، هەروەها بۆ خۆپێگەیاندن و لەیەکتر فێربوونو بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریمان، نەك شوێنێك بۆ کێبڕکێ و ڕکابەری و شەڕەدەنووكو ململانێی شەخسی. بۆ ئەوەی سایتە کوردییەکانیش وەك دەستەڵاتی کوردیو حزبە باڵادەستەکانی باشووری کوردستان گەندەڵ نەبن.
**تێبینی: ئەم بابەتەم بەتایبەتی لەسەر هیچ سایتێك نییە ، بەڵکو بەگشتی لەسەر هەموویانە، بۆیە لەگەڵ هیچیانم نییەو لەگەڵ هەمووشیانمە.**

hiwanaseh@hotmail.com



## سیامک سەیدییان:

# سێبەرێك لەكاری فەرهەنگیی باشووری كوردستان كەوتۆتە رۆژهەڵاتی كوردستان



**سالانێکی** زۆره بەهۆی كتێبو بەرهەمەكانی هێمنی شاعیر، ناوی چاپەمەنی سەیدییان لای زۆر لەخوێنەرانی كورد ئاشنایە. لە قۆناخێكدا، كە كورد خاوەنی دەزگاو دامەزراوی ئەوتۆی چاپو بڵاوكردنەوەی كتێب نەبوو، چاپەمەنی سەیدیان لەمهاباد، كە هەم كاری كتێب فرۆشیو هەم كاری چاپو بڵاوكردنەوەی كتێب دەكات، توانی زۆر كتێبی بەنرخی كوردی، بەتایبەت بەرهەمی شاعیرانی مهاباد چاپ بكاتو لەشارەكانی كوردستان بڵاویان بكاتەوە. ئێستاش كە تەمەنی ئەو چاپەمەنییە پێ دەنێتە نیوسەدە، (سیامك سەیدییان) بەهەمان گەرموگوڕی باوكی درێژە بەم كارە دەدات.. لەم رووەوە ( كۆوار) لەشاری مهاباد چەند پرسیارێكی رووبەڕووی سیامك كردەوە.

كۆوار

***دەكرێ سەرەتای دامەزراندنی ئەو چاپەمەنیەمان بۆ بگێڕیتەوە؟**

– دەزگای چاپەمەنی(سەیدییان) نزیكەی نیو سەدە زیاترە، لەبواری فەرهەنگی كاردەكات، لەخزمەت خوێنەرو فەرهەنگدۆستاندایە. پێشتر باوكو مامم بەڕێوەبەری ئەم دەزگایە بوون، كە بەهۆی نەخۆشییەك لەدەست چوونو ئێستا من لەخزمەتدام.

*** تا ئێستا دەزگای ئێوە چەند پەرتووكی چاپ كردووەو لە چ بوارێك بوون؟**

_ چاپەمەنی سەیدییان بەو تێكۆشانەی كردوویەتی، نزیكەی (220) ناونیشانی كتێبی بەچاپ گەیاندووە، كە هەریەك لە تیراژی (4000 تا 30000) دابووە.

***زیاتر لە چ بوارێك چاپ كراون؟ زیاتر فەرهەنگی بوون، یان لە بواری ئەدەبەوە؟ ئایا خۆتان لە قەرەی سیاسەتو مێژووی كورد داوە؟**

– زیاتر بابەتە چاپكراوەكانی ئەو چاپەمەنییە ئەدەبی بوونە، دەتوانین بڵێین لەچەند زەمەنێكدا كارمان كردووە، بەڵام زۆربەی ئەو كتێبانەی چاپمانكردوون ئەدەبیین.

***بە حوكمی ئەوەی سەروكارتان لەگەڵ كتێب هەیەو شارەزای رەوشی فەرهەنگی مهابادن، خوێنەری مهاباد زیاتر پێشوازی لە چ پەرتووكێك دەكات؟ یان بە واتایەكی تر ئارەزووی خوێندنەوەی چ بابەتێك دەكات، ئاخۆ لەم ساڵانەی دوایی بەهەمان روحیەتی جاران پێشوازی لەكتێب دەكرێ؟**

– بە شانازییەوە ئەو كەسانەی لەرۆژهەڵاتی كوردستان دەژین، زۆر ئاڵوودەی پەرتووكن، دەرفەتێكی باش لە مهاباددا هەیەو خوێنەری زۆرە، بەئاستێكی باش پێشوازی لە كتێبی تازە دەكرێ، ئەگەر ئەو كتێبانەی بە چاپدەگەن پەیوەندییان بە زەمینەی مێژوویيو پێشینەی ئەو میللەتەوە هەبێت، خوێنەران پتر بۆ لای ئەو دەچن.

خەڵك ئێستا بەباشی كتێبەكان دەبینن و دەناسن، رەنگە پێشتر هەستیان بەوە نەكردبێ، كە پەرتووكێك هەیە یان نا، بەڵام ئێستا هەموو دەناسرێن و زۆر جوانو بەرچاون، خوێنەر هەوڵی ئەوە دەدات كتێب بەدەست بهێنێت. پێم وایە ئاستی پێشوازی كردن لەخوێندنەوەی كتێب زۆر باشتر بووە لەزەمانی پێشوو.

***لە رووی تیراژو ژمارەی كتێبو گۆڤارو رۆژنامەكان ئاستی تیراژ لەرۆژنامەو كتێبەكانی شارەكانی رۆژهەڵاتی كوردستانو ئێران چۆنە؟**

– تیراژی كتێبەكان بە بەراورد لەگەڵ ساڵەكانی پێشوو زۆر زیاترە، چونكە خوێنەر زۆرتر بووە، بەڵام هەوڵو تێكۆشانی ئێمە لەسەر بەرهەمەكانی مامۆستا (هێمن) بوو، یانی زۆرترین تیراژی ئەم چاپەمەنییەی ئێمە لەسەر كتێبەكانی مامۆستا هێمنو وتاری پرۆفیشناڵو پاشەڕۆكو توحفەی موزەفەریەو ئەوانە بوون، دەتوانم بڵێم تەنیا (ناڵەی جودایی) نزیكەی (200000) دوو سەد هەزار دانەی لە خودی مهاباددا بڵاوبۆتەوە. سەرەتا

# چاپەمەنی سەیدییان نزیکەی ( 220 )ناونیشانی کتێبی بەچاپ گەیاندووە، کە تیراژی هەریەکەیان ( 4000 تا 30000 )



بەهۆی نەبوونی سیستەمی چاپ، کە پێشتر لە ئێراق نەبوون، زۆرتر چاپکراوەکانمان بۆ ئێراق ناردوون، لەدوای ئەوەی ئێراق دەستی بەچاپ کرد توانیمان لە ئێران و کوردستان کاری چاپ بەئەنجام بگەیەنین.

***زیاتر ئێوە کارتان لەسەر بەرهەمەکانی هێمن کردووە، یان شاعیرەکانی تریشی گرتۆتەوە؟**

– بەرهەمی هەموو ئەو نووسەرانەی کە پێمان گەیشتوون و داوای هاوکارییان لێکردووین لە خزمەتیان دابوون، بەڵام بەهۆی هەندێ گرفت، کە هاتە پێشمان نەمان توانی نزیکەی شەش ساڵ لەو کارە فەرهەنگییەدا بەردەوام بین، بەڵام دواتر کاری باشمان کردووە و ئێستاش نزیکەی 40 ناونیشان کتێب ئامادەی چاپن.

*** باسی ئەوەت کرد کۆمەڵێ پەرتووک ئامادەی چاپن، ئایا دەکرێ ئاماژەیان بۆ بکەی ناوەڕۆکەکەیان چییە و نووسەرەکانیان کێن؟**

–چەند کتێبێکی مامۆستا هێمن کە بە چاپ نەگەیشتوون، ئەوانە ئامادەی چاپن، یەکێك لەوانە (شازادە گەداکەیەتی) کە لە فارسی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. هەروەها کارمان لە نزیکەی (10) ناونیشانی پەرتووکی منداڵان کردووە، کە پێم وایە شتی زۆر جوانن، جگە لەمەش ئەوانەی تر لە باری رێنووس و شیعرو مێژووی سیاسی کوردن، پەنا بەخوا بەم زوانە بڵاودەکرێنەوە.

*** شاری مهاباد تا چەند بۆتە ناوەندێك بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب و چاپەمەنی بۆ سەرتاسەری رۆژهەڵاتی کوردستان.. ئایە چاپەمەنییەکانی ئێوە، تەنها لە مهاباد فرۆشراون و خوێنەریان هەبووە، یان گەیێندراونەتە شارەکانی دیکەی کوردستانیش؟**

– ئەوەندەی بەبیرمە توانیومانە کتێب بگەیەنینە ئەو شوێنەی کە کوردی لێیە، لە کۆی کیشوەرەکانی جیهان، کتێبی کوردیمان گەیاندۆتە چوار کیشوەر، هەر شوێنێك کوردی لێبێت توانیومانە کتێبی بگەیەنینێ، ئێستاش هەندێ دەزگای نوێ هاتوون و دەستمان ئاوەڵا کراوە، دەتوانین کتێبی جوانتر بەچاپ بگەیەنین و باشتر کتێب بگەیەنینە تەواوی وڵاتەکان.

*** بە حوکمی ئەوەی ئێوە کتێبیش دەفرۆشن، تا چەند بەرهەمی پارچەکانی دیکەی کوردستان و شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لای ئێوە ئامادەیی هەیە و کارتان بۆ دابەشکردنیان کردووە؟**

– ئێمە هەموو هەوڵمان بۆ ئەوە بووە نەك لەرۆژهەڵاتی کوردستانی کتێب بڵاوبکەینەوە، بەڵکو ئەو خوێنەرەی توانای خوێندنەوەی هەیە، کتێبی پێ بگەیەنین، ئێمە ئامادەین ئەگەر لاپەڕەیەکی مەبەست بێت بۆی بنێرین، ئەوەشە وایکردووە کەسایەتییێکی خۆمان بەناوی چالاکی سەیدییان کردۆتەوە، کە لەوەدا تا ماوەیەکی دیکە دەتوانین بەرهەمەکانی خۆمان بەخەڵك بناسێنین و کاری فەرهەنگی بکەین.

***ئاستی بزووتنەوەی چاپەمەنی لەمهابادو دواتریش لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی، بە تایبەت لەبواری رۆژنامەوانی و دەرکردنی کتێب؟**

– بەهۆی ئەوەی کە لەباشووری کوردستان هەوڵ و کۆششی باشتر بۆ ئەم کارە هەیە، بۆیە ئەکرێ بڵێین لێرەش سێبەرێك لەکاری فەرهەنگی ئەوبەر کەوتۆتە شارە جیا جیاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان.

# راهاتن وەك فاكتەرێكی حەلاڵ كردن

## كۆمەڵگەی كوردەواری وەك نموونە

## ( نموونەی بیرەو مەی لەگەڵ ئاوی كانزایی )

لێتوێژینەوەی:
ستار باقی كەریم

( 4-2 )

**شتێكی** بەڵگە نەویستە، كە ئاو سەرچاوەی سەرەكی ژیان و زیندەگیەو بەهەمان پرنسیپیش زۆربەی ئاینەكان و بگرە پێش ئەوانیش فەیلەسوفەكان جەختیان لەسەر پێویستی بوونی ئاو كردۆتەوە، ئەوەتا گەورە فەیلەسوفی یۆنانی "ئەبیكۆر" جەخت لەوە دەكاتەوە، كە پێكهێنەرێكی سەرەكی ژیانی مرۆیی خۆی لە بوونی سێ مادەی سەرەكی "ئاو، ئاگر، خۆڵ"دەبینێتەوە. جا ئەو كاتەی باس لەئاو دەكەین، بێگومان دەبێت‌و پێویستیشە ئاماژە بۆ ئەوە بكەین، كە لە رووی كیمیاییەوە ئاو دابەشی سەر دووجۆری سەرەكی "ساز و ناساز"دەكرێت، كە تیایدا ئەوەی یەكەمیان بە پرۆسەیەكی دوورو درێژی پالأوتن و پاككردنەوەدا دەڕوات، ئەوەش تەنها بۆ ئەوەیە كە ئەم جۆرە ئاوە بشێت بۆ خواردنەوە. دیارە لێرەو لەوێش واتە لەشوێنی پاككردنەوەی ئاوەكانیش جۆرێك و چەندان جۆر پسپۆری ئاو كار دەكەن تاوەكو ئەم ئاوە بشێت بۆ خواردنەوە. جا لەم سۆنگەوە كاتێ لە ئاو دەڕوانین دەبینین پێكهاتەی سەرەكی هەموو ئەو "مەشروبات‌و شلەمەنیانە"یە، كە ئێمە لێرەو لەوێ دەیانخۆینەوە. جا لێرەدا مەبەستی سەرەكی منیش لە بەكارهێنانی ئاو لە ولأتانی ئیسلامییە بەگشتی‌و كۆمەڵگەی كوردەواریە بەتایبەتی،چونكە من بەحوكمی قاڵ بوونەوەم لە كۆمەڵگەی كوردەواری‌و ئیسلامییەوە، ئەوەم بۆ دەركەوتووە كە ئەم كۆمەڵگە موسڵمانانە پتر لەچاو گەلانی تر "ئاو" بەكار دەهێنێت. دەشێ بپرسرێت بۆ؟! كۆمەڵگە موسڵمانەكان رۆژانە رەنگە دەیان و بگرە پتریش لیتر ئاو لەمیانی سەرمۆنیایەكی ئایینی وەكو (نوێژ ،مردوو شۆرین، خۆپاككردنەوەی دوای سێكسی...)خەرج بكەن، بەپێچەوانەی ئایینی مەسیحی كە نە لەدوای پرۆسەی سێكسی‌و نە لەكاتی مردوو شۆرین و هەروەها نە لەكاتی دەست نوێژ هەڵگرتن ئاو بەكار ناهێنن. ئا لێرەوە ئاو دەبێتە ئەڵقەی پەیوەندییەكی وەزیفی نێوان زەوی و مرۆڤ ، چونكە ئەگەر ئەم ئاوە نەبێت، مرۆڤ تا چەند گرێدراوی ئەم خاكە یا ئەم ناوچەیە دەبێت؟! یەكێك لەو پەندە كوردیانەی كە ئەم بۆچوونە، یا پرسیارەی من وەلأم دەداتەوە بریتیە لە "ئاو و ئاوەدانی"، بۆیە بەردەوام لە بازرگانی‌و تەنانەت داگیركاری ولأتان بۆ یەكتریش، جەخت لەسەر بوونی ئاو لەم ولأت یا ئەو ناوچەیە دەكرێتەوە. لەمیدیا جیهانیەكانیش بەردەوام گوێبیستی هەڕەشەی بەكارهێنانی ئاو وەك چەكێك دەبین. جا لێرەوە با لە پەیوەندی ئاو بە كۆمەڵگەی كوردەواری موسڵمان بئاخڤین، ئەم ئایینە لەكاتی ئامادە نەبوون و نەبوونی ئاو، باس لەپرۆسەی "تەیەموم" دەكات، كە ئەوەش پرۆسەی دەست نوێژ هەڵگرتنە بە خۆڵ لە كاتی نەبوونی ئاو، ئەوەش (اضعف الایمان)ە، دیارە لەوەشیان تێبینی نەبوونی ئاو لەم بیابانە چۆڵەی عەرەبستان كراوە. لەحاڵی ئێستاشدا بەردەوام گوێبیستی كەمبوونەوەو بەهەڵم بوونی جەمسەرە بەستەڵەكەكانی باكوور دەكرێت، لە بەرامبەر بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، كە دیارە ئەوەشیان خۆی لەخۆیدا زەنگێكی مەترسیدارە بۆ مرۆڤایەتی بەگشتی، منیش پێم وایە بۆ جیهانی ئیسلامی بەتایبەت، وەك لەمەوبەریش بە كورتی لە هۆكارێكی دوام. لێرەشەوە دەپرسم ئەگەر هاتوو هاوشانی "تەلەفۆن و تەلەفزیۆن و كارەبا .....)حەنەفیەكانی ئاو "پاسوۆردیان"بۆ رێژەیەكی دیاری كراو لە داهاتوودا بخرێتە سەرو لەهەمانكاتیشدا نرخەكەی بەرزبكرێتەوە، ئایا خەڵكی بە هەمان شێوەی ئێستا بۆ هەر دەستنوێژ هەڵگرتنێك چەند بارەی دەكاتەوە، یاخود بەیەك دەستنوێژ هەڵگرتن ئەوانیتریشی پێ رادەپەڕێنێت؟ بۆ نموونە بەتەنها لە شارێكی وەكو هەولێر "226"مزگەوت هەیە، ئایا لەهەر نوێژێكی بەكۆمەڵ چەند لیتر ئاو خەرج دەكرێت‌و لەنوێژی رۆژانی هەینی چەند جار دەبێتەوە؟ ئەوە لە كاتێكیشدا دەبێت بزانین كە یەكێك لە كێشەكانی نەبوونی كارەبا لە كوردستان كەمی رێژەی ئاوە. هەروەها خودی خەڵكی كۆمەڵگەكەمان چۆن رەفتار لەگەڵ ئاو دەكات، دەبێت ئەوەش بزانین كە بەردەوام پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاو پەیوەندییەكی ئیستیهلاكی‌و وەزیفیە. جا لەم سۆنگەوە با سەیری ئەمڕۆی كۆمەڵگەی كوردەواری بكەین ئەوە دەبینین تازە خەڵكی ئێمە خەریكە ئاوی دەرەوەی ماڵ، واتە پالأوتوو بكڕێت و لەشوێنە تایبەتیەكان و گشتیەكان پارەی پێبدات، كە ئەوەش هەنگاوی یەكەمی دانانی ئاستێكە بۆ داهاتووی بەكارهێنانی ئاو، دیارە لەوەشیاندا واتە لە بەكارهێنانی ئەم جۆرە ئاوانە دەركەوتنی زۆر نەخۆشی‌و هەروەها پاكژی ئەم ئاوەیە لە رووی تەندروستی و ئاسان بەكاربردنیەتی لەلایەن هەمووخەڵكەوە، بۆیە من لێرەدا دەپرسم ئەگەر بەیانی ئاو نرخێكی بۆ دانرا، ئایا ئەو كەسانەی ئێستا ئاویان بۆ "خێرات"داناوە، هەمان ئەو كارە دەكەن، چونكە لەدەمی گرانبوونی سەهۆڵ ئەم دیاردەیە زۆر كەم ببوەوەو بگرە هەر نەمابوو، جا لەوكاتە خەڵك ناچار دەبێت پەنا بەرێتە بەر كڕینی ئاوی دڵۆپێنراو، جا بەهەرچەندێك بێت، ئەو بەكارهێنانەش لەلایەن خۆیەوە مرۆڤەكان فێری ئەوە دەكات، كە لەسەر ئەم جۆرو شێوە ئاو خواردنەوەو بەكارهێنانە رابێن و بەكاری بهێنن. بۆیە دەبێت بەلامانەوە ئاسایی بێت ئەگەر هاتوو هاوشێوەی جۆرەكانی بیبسی، خەڵكانێكمان هەبێت چۆن حەز لە



"بیبسی، سەڤن، ڤانتا ،....."بكات و لەوانە بترازێت جۆرێكی تریان بەكار نەهێنێت، ئەوا بەهەمان شێوە پێمان ئاسایی بێت، كە خەڵكانێكی وا دەربكەون، كە بڵێن ئێمە بەتەنها ئاوی دڵۆپێنراوی وەكو "سەفین ،بێخاڵ ،حەیات..."نەبێت ناخۆمەوە.جا لێرەدا ئەگەر هاتوو نرخی ئەم ئاوانەی خواردنەوە بەرز بووەوە، واتە گەیشتە نزیكەی "1000"و سەروتر، لە بەرامبەریشدا نرخی بوتڵێك بیرە كە لە "ئاوو ئاوی جۆ "دروست دەكرێت بێتە سەر "250"دینار، ئایا خەڵكی ئەو كاتە لە رووی داراییەوە كامیان بۆ خواردنەوە هەڵدەبژێرێت، بەومەرجەی ئەگەر لەسەریشی بنووسرێت "حلال بموجب الشریعە الاسلامیە" ،ئەوەش دەبێتە مەرجێك بۆ رەواج پەیداكردنی. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەگەر هاتوو بۆ ماوەی رۆژێك و پتریش ئاوی گەڕەكێك نەهات، ئایا رێژەی خۆشۆردنی دەم پرۆسەی سێكسی و تەنانەت پرۆسەكەش چی بەسەر دێت؟ ئایا دەتوانرێت هەموو نوێژەكان وەك رۆژانی ئاسایی هاتن و بوونی ئاو جێبەجێبكرێت، ئایا رێژەی خۆشۆردن چی بەسەر دێت ... ؟؟؟ئەمانەو چەندان پرسیاری تر، كە ئەوكات دەبێت ئێمە جێبەجێی بكەین، نەوەكو بڕیاری لەسەر بدەین كە دەبێت یا نا ،چونكە ئەوەیان رێگەیەكەو دەبێت ئەم كۆمەڵگەیەش هاوشێوەی ولاتێكی وەكو "توركیا" بەخۆوەی ببینێت، كە نرخی بیرە لەبوتڵێك ئاو هەرزانترە. لێرەشەوە دەتوانین نموونەی "حەمامی شار "بە نموونە بهێنینەوە، كاتێ مرۆڤ دەچێت خۆی بشوات خاوەنەكەی پێیدەڵێت دەتوانیت تەنها كاتژمێرێك لە "حەمامەكە" بمێنیتەوە، ئەوەیان سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە كە دەبێت ئێمەش خۆمانی بۆ ئامادە بكەین. جا ئایا ئەو كات هەڵوێستی پیاوانی ئایینی چی دەبێت ئەگەر رێژەی ئاوی مزگەوتەكان سنوردار بكرێت وەك پێویستی و بۆ ماڵەكانیش نرخی زیاد بكرێت و نرخی بوتڵێك بیرە كەمتر بێت لە نرخی بوتڵێك ئاوی "سەفین ،حەیات ...."؟ گوزەرانی خەڵكیش بەم شێوەیەی ئێستا بێت، بۆیە لەكۆتاییدا ئەوەی پێم باشە روونی بكەمەوە ئەوەیە، كە تەواوی ئایینەكان داوای (سكگوشین – تەقەشوف) دەكەن، بەلاّم ئێمە لێرە بەتایبەت ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەعەینە وەردەگرین. جا كاتێ سەیری شێوەژیانی ئاینی موسڵمانان دەكەین، ئەوە بەدی دەكەین كە هەردەم موسڵمانانی نوێژكار هەوڵدەدەن بەیەك دەستنوێژ هەڵگرتن چەند بانگێك نوێژی پێوەبكەن. بۆیە لەوكاتەدا مرۆڤی موسڵمان قوربانی بە ئەندامەكانی جەستەی دەدات، هەر لە دەستگرتن بە ماسولكەی میزڵدان و كۆم بۆ دەرنەكردنی گاز و میز ...، بێگومان لەكاتی سكگوشین رەنگی مرۆڤەكانیش هەڵدەبزركێنێ و بگرە بێ تاقەتیان دەكات، بەلاّم كاتێ پەنای بردەبەر خۆ ئازاد كردن و شۆردن و دەستنوێژ هەڵگرتن، ئەوە مانای وایە دەبێت پەنا بباتە بەر بەكارهێنانی ئاو، كە ئەوەشیان خۆی لە خۆیدا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەر چەندێتی وچۆنیەتی بەكارهێنانی رێژەی ئاو. هۆیەكی مەبەستەكەی ئێمەش لێرەدا ئەوەیە، كە ئاخۆ ئەو مرۆڤانە ئەو كاتە چیدەكەن، كە نرخی كڕینی ئاو بەرز ببێتەوە؟ چونكە رێژەی بەكاربردنی ئاو لەنێو موسڵمانان پترە، بەكورتی سەرمۆنیاو سرووتە ئاینیەكانی ئیسلام، زۆربەی هەرە زۆریان پشت بە بەكارهێنانی ئاو دەبەستن، تەنانەت لە كۆمەڵگەی كوردەواریش وا باوە، ئەگەر هاتوو ئەندامێكی خێزان سەفەرێكی بۆ دەرەوە كەوتە پێش و رۆیشت، ئەوە دایك یا یەكێك لە ئەندامانی خێزانەكەی هەڵدەستێ بە ڕشتنی ئاو لە شوێن پێی كەسە موسافیرەكەی نێو خێزانەكەیانەوە، كە بە دڵنیایەوەش ئەم دیاردەیەش لەداهاتوو رەواجی نامێنێت، یا زۆر زۆر كەمتر لە چاو ئێستا بەكار دەبرێ.

Starbaqi2@yahoo.com

# جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان

## شارەگی بنیاتنانی دەوڵەتی یاسا



فەرسەت سۆفی*



**دامەزراندنی** دەوڵەتی یاسا، بەرەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویی و فکریی درێژخایەنە، قۆناغەکانی دەربازبوون لە دەسەڵاتی رەهای کەسیی و بیرۆکە تیوقراتیەکان، دەرهاوێشتەی بەهاداری هێنایە کایەوە، لەهەمووشی گرنگتر بنیاتنانی دامەزراوەی یاسایی و لەیەکتر جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردنی حوکم بوون.

جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ( فصل بين السلطات) لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوەو هەریەکە لە(ئەفلاتوون و ئەرستۆو جۆن لۆك) جەختیان لەسەر کردووە، بەڵام بەشێوازی جیا، بۆ نموونە (جۆن لۆك) دەسەڵاتەکانی دابەشکردووە بۆ (یاسادانان، جێبەجێکردن، فیدرالی)، بەڵام ئەوەی وەك پێشەنگی ڕاستەقینەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ناسراوەو توانیویەتی لەم بوارە داهێنان بکات (مۆنتسکیۆ)یە، ئەم دەسەڵاتەکانی دابەشکرد بۆ(یاسادانان وجێبەجێکردن و دادوەری) کە هەریەکەیان سنوورو کارو سەربەخۆیی خۆی هەیەو ناکرێت هیچ کامیان هەیمەنە بکاتە سەرئەوی تر. بەڵام جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەمانای سەربەخۆیی تەواوی هەریەکەیان نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی ئەندامی لەنێوان دامەزراوەکانی دەوڵەت هەیەو دەبێ بۆ بەردەوامی دەوڵەتیش ئەو پەیوەندیە هەر بەردەوام بێت، هەروەك چۆن (پ. لیون دوگی) پێی وایە، کە جیاکردنەوەی تەواوی دەسەڵاتەکان دەبێتە هۆیەکی مەترسیدار بۆ یەکگرتوویی دەوڵەت، بۆیە ئەو وای دەبینێ کە دەبێ باسی لێکجیاکردنەوەی کارو ئەرکەکان (فصل الوظائف) بکرێت، نەك لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، هەر یەکە لە (پ. بیردۆو د.منزرشاوی)ش وای دەبینن، کە دەسەڵاتەکان بەیەکەوە گرێدراون و ناکرێت باس لەجیاکردنەوەی تەواو بکرێت.

### جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەپێی جیاوازی سیستەمی سیاسی

لەگەڵ ئەوەی، کە بیرۆکەی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان چەمکێکی گشتیەو کۆڵەگە بنەڕەتیەکانی بوونەتە پێوەرو ستانداردی گشتی، بەڵام لەناوەڕۆك و جوزئیات جیاوازی هەیە، زۆربەی کاتیش جیاوازیەکان بەپێی جیاوازی سیستەمە سیاسیەکان سەرهەڵئەدەن.

لەسیستەمی پەرلەمانی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەو شێوەیە نییە، کە لەسیستەمی سەرۆکایەتی (رئاسی)دا هەیە، چونکە لەهی یەکەم جیاکردنەوەی تەواو نیەو تەدەخولات لەنێوان دەسەڵاتەکاندا هەیە، بەڵام لەهی دووەم دەسەڵاتەکان تەواو لێکجیا و سەربەخۆن. لەحکومەتی جەمعیە، پەرلەمان هەیمەنەی کردۆتە سەردەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە ئەمەش تەنها لەسویسرا هەیەو لەوانەشە تەنها لەوڵاتێکی دیموکراتی وەك سویسرا سەرکەوتووبێت، ئەگینا ئەم سیستەمە بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ئەنجامی باشی نابێت و پەرلەمان جۆرێك لەباڵادەستی هەیە بەسەر دەسەڵاتەکانی تر.

گومانی تێدانیە، کە لە سیستەمە شمولی و تۆتالیتارەکان جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان وجودی نییە، ئەگەرچی لە دەستورو یاساکانیش نووسرابێت، بەڵام لەمەیدانی پراکتیك هەموو دەسەڵاتەکان بۆ سەرۆك و حزبە دەسەڵاتدارەکان دەگەڕێتەوەو دەسەڵاتەکانی دادوەریی و یاسادانانیش دەکەونە ژێر کاریگەریی و فشاری دەسەڵاتی جێبەجێکردن. باشترین سیستەم بۆ لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان سیستەمی پەرلەمانییە، کە هاوسەنگیەکی گونجاو لەنێوان هەرسێ دەسەڵات هەیەو شێوازێکی دیموکراتەو بۆ کوردستانیش لە بارترین سیستەمە.

### جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بۆچی؟

هەرچەندە کۆمەڵێك بیروڕاهەن، کە لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان رەتدەکەنەوەو پێیان وایە جیاکردنەوە دەبێتە هۆی ئەوەی هەریەکە لەدەسەڵاتەکان، لە بەرپرسیاریەتی ڕابکات و بیخاتە سەرشانی دەسەڵاتەکەی تر، هەروەها پێیان وایە کە دەوڵەت وەك جەستەی مرۆڤ بەیەکەوە گرێدراوەو ناکرێ لێکجیابکرێتەوەو دەڵێن لێکجیاکردنەوەی بەشەکانی دەوڵەت، واتە پارچە پارچەبوونی دەوڵەت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی

هەرزۆری ئاراستەکە بەرەو ئەو لایەنەیە، کە دەبێ دەسەڵاتەکان لەیەکتر جیابن، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە، کە هیچ پەیوەندییەك لەنێوانیاندا نییە، بەڵکو پەیوەندی هەیەو پەیوەندییەکەش بەیاساو دەستوور ڕێك دەخرێت.

گرنگترین لایەن لە کاریگەریەکانی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان مەسەلەی مافی مرۆڤە، هەرکاتێك دەسەڵاتەکان سەربەخۆیی خۆیان بەپێی یاساو دەستوور وەرگرت، ئەوا لەوکاتەش پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ پارێزراو دەبن‌و تاکەکان دەتوانن هەست بەگەرەنتی مافەکانیان بکەن، چونکە کاتێك دەسەڵاتەکان لێکجیاکرانەوە، ئەوا دادگا سەربەخۆیی دەبێت‌و دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکەوێتە ناو کۆمەڵێك کۆت‌و بەندو لەکاتی سەرپێچیش لەبەردەم پەرلەمان ڕووبەڕووی لێپێچینەوە دێت.

مۆنتسکیۆ دەڵێت (کاتێك دەتوانرێت دیموکراتیەت بەرجەستە ببێت، کە هاوڵاتی لەهاوڵاتی نەترسێت، لەهەمان کاتیش هاوڵاتی لەدەسەڵات نەترسێت، ئەوەش تەنها بەجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دێتەدی).



کۆمەڵگای بێ یاساو دەستوور، ون بوونی گەرەنتی ماف‌و ئازادییەکان

کاتێك کە دەسەڵاتەکان جیا نەکرابنەوەو دەسەڵات لەدەستی لایەنێك کۆببێتەوەو هاوڵاتیش بیەوێت سکاڵا لەسەر خودی ئەو دەسەڵاتە پێشکەش بکات، ئەوا لەوکاتە مافەکانی دەکەونە بەردەم بەرپەرچدانەوەو پێشێلکاری.

لە ماددەی(16)ی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤی فەرەنسیدا هاتووە: (هەر کۆمەڵگایەك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی تێدا نەبێت‌و گەرەنتی بۆ ماف‌و ئازادیەکان دانەنابێت، ئەوا بە کۆمەڵگایەکی بێ دەستوور هەژمار دەکرێت). کەواتە دەتوانین بڵێین گرنگترین بەرەنجامەکانی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ئەمانەن:

* زاڵبوون بەسەر ئیستبدادو دابەشبوونی هاوسەنگی لەدەسەڵات.
* پارێزگاری لەماف‌و ئازادیەکانی تاك‌و کۆمەڵگا.
* دابەشبوونی کارو ئەرکەکانی دەوڵەت.
* ڕێزگرتنی یاساکان‌و جێبەجێ بوونیان بەشێوەیەکی تەندروست.
* مانەوەی هەریەکە لەدەسەڵاتەکان لەسنووری خۆیان‌و ڕوونەدانی لادان.

بەڵام دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەبکەین، کە لەدەوڵەتانی دیموکرات‌و دەستووریی، دادگای باڵای دەستووریی ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە بەدواداچوونی ئەو پرەنسیپ‌و بنچینانەی بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دارێژراون.

بەداخەوە تائێستا لەعێراق ئەو دادگایە ڕۆڵی نییە، گەرچی لەماددەی (93)ی دەستووری نوێی عێراق دەسەڵاتەکانی دیاریکراوە، کە کاری سەرەکی دادگای باڵای ئیتحادی لەعێراق، بریتیە لە یەکلاکردنەوەی ئەو ململانێیانەی لەنێوان هەرسێ دەسەڵات ڕوودەدەن، جگە لەو ململانێیانەی لەنێوان دەسەڵاتی مەرکەزو هەرێمەکان بەرپادەبن.

جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بنەمایەکی گرنگی فەلسەفی بووە، بۆ شۆڕشەکانی فەرەنسی‌و ئەمریکی‌و چەکێکی بەهێزیش بووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتە ڕەهاکان، کەواتە کارکردن بەو پرنسیپە بووەتە بنەڕەتێکی حەتمی‌و دەبێ لەدنیای هاوچەرخ کاری پێبکرێت.

*** قوتابی ماستەر لەیاسای نێودەوڵەتی گشتی**


سەرچاوەکان:

1- الاطار القانوني للامن القومي، د. نجدت عقراوي.
2- روحی یاساکان ، مۆنتسکییۆ، وەرگێرانی: ئیدریس شێخ شەرەفی.
3- لێکۆڵینەوەیەکی بلاونەکراوەی (بەشارەت رەزا) سەبارەت بەجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.

# تەنیا عەدالەتی کۆمەلاّیەتی، کێشەکانی ئێمە چارەسەر دەکات

**بۆئەوەی** کاتی خوێنەرانی بەڕێز بەفیڕۆ نەدەمو درێژدادڕیش نەکەم، خۆم لەباسی فەلسەفییانەی پێناسەی عەدالەت دەدزمەوەو یەکسەر پێناسەکە بەم ماناو چەمکە بەناوبانگە دەخەمە روو، کەمەبەستی سەرەکی هەمووومان لەبەکارهێنانیدانە.

واتە کە دەلّێم عەدالەت، مەبەستم هەر ئەو شتەیە کە هەموومان لێی تێدەگەین، دیارە ئەم پەسنەش دیارو ئاشکرایەو کە دەلّێن (عەدالەت)، مەبەستمان بارودۆخێکە کە پەسنی (عادیلانەی) بەسەردا بچەسپێ.

عادیلانەش، چۆنایەتییەکی ئەرێنیە، واتە هەمیشە پەسنی (عادیلانە) باری پۆزەتیڤی هەیە. بۆیەش خۆی لە ڕەهەندێکی ئەخلاقی دەبینێتەوە، چونکە مەبەست لە بەکارهێنانی، زیاتر دەستنیشانکردنی مافە لەپێوەندی لەگەلّ خەلّکیتردا، کەواتە پەسنی عادیلانە ڕەهەندی کۆمەلاّیەتیشی دەبێت.

ئەو مافەی لە پێناسەی پەسنی (عادیلانە) باسی دەکەین، دەکرێت مافی یەکسانی بێت، بەلاّم زۆر لە زانایان رەخنەیان لە پەیڤی یەکسانی گرتووە، چونکە بەهێنانەوەی هەزاران بەلّگە دەکرێ بسەلمێندرێت، کە پەسنی (عادیلانە) لەگەلّ یەکسانی کۆك نییە. بۆ وێنە ناکرێت هەموو تاوانبارەکان بەیەکسانی سزابدرێن، بەلّکو باشتر وایە هەرکەسێك ئەوەندەی کە شیاوە مافی هەبێ و سزا بدرێت. کورد گوتەنی (سمۆرەو منا خۆ).

ئێستا دەتوانین پێناسەیەکی تاڕادەیەك تەواو لە پەسنی (عادیلانە) بخەینەڕوو، واتە:

عادیلانە چۆنایەتییەکی ئەرێنبەهای ئەخلاقی کۆمەلاّیەتییە، کە پێوەندی دوو لایەنەی ئەرك‌و ماف دەگرێتە خۆو پێوەندی بە دابشکردنی شتێکەوە هەیە، کە هەر کەسێك شیاوی ئەوە.

ئەم پێناسەیە، چەند راستییەکمان بۆ ئاشکرا دەکات:

یەکەم: عەدالەت بەشێکە لە ئەخلاق‌و بەهایێکی کۆمەلاّیەتییە.

دووەم: کۆمەلّگا پێویستی پیّ هەیە.

سێیەم: نەبوونی عەدالەت، خۆی لەخۆیدا واتە پێشێلکردنی مافی تاکەکانی کۆمەلّ.

چوارەم: مەرج نییە یەکسانی هەمیشە کردارێکی ئەخلاقی‌و عادیلانە بێت، بە پێچەوانەوە زۆرجار یەکسانی دژی عەدالەتە.

ئایینی ئیسلامیش، بایەخێکی یەکجار زۆری بە عەدالەت داوە و داوای لە پێڕەوانی خۆی کردووە، لە ژیانی رۆژانەیان عەدالەت لەبیر نەکەن.

خەلّکێك لە ئیمامی عەلی پرسیاریان کرد، کە عەدل‌و بەخشیش کامیان باشترە؟ ئیمامی عەلی (د.خ) وەلاّمی دایەوە: عەدل شتەکان لە شوێنی خۆی دادەنێت، بەلاّم بەخشیش کارەکان لە رێڕەوی خۆی لادەدات.. کەواتە عەدل لە بەخشیش باشترە.

بەهەرحالّ، هەرچەندە پێناسەکردنی عەدالەت زۆر ئالّۆزو بەزەحمەتە، بەلاّم هەستپێکردنی زۆر ساکارو ئاسانە، تا ئەو رادەیەی کە مندالّی بچووکیش، ئەگەر بێعەدالەتی هەبێت، هەستی پێدەکات.

باوك لە مالّەوە ئەگەر لەگەلّ مندالّەکانی بە بێعەدالەتی رەفتار بکات، کەس لە مندالّە وردەکانی خۆی زووتر، هەست بە بێعەدالەتییەکە ناکات، کەواتە نەبوونی عەدالەت، نە قابیلی شاردنەوەیە، نە پینەو پەڕۆکردن، هەموو کەسیش زۆر بە ئاسانی هەستی پێدەکات.



سالّح هەرکی

ئەوجا با بێینەوە سەر ئەو باسە، کە گەلۆ عەدالەتی کۆمەلاّیەتی چۆن کێشەکانی ئێمە چارەسەر دەکات؟!

گیروگرفتی چەند مانگی رابردوو، خۆپیشاندانەکان، گرانیی، نەبوونی خزمەتگوزاریی پێویست، بەتایبەتی کارەبا و ئاوو سووتەمەنی، ئەو کێشە سەرەکیانەن کە ئێستا لەناو کۆمەلّگای ئێمەدا، هەموو تاکێکی بەخۆوە خەریك کردووەو بەڕای من ئەگەر چارەسەر نەکرێن، گرفتی گەورەتر بۆ دەسەلاّت دەخولّقێنن‌و پێموایە هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیەش، نەبوونی عەدالەتی کۆمەلاّیەتییە.

بۆ ئەوەی باسەکە زۆر دوورو درێژ نەبێت، من ناچمە ناو هەموو لق‌و پۆپەکانی ئەم باسە. بۆ وێنە رەچاونەکردنی بنەمای کەسی شیاو بۆ پۆستە حزبی‌و حکومییەکان‌و گەندەلّی‌و خزم خزمانیّ‌و.. هتد بەلّکو هەولّدەدەم باسەکە تەنیا لە دوو تەوەردا بخەمە روو:

### 1- کێشەی کارەبا

گرفتی کەمیی‌و نەبوونی کارەبا، ئەوە چەندین سالّە، ژیانی خەلّکی کوردستانی تالّ کردووە. من بەتەواوی لە حکوومەت تێدەگەم کە کۆمەلّێك ئاستەنگ لە بەردەمیاندا بووە، بۆیە نەیانتوانیوە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی، بۆ دابینکردنی وزەی کارەبا بدۆزنەوە.

ئەمەیان راستەو هیچ گومانی تێدا نییە، کە کارەبا چ لە شەڕی ناوخۆ چ ئێستا، لەلایەن دراوسێکانمان‌و تەنانەت حکومەتی ناوەندیش، وەك فاکتەرێکی سیاسی، بۆ گوشار خستنەسەر کیانەکەمان بەکارهاتووەو بەکاردێت. بەلاّم پرسیارەکە لێرەدایە، کە گەلۆ ئەو بڕە کارەبایەی لەبەردەستماندایە بەشێوەیەکی زانستی‌و عادیلانە

تشرینی یەکەم

2006

بەکاردەهێندرێت و دابەش دەکرێت؟

من ماوەیەک پێش ئێستا، چاوپێکەوتنێکی کاربەدەستێکی دائیرەی کارەبام لە تەلەفزیۆن بینی، ئەم برادەرە لەوەڵامی پرسیاری بێژەری تەلەفزیۆن، کە لێی پرسی ئایا کارەبا بە عەدالەت دابەش دەکرێت؟ گوتی بەڵێ. بەڵگەشی بۆ ئەم وتەیە ئەوەبوو کە هەموو ماڵێک کارەبای فوولی هەیە.

جێی داخە کە کاربەدەستێک، بەمجۆرە لە عەدالەت تێبگات.

بەڕای من حکومەت دەبوایە لەم چەند ساڵە، سیستەمێکی ڕێکوپێکی بۆ دابەشکردنی عادیلانەی کارەبا دامەزراندبا، ئەویش بەدانانی کۆنتۆری کارەبا و وەرگرتنی پارە لەهاولاتییان. سیستەمی ئێستا تەنیا لەقازانجی دەوڵەمەندو سەرمایەدارەکانە (ناڵێم مەسئولەکان). لەسیستەمی ئێستا ئەوەی زۆری هەبێت زۆر دەبات و ئەوەی هیچی نەبێت هیچیشی بەرناکەوێت، کەچی لە ئەساسدا عەدالەت وا حوکم دەکات، ئەوەی زۆر دەبات پێویستە پارەیەکی زۆر بدات و ئەوەی کەم دەبات، پارەیەکی کەمی لێ وەربگیرێت.

کامە لەو دەوڵەمەندانەی بەدەیان سپلێتیان لەماڵەوە هەیە، ئەگەر قەراربێت پارەکەی بدەن، ئەوەندە کارەبا سەرف دەکەن؟!!

لەسەرتای شۆڕشی ئێران، حکومەت سیستەمێکی دانا، کە بەڕاستی لەقازانجی هەژار و فەقیران بوو، بەپێی ئەو سیستەمە، هەر ماڵێک تا ئاستێکی دیاریکراو کارەبای سەرفکردبا، لە پارەکە دەبەخشراو لێی وەرنەدەگیرا. بەڵام ئەوەی لەم ئاستە زیاتر سەرفی کردبا، بەشێوەی (تصاعدی) پارەی لێوەردەگیرا. واتە چەند زیاتر کارەبای سەرف کردبا، زیاتر پارەی لێوەردەگیرا. بەمجۆرە هەژار پارەی نەدەدا، چونکە نەسپلێتی هەبوو نەژووری زۆر و نەحەوشەی گەورە، بەڵام دەوڵەمەند کە کارەبای زۆری سەرف دەکرد، دەبوایە پارەیەکی زۆریش بداتە دەوڵەت و ئەم شێوازە هەوڵێک بوو بۆ دروستکردنی عەدالەت لە نێوان هەژار و دەوڵەمەندان.

من پێموایە حکومەتی ئێمە ئەمکارەی پێ دەکرێت و دڵنیام ئەگەر ئەو سیستەمە بخرێتە کار، تەنانەت ئەگەر لە 24 کاتژمێر، یەک کاتژمێریش کارەبا هەبێت خەڵکی ئەوەندە بۆڵە بۆڵ ناکەن، چونکە دەزانن عەدالەتێک هەیەو هەموو خەڵک وەکو یەکن، شتێکیش کە هەموو خەڵک وەکو یەک بگرێتەوە، تەنانەت مردنیش بێت هەر خۆشە.

2- سیستەمی مووچە

لەهیچ وڵاتێکی جیهان هەموو کارمەندانی دەوڵەت وەکو یەک مووچە وەرناگرن، لەهەموو شوێنێک ئاست و پلەی ئیداریی، مووچەی تایبەتی خۆی هەیە. بەرپرس، مووچەی خۆی هەیەو چایچیش مووچەی خۆی.

ئەوەی لە سیستەمی مووچەدا زۆر گرینگە، یەکێکیان شەفافییەت و ئەویتریش عەدالەتە. شەفافییەت بەو مانایەی کە مووچەی پلەکان بەتەواوی دیار بێت و ئەو پارەیەی کارمەند وەری دەگرێت، بۆی دیار بێت کە لەبەرامبەر چییە. واتە مووچەی بنەڕەتی، هاوکاری منداڵ، هاوسەر، پلەی خوێندەواری، چالاکی و .. هتد. لەو پسوولەیە تۆمارکرابێت، کە بڕی مووچەکەی تێدا نووسراوە. سوودی ئەم شێوازە ئەوەیە کە کارمەند هۆی جیاوازی نێوان مووچەی خۆی و هەڤاڵەکەی دەزانێت. بۆ وێنە ئەگەر هاوکارەکەی دوو منداڵی لەو زیاترە، مووچەکەش هەر بە قەد هاوکاریی تایبەت بەدوو منداڵ لە مووچەی ئەو زیاتر بوو، ئەوا کارمەندەکە، ئەم جیاوازییە زۆر بە ئاسایی قبوڵ دەکات و بە ماڤی هاوکارەکەی دەزانێت، بۆیەش گلەیی ناکات.

عەدالەتی سیستەمی مووچە، بەو مانایە دێت کە دوو کارمەند، بە تایبەتمەندی وەکو یەک، پێویستە مووچەشیان وەکو یەک بێت، بەڵام پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە. واتە دوو کارمەندی جیاواز لە تایبەتمەندیی، پێویستە مووچەکەشیان جیاوازبێت.

عەدالەت ڕێگە نادات ئەوەی پلەی خوێندەواری بەرزتری هەیە، وەکو ئەو کەسە حیسابی بۆ بکرێت کە خوێندەواری نزمی هەیە. نابێت ئەوەی ژن و منداڵی هەیە، وەکو ئەوەی کە سەڵتە، یەک مووچە وەربگرن، چونکە ئەمە عەدالەت نییە.

حکومەتی ناوەندی، ماوەیەکە لە جەژنەکان، جەژنانە بەسەر کارمەندەکانی خۆی دابەش دەکات. سیستەمی دابەشکردنی ئەو جەژنانەیە، ئەوپەڕی بێعەدالەتی پێوە دیارە. باشە کەی عەدالەتە، وەزیرێک و نامەبەرێکی وەزارەت، یەک جەژنانەیان هەبێت؟ ڕاستە ئەمە بە زەرەری وەزیرە، بەڵام بێعەدالەتییە.

ماوەیەکە باسی ئەوە هەیە، کە حکومەت خەریکی داڕشتنی بەرنامەیەکە، بۆ ئەوەی مووچەی کارمەندانی پلەکانی خوارەوە، بەرزکاتەوە. دیارە ئەم بەرزکردنەوەیە، ئەگەر بێت و ڕەچاوی جیاوازی پلەکانی سەرووتر نەکات، نەک تەنیا کێشەکان چارەسەر ناکات، بەڵکو گرفتێکی گەورەتر لەناو کارمەندانی پلەبەرز دروستدەکات و هانیان دەدات لە کاری خۆیان دڵسارد ببنەوە. ئەمەش هەوڵی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، لە کاریگەری دەخات.

من پێموایە لە سیستەمی مووچەدا، پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێن:

1-پلە، 2- خزمەت، 3- پلەی خوێندەواری، 4- هاوسەر، 5- منداڵ، 6- زانینی زمانی بێگانە، 7- ئیجازەی لێخوڕین، 8-چالاکی.

هەر گۆڕانکارییەکیش بەسەر مووچەی کارمەنداندا بێت، وا باشترە کە بەڕەچاوکردنی هەموو ئەم خاڵانە جێبەجێ بکرێت، تا هەم عەدالەتی تێدا بێت و هەم بەها بداتە ئەو بابەتانەی کە خاڵەکانی سەرەوە دەیگرنەوە.

گرنگیدان بەپلەی خوێندەواری لەسیستەمی مووچە، مووچەخۆر هاندەدات، هەوڵی خوێندەواری زیاتر بدات. تەرخانکردنی بڕێک پارە بەهاوسەری کارمەند، بێگومان لاوە سەڵتەکان هاندەدات زووتر هاوسەرگیری بکەن و کەموزیادکردنی بڕی پارەی تایبەت بە منداڵ، ژمارەی دانیشتوانی وڵات کۆنتڕۆڵ دەکات.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، ڕەچاوکردنی سیستەمی عادیلانە، خەڵک لە حکومەت ڕازی دەکات و لە ڕێژەی ناڕەزایی دەربڕین کەم دەکاتەوە.

لە بێعەدالەتیدا، چ ئەوانەی زۆریان بەردەکەوێت و چ ئەوانەی هیچیان بەرناکەوێت، هەردوو لا ناڕازین.

بەڵام لە کۆمەڵگایەک کە هەوڵی چەسپاندنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەدرێت، هەموو خەڵک ڕازین، چونکە دەزانن ئەوەندەی کە ماڤی تاکتاکی ئەوان بووەو شیاوی خۆماندووکردنیانە، پێیان دراوە.

کەواتە تەنیا ڕێگەی چارەسەریی کێشەکانی کۆمەڵگای ئێمە، کۆششی بێوچانە، بۆ نزیکبوونەوە لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی.

# بۆ ئەوەی نەبین بە ڕۆبۆت

## با ڕێز لە تایبەتمەندییەكانی ( ئێستا ) بگرین

« ئەگەر بەچاوی رابردووەوە بڕوانینە شتێك، ئەوا وەكو پێویست ئەو شتە نابینین»

سیروس شەمیسا1*



حەسەن مستەفا



**لەم** سەردەمەدا مێژوو بۆتە بابەتێكی ئێجگار سەرنجڕاكێش، بەتایبەت لەو بازاڕەی كە هەڕمێن هەڕمێنی ئایدۆلۆژیای رەسمی و گەڕانەوەیە بۆ جوامێری و مێرخاسی و سوارچاكیی. ئەگەر دیقەتتان گرتبێ لەوانەی كە باس لە رابردووی باوو باپیرانیان دەكەن، چەندە لەهەوڵی ئەوەدان بە بێگەردی باس لە رابردوویان بكەن و هەرچی لەككەو نەنگی هەیە ئەیانەوێ بیشارنەوەو نەچنە سەری. جا ئەمە لەگێڕانەوەیەكی زارەكی بگرە تا دەگاتە لاپەڕە گرنگەكانی ئەمڕۆی بەناو مێژوو، زۆربەی هەرە زۆری لەو فۆڕمەیەدان و زۆربەی جار پێچەوانەكان گوتراون و راستییەكان تەواو شێوێنراون. لە نموویەكی مێژووییدا كە باس دێتە سەر قەرەقۆش ئەوپەڕی حوكمی بێسەروبەری ئەم كابرایە دەخرێتە روو، كە گێلانە حوكمی بەسەر خەڵكیداوە، بەڵام پێچەوانەكەی راستە، چونكە بەدرێژایی فەرمانڕەوایی ئەیبوبیەكان، قەرەقۆش یەكێك بووە لەوانەی لەتەك سەلاحەددین هەمیشە ماوەتەوەو ئەویش (سەلاحەددین)، بەردەوام راوێژی پێكردووەو تەواویش متمانەی پێ هەبووە، چونكە تا بڵێی كەسێكی ژیرو بەسەلیقە بووەو دڵسۆزییەكی زۆریشی هەبووە بۆ ئەو بنەماڵەیە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش كورد بووەو وەك كوردێكیش پاڵپشتی دەسەڵاتی سەلاحەددینی كردووە، رەنگبێ هەر ئەم هۆكارەش (كوردبوون) بووبێتە هۆی ئەوەی كەوا پڕوپاگەندەو كاری نابەجێی خرابێتە پاڵ و تەنانەت بەهەڵە وەك حاكمێكی نایەكسان وەسفكراوە، لە كاتێكا كە خۆی حاكم نەبووە*2 زۆریشن ئەوانەی كەوتوونەتە ناو لاپەڕەكانی مێژوو و بەسەرەوەریی یادیان دەكرێتەوە، بەڵام ئەو رەفتارانەی لێیان باسدەكرێ تەواو پێچەوانەی كردارەكانیان (ئەوانەی كە بە ئیجابی خراونەتە پاڵیان) جولاونەتەوە. كەواتە مێژوو سەرەڕای گرنگی و بەپێزیی و دەرخستنی راستییەكان بۆ نەوەكانی داهاتوو، بەڵام بەدەریش نییە لەكەم و كوڕی، بۆیە ناكرێ مێژوو ببێتە بابەتێكی تەواو پشت پێ بەستراو. ئەوەی گرنگە مرۆڤ لەژیانیدا پێیەوە پابەند بێ دۆخی ئێستایەتی، ئەگەرچی رابردوو تەمەنێكی درێژتری هەیە لەتەمەنی ئێستا لەناو زەمەندا، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە لە رابردوو هەڵبهێنجرێ ئەزموونەكانیەتی، بەواتا رابردوو بەبێ ئەزموون بابەتێكی كرچ و كاڵەو قابیلی خۆ پێوەگرێدان نییە، زۆرجار شكستی مرۆڤ لە خوو دانە رابردوو دەڕسكێ، بەتایبەت ئەوكاتە ئەو وەهمە زاڵ دەبێ بەسەر تاكەكان، كەوا مێژووی رابردوویان تێنەپەڕاندووەو نەیانتوانیوە مێژوویێكی نوێ دروست بكەن.

زۆر كۆمەڵگا هەن نەیانتوانیوە بازێكی گەورە بەرەو پێشەوە هەڵدەن، چونكە لەسەر سەروەرییەكانی رابردووی خۆیان ژیاون و هەمیشە خۆیان پێ بچووكترو بێتواناتر بووە لەئاست ئەوانەی لە جومگە مێژووییەكاندا رۆڵیان بینیوە. هەر بۆ نموونە لە ئێرانی لانكەی مەزەبی شیعەو باشووری عێراقی شیعەنشیندا، ئەو پیاوە كەتەو ڕیشدارانە دەبینی كەوا زۆر بە كوڵەوە بۆ یەكێك دەگرین، كە پێش هەزارو دووسەد ساڵ لەمەوپێش بەناهەق كوژراوە، لەم دیاردەیەوە مرۆڤ تێدەگات كەوا ئەوانە لە رابردوو دەژین، چونكە رابردوو نیشتمانی ئەوانە، لەبەرئەوەی بۆ ئەوان (ئێستا) ناوچەیەكی غەریبەو هەست دەكەن خاوەن هیچ شتێك نین، كە سەر بە ئێستایان بێت، هەموو شتێك ئەگەر بۆ رۆژئاواییەكان سمبوڵی ژیانی هاوچەرخ بێت، بڵاوبوونەوەی ئازادی و فراوانبوونی زادەی فیكر بێ بۆ ئینسان، بۆ ئەوان دەبێتە سمبوڵی بیدعە لەلایەن بێگانەوە*3 بە پێی ئەم لێكدانەوەیە رابردوو وەك زەمەن تێپەڕیوە، بەڵام وەك دەسەڵات هەژموونی ماوەو تێنەپەڕیوە، هەڵەگەورەكەی ئەو لێكدانەوەیەی ئەم كۆمەڵگایانە ئەوەیە، لەباتی دەسەڵاتەكانی پێشوو بخەنەوە ناو سیاقی مێژوویی و هەلومەرجی ئەوكاتی خۆیان و بەپێی حوكمە مێژووییەكانی ئەوكات هەڵیسەنگێنن، ئەوا لەمێژووی ئێستا دەیڕوێنن و واشی لێكدەدەنەوە كەوا تێپەڕكردنیان كارێكی مەحاڵە. بەدیوێكی تردا ژیان لەسەردەمی خۆت و هەڵكردن لەگەڵ ئەقڵ و لۆژێكی رۆژگاری خۆت، كارێكی تەواو سروشتی و تەندروستە، چونكە مرۆڤ ئەتوانێ دەستنیشانی پێداویستیەكانی ئەو سەردەمە بكات كە تیایدا دەژی، بێگومان ژیان ماشێنێكە هەمیشە بەرەو پێشەوە دەڕوات، لەم رێڕۆیشتنەشیدا بارگاوی دەبێ بەزانستی نوێ و مۆدێلی تازە، كە ئەگەر هەر تاكێك نەتوانێ لەم كاروانەدا هەنگاو هەڵێنێ، ئەوا بێشك لەشوێنی خۆی چەق دەگرێ و ژیان بەمجۆرە نابینێ كە هەیە، جا بۆ ئەوەی كۆمەڵگا دانەبڕێ پێویستە

هەمیشە باوەش بۆ گۆڕان بکاتەوە، بێ ئەوەی تایبەتمەندییە گرنگەکانی خۆی، کە بوونەتە بنەمای بوونی جێبهێڵێ، ئەگینا ئەم ماشێنە ئەیشێلێ و ئەنجن ئەنجنی ئەکا.

بۆ مەسەلەی تاکیش، پێم وایە هەر تاکێك ئەتوانێ خالێکی گۆڕان دروست بکات، ئەگەر بەس تەنها هەوڵی ئەوەبدات خۆی لە کۆت و بەندی رابردوو رزگار بکات و بچێتە ناو دۆخێکی پێشکەوتووی تازەوە، بەتایبەت ئەو بوارەی کە خۆی پڕ بەدڵ حەزی لێ ئەکا.

ئەمە زۆر بە زەقی لەهەوڵی رێبەران و پێشەوایانی رێنیسانس بەرجەستە بوو*[4]، رێنیسانس لە مێژووی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی وەك بابەت و شۆڕشێکی رۆشنبیری بەرفراوان و وەچەرخانێکی مەزن لەهەناوی سیستەمی دەربەگایەتی و حوکمی قاسی پیاوانی کەنیسە دەرکەوت و بووە سەرەتای پڕۆسەیەکی کۆمەڵایەتی مەزن و رێگا خۆشکردن بۆ پەرەپێدانی ئابووری و خوێندەواری، کە تێیدا تەواوی ئایندەی کۆمەڵگاکانی رۆژاوای گۆڕی. هەر لەسەر ئەم بابەتە وتەیەکی گرنگی (محەمەد ئەلشێخ/ لە کتێبی روناکبیر و دەسەلات لا62) دێنینەوە کە دەڵێت:"کاتێك لە ئاسۆدا مەیدانی ململانێ گۆڕاوە، ئەوا پێویستە بزانین نەوەیەکی نوێ جلەوی گرتۆتە دەست". بێشك هیچ گۆڕانێك روونادات ئەگەر نەوەی نوێ بەداخوازییە تازەکانی، دەروازەکانی بەردەمی نەکاتەوەو پێداگیری لەسەر مافەکانی نەکات، بەو مەرجەی کەوا بەمافی بنچینەیی خۆی بزانێ، نەك تەنها ئامانج نانەوەی فەوزابێ و گۆڕانێك لەسەر دەستیان دروست ببێ بێ پلان و بەرنامە. لێرەوەیە ئەم نەوەیە دەکەوێتە ناو مێژوو، بەڵام مێژوویێکی نوێ کە توانی رابردوو بگۆڕێ. بەڵام ئەفسووس ئەوەی لەوڵاتی ئێمەو وڵاتانی دەوروبەری ئێمە ،بۆتە تاکە بەرهەمی دەستی نەوەکان، کارکردنە بە پێی (فەزیلەی ئەسڵ وفەسڵ)*[5]. کام پۆستی گرنگ نابینرێ کە ئەم میتۆدە رێکخەری نەبووبێ. کەواتە تا ئێستا لەم ناوچەیەدا مەیدانی ململانێ نەگۆڕاوەو ئەو مەیدانە تاوی نەسەندووە، بۆ ئەوەی نەوەی تازە بەبیرێکی تازەو پاشخانێکی ئازاد، بێت و جلەوی دەسەڵات بگرێتە دەست.

هەر لەسەرینی ئەم باسەدا، ئەو دەسەڵاتانەی لەرابردوودا گیراونەتەبەر، تەنها ئەوەی لێیان تێبینی دەکرێ، گیرسانەوەی کەسەکان بووە بەکورسی حوکم، لەپەنای ئەم دەسەڵاتەش لە تەواوی ئیمتیازە کەسێتییەکان لەوڵاتیاندا بەشی شێریان بردووە، بۆیە دەسەڵات ئەوەندەی خۆی لەهێز بینین و ئیمتیاز وەرگرتن دەبینێتەوە، چارەگێکی لەلایەن رای گشتی خەڵکەوە وەك خزمەت لێکنادرێتەوە، لەبەر ئەم هۆیانەشە دەسەڵات بۆتە بابەتێکی سەرنج راکێش بۆ لەرێ لادانی خەڵك، کە ئەمڕۆ زۆر گەنج لە پێناویدا خەریکن تەواو لەبوونی راستەقینەی خۆیان دووردەکەونەوەو خوو بەو دەسەڵاتە دەدەن، کە ئەوان دەستێکی باڵایان نەبووە لە چەسپاندنیدا.

(ئۆشۆ) شاعیرو زاناو دانای هیندی دەڵێ:"ناوکی بوونی خۆت بدۆزەوە، دەستپێکی ژیانە)*[6] . بەداخەوە زۆری دیکەش لەگەنجانی وڵاتی ئێمە لەجیاتی ئەوەی بێن هەوڵی دۆزینەوەی خۆیان بدەن و ناوکی بوونی خۆیان بدۆزنەوە، بەبابەتی زۆر پووچی رۆژانە خەریکن، کەوا تروسکاییەکی ئومێد نابەخشێ بە ئایندەیان و لەناوکی بوونی خۆیان رادەکەن و خۆیان دەدەنە دەست قەدەرێکی نادیار، کە مەرجەعی بنەڕەتی تێیدا چاوچنۆکی و ئیرەیی و بێموبالاتییە، لەدوا ئەنجامیشیدا خۆ بە بێئومێدی بینینەوەیە لە باوەشی گەرمی ئیمتیازاتدا.

جا هەر کەسێ بیەوێ بەکارێکی لەم چەشنە رابێ، ئەوا لەم دەرگادانە زۆر ئاسانە کە لاوانەیە، لایەنی بەرامبەریش لە ئاسانکارییدابێ بۆی، بۆ ئەوەی بەتەواوی بەسەر توانای گەنجدا زاڵ ببێ و دەنگی ناڕەزایی و گلەییەکانیان بخنکێنێ. ئەو بڕیارەی هەندێ گەنج بۆ ئەو مەبەستە داویانە، بەسەرێکی تر قورسترین کارێکە کە کەسێك پێی هەڵدەستێ، چونکە بێ پێچ و پەنا دەزانن دادەشۆرێن لەهەموو ئەو بەهاو تایبەتمەندییانەی، کە کەسێتی گەنجی پێوە گرێدراوەو ئەو بەهایانە جێگە دەگرنەوە هی خۆیان



هەنگاوەکانی نەوەیەك، کە توانی رابردوو بگۆڕێ

نییە، بەواتا دەستکردە. لێرەوە مرۆڤ دەبێتە ئالەت بەدەست کەسانی ترەوە، ئالەتیش هەموومان ئەزانین لە جوولەیەکی رۆبۆتی و کۆنترۆڵکراو بەولاوە، نەهەست، نەگیان، نەویژدانی لەبەردا نامێنێ.

## سەرچاوەی ئەم بابەتە:

1*– ژیان و شیعری سوهرابی سپهری (عاشق هەمیشە تەنیایە)، وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئازاد بەرزنجی، لا54.

2*– سەلاحەددینی ئەییوبی یان کورد لە میسر/ رۆمانی مێژوویی/ جۆرجی زێدان، لە فارسیەوە، رێباز مستەفا.

3*– سەمەرقەند/ رۆمانی مێژوویی/ ئەمین مەعلوف/ وەرگێڕانی لە فەرەنسیەوە د.ئەحمەد مەلا، لا 283.

4*– رێنیسانس/د.کەمال مەزهەر/ وەرگێڕانی بۆ کوردی فوئاد مەجید میسری.

5*– ئاماژەییەکە بۆ شیعرێکی مەحوی، کە دەڵێ:
(فەزیلەی ئەسڵ و فەسڵ ئینسانی پێ نابێ بە ساحێب فەزڵ....کە تۆ کۆسەی بەتۆ چی مامە ڕیشەی باب و باپیرت)

6*– عەشق سەمای ژیانە/ نووسینی ئۆشۆ.

# كه خۆشەویستی ون دەبێت، دڵڕەقی دەردەكەوێت

نیاز عەلی

**كـوژرانی** كـوڕێكی بـرادەرم، لەلایـەن هاوڕێیەكـەی خۆیـەوە لـەپێناو ئـەو بڕە پارەیـەی لـەگیرفانی بـوو، تـەواو سـەرقاڵی كـردووم. بێئومێـدیو ڕەشـبینییەكی تـەواو دایگرتـووم، لەوەتـەی ئـەوە روون بۆتـەوە، كـە هـاوڕێ هـەرە نزیكەكەی دەستی تاوان و دڵڕەقی چۆتە گیانی ئەو كوڕەی، بەگوتـەی خـۆی هـاوڕێی هـەرە خۆشەویستی منداڵییـەتی. ئـاخر چـۆن دەبێـت ماهیـەتی بڕێـك پـارە جێگـای گرنگـیو بـەهای گیـانو خۆشەویـستیو هـاوڕێتی بگرێتـەوە؟ سـەیرە لـەم رۆژگـارەدا مـرۆ گوێبیـستی چـیڕۆكی تاوانكـاریو بەسـەرهاتی دڵڕەقـی وادەبێـت، كـە هـەموو ماناكـانی ژیـان دەخاتـە بـەردەم هەڕەشـەیەكی ترسـناكو زەنگـی مەترسـی ئـاوابوونی خۆشەویـستی. ئەمـە خەمـەكانی نێـو ئـەو ساتە بـوون، كـە لەگـەڵ هاوڕێیەكمـدا كۆیكردبومـەوەو رێكـەوتی بڵاوبوونـەوەی ئـەو چـیڕۆكە بـوو، كـە هەفتەنامـەی (**زاری كرمانجی**) پرسی كوژرانی كوڕێكو رفاندنی ئۆتۆمبێلەكـەی لەلایەن دوو لەهاوڕێیانی تیادا خستبوە ڕوو.

بۆ بەدواداچوونی زیـاتری ئـەم دیاردەیـە (**رەشـید محەمـەد**) وای دەبینـیٚ، دڵڕەقیو بیٚ بـەزەیی، یەكێكـە لـەو دیاردانـەی بەشێكی زۆری هاووڵاتیـان دووچاری بوونەتـەوە لەزۆربـەی ناوەنـدەكانی كۆمـەڵگا، هـەر لەخێزانـەوە لـەنێوان دایـكو باوكو منداڵەكان، لەقوتابخانەو پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتـابی، لـە فەرمانگـەو ناوەنـدە جۆربـەجۆرەكانی تـری كـاركردن بـەگرووپی هـاوەڵانو برادەرانیشەوە، دڵڕەقـی بـە بـەردەوامی ئامـادەیی هەیـەو بۆتـە بەشـێك لەسـیمای پەیوەندیـەكانی نێوانیـان. ئـەوەتا بـاوك لەپـەروەردەو مامەڵـەكردنی لەگـەڵ منـداڵانی دڵڕەقانـە هەڵـسوكەوت دەكاتو كـەمترین كات شێوازی هەڵسوكەوتو جولانـەوەی باوك، دوور لەدڵڕەقیو بیٚ بەزەییو بەكارهێنانی شكاندنو توندوتیـژی بەرچـاو دەكـەوێت. هۆكـاری سـەرەكی ئـەم دیاردەیـەش بـۆ دڵڕەقـیو كـەمی بـەزەیی خـودی كۆمـەڵگا دەگەڕێتەوە، چونكە كۆمەڵگای ئێمە كۆمەڵگایەكی دڵڕەقەو ئەندامانیشی بەتوندوتیژی راهێناوە.

(**تارا**)ی تەمەن (22)ساڵ، یەكەم كەسێك بوو، لـەنێو پۆلێك كچو كوڕدا ئامادەی پیشاندا، لـەبارەی ئـەم بابەتـەوە بۆمـان بـدوێت. ئـەو وەكـو مامۆسـتایەك كـە تـازە دامـەزراوە، راهێنانی قوتابیانی دوور لـەدڵڕەقی بەیـەكێك لەئەركە هـەرە گرنگـەكانی خـۆی دەزانـی. دڵڕەقیـی بەسـیفەتی بەشـێكی تاكەكانی كۆمەڵگا دادەناو پێـی وابـوو، كە بەڕادەیـەكی زۆر ئافرەتو منداڵ بوونەتە قوربانی ئەم دیاردەیە.

(**تارا**) بەباوەڕێكی زۆرەوە جەختی لەسـەر ئـەوە دەكـرد، كـە رەگەزی میٚ زەرەرمەندی یەكەمی ئـەم دۆخـە پڕ لـەدڵڕەقیو بـیٚ بەزەییەیـە، چـونكە لەكۆمـەڵگای كوردیـدا كولتـورێكی نێرسـالار بـاوە، ئەمـەش وای كـردووە نێـر خـاوەنی دەسـەڵاتێكی زۆردارانـە بێـت. هەمیشەو بـەردەوام رەگـەزی میٚ لەبەرامبـەر هەڵەیـەكی بچووك، روبەڕووی دڵڕەقیـەكانی خێـزانو كۆمـەڵگا دەبنـەوە. كوشتنی كچان لەلایـەن بـاوكو براكانیـان، بـە بەهانـەی شـەڕەفو بـوونی پەیوەنـدی خۆشەویـستی گـەورەترین دڵڕەقـیو ئاسـتێكی بـەرزی بـیٚ بەزەییـە. هـەموو هۆكارەكـەش دەگەڕێتـەوە بۆ ئەو كولتورە پیاوسـالاریەی هـەم دەسـەڵاتو هـەم دڵڕەقـی، بـە رەگـەزی نێرو كۆمەڵگا بەخشیوە.

(**تـارا**) دەیویـست بـەردەوام بێـت لەقـسەكردن، بـەڵام (**شـەونم**)ی هـاوڕێی، هەرچـەند لەسەرەتادا نەیدەویست بۆمـان بـدوێت، هاتـە قـسەو گـوتی: (**تـارا**) راسـت دەكـات ئێمـەی رەگـەزی مـیٚ بـە بـەردەوامی رووبەڕووی دڵڕەقیـەكانی پیـاو دەبینـەوە، ئـەو بـەرووێكی سـوورهەڵگەڕاو، وەك ئـەوەی بیـەوێت نهێنییـەكی گـەورەی ژیانی خۆیمان بۆ باس بكات، یـاخود لـەبارەی بابـەتێكی قەدەغـەكراو بـدوێت، بـەردەوام بـوو لەقسەكردن و دەیگـوت: هەمیشە كچان لـەژێر فـشاری دابونـەریت و تێڕوانینـی



فشاری دابو نەریت دڵڕەقی بەرهەمدێنێت



پەنا بردن بۆ چەک، کوشتنی زمانی دیالۆگ و بەها جوانەکان

کۆمەڵایەتی دواکەوتوو، دووچاری توندوتیژی کۆمەڵگا و دڵڕەقی باوک و برا دەبنەوە، تەنانەت ناتوانن لەهەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیان بەشداری بکەن و پەیوەندی لەگەڵ کوڕان دابنێن، چونکە هەر کاتێك ئەم پەیوەندییە ئاشکرابوو، ئەوا ڕووبەڕووی دڵڕەقی باوك و براکانیان دەبنەوە. کەچی (ڕێزان)ی تەمەن (21) ساڵە تێگەیشتنێکی جیاوازتری هەبوو سەبارەت بە دڵڕەقی. ئەو پێی وابوو، کە دڵڕەقی تەنها پەیوەست نیە بەرەگەزی نێر، بەڵکو دیاردەیەکە لەنێو توێژی ئافرەتانیش بوونی هەیە و ئافرەتانیش بەدەست ئەم گرفتەوە دەناڵێنن و ئەنجامی دەدەن، ئەم دیاردەیە بۆتە سیفەتی کەسێتی بەشێك لەئەندامانی کۆمەڵگا بە بێ جیاوازی ڕەگەزی. نەمان و بزربوونی بەها مرۆیی و کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان لەکۆمەڵگای کوردستانیدا، گرنگترین هۆکارەکانی بەربڵاوی دڵڕەقین. بەگشتی دیاردەی دوورکەوتنەوە لەبەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان، ونبوونی ئەو ئامرازانەی، کە بەشێوەیەکی ڕۆحی تاکەکانی بەیەکەوە دەبەستنەوە، گرنگترین ئەو هۆکارانەن، کە وای کردووە، خەڵکی لەپێناو گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانیان و هەر کاتێك بخوازێ بەوپەڕی دڵڕەقی ڕەفتار بکەن.

(ڕێباز و هێرش) دوای ئەوەی تەواو گوێبیستی هاوەڵانیان بوون، تێڕوانینی تریان لەم بارەیەوە هەبوو. (ڕێباز) وای دەبینی، کە دڵڕەقی دیاردەیەکی فراوانترە لەوەی تایبەت بێت بەپیاوان. دڵڕەقی و بێ بەزەیی لەکاتی ئێستاماندا بۆتە سیفەتێکی دانەبڕاوی ئەوانەی بەشێوەیەکی سەقەت و بەبێ لەبەرچاوگرتنی بنەما زانستی و ئەخلاقیەکان پەروەردەکراون و دوور لەگیانی لێبوردن و خۆشەویستی ڕاهێنراون. کۆمەڵگا لە دەرەنجامی ئەو گۆڕانکاری و گرفتانەی دووچاری بۆتەوە، گیانی لێبوردەیی و خۆشەویستی تیادا لاواز بووە، کە هەر ئەمەشە وایکردووە مرۆڤەکان دڵڕەق و بێ بەزەیی بن لە بەرامبەر یەکتر، سەرەڕای ئەوەی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەی کۆمەڵگا تیایدا گوزەر دەکات، بۆتە هۆی دروستبوون و سەرهەڵدانی چەندین گرووپ و دەستە، کە تەنها کاریان تیرۆر و تۆقاندن و جولانەوەیە بە توندترین و دڵڕەقترین شێوە. بێگومان ئەمەش وایکردووە دڵڕەقی و بێبەزەیی وەکو شتێکی ئاسایی بێتە بەرچاو. (هێرش) ئەو کورەی بە شێوازێکی هێمن و لەسەرخۆ قسەی دەکرد و هەوڵیدەدا زانستیانەتر لەبارەی ئەم بابەتەوە بدوێت، هۆکارەکانی بوونی دڵڕەقی و کەم بەزەیی بۆ کۆمەڵێك فاکتەری تری درێژخایەن دەگەڕاندەوە و پێی وابوو کولتووری فراوانی توندوتیژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بوونی دەسەڵاتێکی داگیرکار و چەوسێنەر لەکوردستاندا بۆ ماوەیەکی زەمەنی دوورودرێژ، هەڵگیرسانی چەندین شەڕو ئاژاوە و تەنانەت شەڕی ناوخۆ و ململانێ توندوتیژەکانی دوای ئازادی کوردستانیش، هۆکاری هەرە گەورە و کاریگەرن، لە دەرکەوتنی دڵڕەقی و بێ بەزەیی. ئەم جۆرە هۆکارانە دواجار بوونەتە هۆی هاتنەکایە و ڕەنگرێژی کولتورێك لەنێوماندا، کە پڕیەتی لە سیفاتی وەکو دڵڕەقی و بەزەیی بەیەکتر نەهاتن و نەبوونی ویژدان و کەمی گیانی لێبوردن، جگە لەوەی بەهۆی بەربڵاوی و خراپ بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و زۆری فلم و پرۆگرامی توندوتیژی، چەندین نەریتی سلبی و نامۆ بەمرۆڤایەتی گواستراونەتەوە و لەلای زۆرێك لەخەڵکی پەیڕەوییان لێدەکرێت. لەگەڵ ئەوەش خراپی باری ئابووری و زۆری پێداویستیەکان و نەبوونی توانای پڕکردنەوەیان لەلای هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، وای کردووە لەهەندێك حاڵەتدا، پەنا ببرێتە بەر ڕێگا و شێوازی توندوتیژ و دڵڕەق، لەپێناو پڕکردنەوەی ئەم پێداویستیانە و گەیشتن بە پارە و سامان.

مامۆستا (توانا)ی تەمەن (30) ساڵەش لەم بارەیەوە دەڵێت" هۆکاری دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە و نەبوونی بەزەیی و جولانەوەو ڕەفتاری دڵڕەق و توندوتیژ، دوور لە لەبەرچاوگرتنی بەها ئەخلاقی و مرۆییەکان، ڕەچاونەکردنی سنوورو بەهای پەیوەندی مرۆیی و هاوڕێیەتی، دەگەڕێتەوە بۆ کەمی سۆز و خۆشەویستی. ئەو وای بۆ دەچێت کە نەبوون و کەمی سۆزو خۆشەویستی بۆتە هۆی دروستبوونی کەلێنێکی گەورەی ڕۆحیی، لەکۆمەڵگای کوردیدا و سەرەنجام ململانێ و کێبڕکێ و حەزی بەدەستهێنانی پارە و سەروەت و سامان، بەڕێگایەکی ناتەندروست بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەم بارە کۆمەڵایەتیەش ڕاستەوخۆ بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵسوکەوتی دڵڕەق و دیاردەی بەکارهێنانی توندوتیژی و تاوان، لەنێوان برادەران و هاوەڵان و هاوکارانی کار، بەوەشەوە نەوەستاوە و چۆتە نێو نێوەندە ڕۆشنبیری و حکومی و مەدەنیەکانیش. بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی لەم جۆرەش بەڵگەی لەقەیران بوونی خۆشەویستی و دیاردەگەلێکی سلبی ئەوتۆن، کە دواجار بوونەتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگای کوردستانی ڕووبەڕووی نەهامەتی و کێشەی گەورە بێتەوە و دڵنیایی و بوونی باوەڕ لەنێو هاوڵاتیان نەهێڵێت.

تشرینی یەکەم

2006

# کاروان بەڕێوەیەو.. جوانەگاکانیش نووستوون



**بۆتان تەحسین**

**لە** ژمارە2ی زاری کرمانجی بەسەرهاتی دروستکردنی تۆپێك لە گوندی بێدیال بلاوبۆتەوە، ئەو تۆپە لەسالانی چلی سەدەی رابردوو لەلایەن هاولاتییەکی ئاشووری ئەو گوندە، لەقەدی دارەبەنێك دروستکراوە، گوللەتۆپی یەکەمیان پێ هاوێشتووەو مەودایەکی کەمی بڕیوە، بۆ جاری دووەم حەشووی زیاتریان بەکارهێناوە تا دوورتر بڕوات، بەلام لەگەل تەقاندنی گوللەتۆپی دووەم، بنکەی تۆپەکەش دەڕوات و لێك هەلدەوەشێ، بەسەرهاتی ئەو تۆپە رەنگ بێ بۆ گەلێك لایەنی دیکەی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیی کورد نمونەیەکی بەرجەستەکراو بێت، کە لە زۆر بوارەوە بەهۆی زیاد بەکارهێنانی حەشوو دەستمایەش لەدەست چووبێ.

خەریکە ئەو دیاردەیە لەنێو ژیانی فەرهەنگیی کوردستانیش سەر هەلدەدات، ئازادی رادەبڕین لەسەر رێچکەی تەندروست و ئاسایی خۆی وەلادەنرێت، گوناهی ئەو لەڕێ لادانەش لەلایەن خەلکێکی سوودمەندو ملەستوربوو بەم هەلومەرجەی ئەمڕۆ دەخرێتە پال ئەو دەنگ و قەلەمانەی گلۆپی شەستی لەبەرامبەر گەنجینە دزراوەکان دادەگیرسێنن و پەنجەی شایەتمان بۆ راستی و دیوەگەندلبووەکان رادەکێشن، بەبێ وەستان و قوولبوونەوە لەهۆکارەکانی پشت پەردەی ئەو توندوتیژییە، فەلەکەدین کاکەیی لەدیمانەیەکی هەفتەنامەی ئاوێنەدا راشکاوانە هۆکاری ئەو زبرنووسینە بۆ نەخوێندنەوەو چاوپۆشیی کاربەدەستە نەخوێندەوارو سیاسەتکارانی کورد دەگەڕێنێتەوە، کە بەهیچ شێوەیەك ئەو بابەتانەی بەزمانێکی میانڕۆو نەرم دەنووسرێن ناخوێننەوە، هەر بۆیە رۆشنبیران هانا بۆ ئەو شێوازە دەبەن، بە نووسینەکانیان مووچڕك بەلەشی خوێنەران دادێنن.

وەلامەکەی وەزیری رۆشنبیری پەردەلادانە لەسەر ئەو راستیە تالەی، کە بواری خوێندنەوەو کتێب و رۆژنامە لەلای چینی دەستەبژێری سیاسیی کورد تێی کەوتووە، تەنها وەك لایەنێکی جوانکاری و دیکۆری مال رەچاو دەکرێ، نەك بۆ دەولەمەندکردنی مەعریفەتی زات و گەڕان بەدوای پرسیارە بێ وەلامەکان، لە پیشانگاکانی کتێبدا ئەوان ریز بۆ بەدەرزەن بردنەوەی ناونیشانی جوان و دەگمەنەکان دەبەستن، بەلام گەورە بەرپرسێك لەوەلامی چەند پرسیارێکی پەیوەست بەژیانی تایبەتی خۆی دەلێ: "**زۆرم حەز لەخوێندنەوەی کتێب و رۆژنامەو گۆڤارە، بەلام بەداخەوە بەهۆی سەرقالیم ئەو کاتە پێویستەم نییە**"، کتێب فرۆشێك باسی ئەو کلاوەی دەکرد، کە لەسەری چەند بەرپرسێکی ناوە، گوایە هەر کتێبێك کە دەردەچێ دووجار بۆ ئەو بەرپرسانەی ناردووە، کەچی تا ئێستا هەستیان پێ نەکردووە، ئەمەش بەلگەیەکە، کە نەك ناوەڕۆك بەلکو ناونیشانی ئەو کتێبانەش ناخوێننەوە. ئاساییە کەسێکی بازرگان، یان کرێکار یان جوتیارێك، سەلیقەو سەوادی خوێندنەوەی نەبێ، بەلام کارەساتە کەسێکی نێو سیاسەت بێاگاو لەگوێی گادا خەوتبێت.

هەر کەم و کورییەك لەشێوازی دەربڕینی بیروڕاو پێشنیارو سکالا، بۆ خەمساردی و خۆدزینەوەی کاربەدەست و راوێژکارو دەمڕاستانیان دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو بابەتانەی کە بەهەناسەیەکی هێمن و لەسەرخۆ دەخرێنە روو، ئەگەر رەخنەو بابەتە ساتیر ئامێزەکان هەرچەند حەشوویان زۆر بێ، هێشتا لەبەرامبەر ئەو بێ حەشوویەی وەلامنەدانەوە باشترو کاریگەرترە.

لەوەلامنەدانەوەش بەدکارتر، تاوانبارکردنی ئەو قەلەمانەیە بە ئەلقە لەگوێ و ئەنارکیست، کار گەیشتۆتە ئەو ئاستەی هەموو دەنگ هەلبڕینێك لەبەرامبەر دیاردەیەکی گەندەلبوو بە سەگوەڕین لەقەلەم بدرێ و لەسەر شاشەی کەنالێکی ئاسمانی بەبێ سلکردنەوەو تێفکرین لەناوەڕۆکی قسەکردنەکە بگوترێ: کاروان بەڕێوەیەو سەگاکانیش هەر دەوەڕن".

پۆلین کردنی رەخنەو سکالاو ساتیرو تەنز، لەڕیزی سەگوەڕین بەتەنها وەلامدانەوەی حالەتێکی تایبەت نیە بۆ نووسینێکی دیاریکراو، بەلکو سووکایەتی پێکردنی تەواوی ئەو دەنگە دلێرو بوێرانەیە، کە دەیانەوێ باری لاسەنگبووی ولات راست بکەنەوە، ئاماژەیەکی زۆر زەقە کە هەندێ قەلەمکێشی بەرژەوەندپەرست تا ئێستاش گرەو لەسەر دوورخستنەوەی مەودای نێوان دەسەلات و خەلك دەکەن، عەبدوللا پەشێو گوتەنی: خەلك دەخەنە دۆلێك و دەسەلات دەخەنە دۆلێکی دیکە، هەر ئەوانن وا دەکەن نووسینەکان بەزمانانێکی زبر بنووسرێن، جا هەر چەندی ئەو نووسینانەش بخرێنە خانەی سەگوەڕین، هێشتا ئەو سەگوەڕینە باشترە لەو جوانەگایە نووستوەی، کە لە تێر گیا خواردنەوە، وەبەر هیچ کاروانێك راناگات.

# نەمردن-نەژین، لە مەرەجوج!

**بەپێی** پیلانێکی شووم، کە تەنیا لە کوندەبەبۆکانی بەعس دەوەشایەوە، دوای ساڵی 1975، خەڵکی دەڤەری بارزان ئەویش لەدوای چەند وێستگەیەکی پڕ لەچەرمەسەری، کە لەڕێگایاندا بە هێلکەو تەماتەو شت تێگرتنی ((برا عارەبەکان)) پێشوازی دەکران. گواسترانەوە بۆ باشووری عێراقی یەکگرتوو!، بە تایبەتیش دیوانیەو ناوچەیەك بەناوی (مەرەجوج).. کەسوکاری ئەنفال کراوەکان بەشێوەیەکی زۆر تراژیدیانە دەگێڕنەوە، کە لەسەر دیوارو شوێنە جیاجیاکانی مەرەجوج نووسرابوو: ((نەمردن– نەژین!)). چ بەهۆی ئەم نووسراوە، چ بەهۆی شوێنەکە کە دیمەنەکانی زۆرتر لەفیلمی ترس دەچوو، جیا لەلایەنی شەڕی دەروونی، کە لەگەڵ خەڵکەکە دەکرا، خۆی لەخۆیدا ئەم شوێنە بێ ئاوو جەهەننەم ئاسایە، رەوشێکی وای خوڵقاندبوو، کە نەڤ کراوەکان نەدەیانتوانی ژیانی تێدا بەسەر بەرن و نەبەتەواوەتیش دەمردن!...

– دوای سیناریۆ ئەکشن و پڕ لەتوندوتیژییەکەی ئەشکەنجەگای مەرەجوج، کە بەهۆیەوە زۆر منداڵ و گەنج و بەساڵاچووی تیادا شەهید کران، خەڵکەکە گواسترانەوە کۆمەڵگە زۆرەملێکانی داهێنراوی شۆڤێنیزمی عەرەب لە (قوشتەپەو هەریرو بەحرکەو..تاد)، تاکو زەمینە خۆش بکرێت بۆ جێبەجێکردنی بەشێکی دیکەی سیناریۆ هۆڤانەکەیان، کە ئەنفالی بارزانییەکان بوو لەساڵی 1983دا، دواتریش بەبەردێك دوو نیشانە بپێکن: ((لە لایەك، لەروانگەی چەوتی رژێم جینۆسایدی هۆزی بارزان بکرێت، کە کانگایەکی بەهێزی راپەڕینە حەقخوازەکان بوو، وەك سمبولێکی لێهاتبوو بۆ خەڵکی کوردستان، لە ئاستی هەموو پارچەکانی کوردستاندا، لەلای دیکەشەوە، بەم کردەوە، خەڵکی کوردستان چاوترسێن بکرێن.))

–لە 2006/10/4، کاتێك... لەگەڵ چەند سینەماکارێك سەردانی دەڤەری بارزانمان کرد، تووشی گرووپێکی پزیشکی بووین، کە چەند پسپۆرێکی چاویان لەگەڵدا بوو، لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدو ئەنفالکراوەکان و دەزگای روناهی بۆ دەڤەرەکە نێردرابوون، تاکو دوای پشکنینی تایبەتی کەسوکاری ئەنفال کراوەکان، دواتر چارەسەری نەخۆشییەکانی چاویان بۆ بکرێت، ئەم هەنگاوەش وەکو دەستپێکێکی باش دەژمێردرێت، ئەگەر هاتوو ئەم پشکنینانە ئەنجامیشی لێبکەوێتەوە!!. لە ژمارە (7)ی (کۆوار)یش هێمام بۆ ئەوە کردبوو، کە بە دروشم و قسەی هیچ، لەخەم و ئازاری کەسوکاری ئەنفال کراوەکان کەم ناکرێتەوە، بەڵکو کاری پراکتیکی دەتوانێت ببێتە زاخاو بۆیان.. با هەنگاوەکان توندوتۆڵتر بکەین!!.



فەرزین کەریم